# ژیانی

# هەڵکەوتەکانی

## ئیسلام بۆ منداڵان

نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّٰە

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ژیانی هەڵکەوتەکانی ئیسلام بۆ منداڵان

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: پەروەردەیی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# ثيَشكةشة:

❖ بةوةى لة دلَةوة بة كولَ نزايةك دةكات بؤ باوكى كؤضكردووم ودايكي ئازيزم.

❖ بة هةموو مندالَيَكى ئةم سةر زةوية.

❖ بة هةموو مامؤستايةك كة سةرقالَة بة ثةروةردةو ثيَطةياندنى مندالآن.

❖ بة شيَرزادى براى بضوك وئازيزمء سايةى كضي نازدارم.

❖ بة هةر كةسيَك لة ذياندا رةزامةندى خواى نيازة.

❖ بةوانةى شانازى دةكةن بة موسلَمان بوونيان و لةسةر ريَبازى راست هةنطاو دةنيَن.

## پێشەکی

سوپاس و ستایش تەنها و تەنها بۆ خوای گەورە، خوایە سوپاس بۆ تۆ تا رازی دەبیت، سوپاس بۆ تۆ کە رازی دەبیت، سوپاس بۆ تۆ پاش رازي بوونت، هەموو سوپاس و ستایشيَ بۆ تۆ خودایە بەو جۆرەی شیاوی گەورەیي و تەنهایي خۆتە.

صەلات و سەلامی خوا لە پێغەمبەری خوا، کۆتا نێردراوو سەرمۆري پێغەمبەران و دڵسۆزء خۆشەویستی یەکەمی هەر باوەڕداريَ، خوا لەسەر

ئيَمة و لةبري ئيَمة ئاداشتى بداتةوة كة ئةيامى خواى بة حةق و بة تةواوةتى طةياند.

صةلات و سةلامى خوا لة ئالوبةيتي ثيَغةمبةرى خوا كة خواى طةورة لة قورئانةكةيدا وةسفي كردون، صةلات وسةلامى خوا لة هاوةلآنى ثيَغةمبةرى خوا كة خوا لةوان رازي بوو و ئةوانيش لة خوا رازى بوون، ض رةزامةنديةك طةورةتر لة رةزامةندى خوا.

ئـةم نووسـينةى بةردةسـتتان، هـةولَيَكى سـةرةتايية هـةتا بتـوانين لـة ذيـانى ثيَغةمبـةرةوة (γ) تـا ئـةمرِؤ برِيَ نموونـةى كةسـة طـةورةو خواناسـةكان بخةينـة بةردةستي مندالَـة ئازيزةكانمـان تـا بتـوانن ثيَشـةنطييان ثيَـوة بكـةن و دريَـذة بـةو ريَبـازة بدةن، بـةرطي يةكـةمى تايبـةت كـراوة بـة ذيـانى ثيَغةمبـةر(γ) و ضـةند جـاريَ ضـاث كـراوة، بةرطي دووةميشـي تايبـةت بوو بـة خةليفـةكانى ثيَغةمبـةر (γ)، بـةرطي سيَهةميشـي تايبـةت بـوو بـة هـاوةلآن كـة ذيـانى ئـانزة هـاوةلَي لةخؤدةطرت، بةرطي ضوارةميشي تايبةت بوو بة هةلَكةوتةكانى ئيسلام و تيايدا ذيانى يانزة هةلَكةوتةى ناو ميَذووي ئيسلامى باسكرابوو، هةريةك لةوانـةش دوو جار ضاث كران، بـةلآم بـة ثيَويستمان زانـى ئـةم بةرهةمـة دةولَةمةندتر بكـةين، بؤية بةم ضةشنة طؤرِانكاريمان تيَدا كرد:

بةرطي يةكةممان تايبةت بة ذيانى ثيَغةمبةر (γ) هيَشتةوة.

بـةرطي دووةممان لةطةلَ ذيانى هاوةلآنى تر يةكخست و تيايدا جطة لـة ثيَنج خةليفةكة، ذيانى ئانزة هاوةلَيشمان داناوة.

بـةرطي سيَهةم دريَذةثيَـدةري ذيـانى هاوةلآنـة و تيايـدا ذيـانى ضـل و ثيَـنج هـاوةلَي تـري تيَدايـة، واتـة بـة خةليفةكانيشـةوة ذيـانى شةسـت و ثيَـنج هـاوةلَ باسكراوة.

بةرطي ضوارةممان تايبةت كرد بـة هةلَكةوتـةكانى ئيسـلام و لـة بـري يـانزة كةسايةتى، ذيانى سي هةلَكةوتةى ناو ميَذووي ئيسلاميمان باسكردووة.

وا سوثاس بؤ خواى طةورة ئيَستاش ذمارةى كؤتايي زنجيرةكةمان تةواو كرد بة ناونيشانى (ذيانى هةلَكةوتةكانى ئيسلام بؤ مندالآن) تا هةم

مندالآنمان لةسةر ذيانى ثرِ خيَري ئةو زاناء سةركردانة ثةروةردة بكةين، هةم ثيَيان بلَيين نموونةى بالآى ئيسلامةتى لة قؤناغى ثيَغةمبةر(σ) و هاوةلآنيدا قةتيس نةماوة، بةلَكو وا مشتيَ نموونة بؤ خةرواري ضواردة سةدةى ميَذووى ئيسلام كة هةزاران زاناو سةركردة لةسةر ئةو مةنهةجةى هاوةلآن بوونء توانيويانة وةك ضراش ئةو رووناكية بة دةورى خؤياندا بلآو بكةنةوة.

هةولَمان داوة لةم نووسينةدا ذيانى سي زانا و سةركردة بهيَنين لةسةر بنةماى جياوازى رةطةزيء ناوضةييان بةلآم يةكدةنطى هةموويان لةسةر مةنهةجى ئةهلى سوننةتن تا نةوةكانمان بزانن هةموو ئوممةتانى موسلَمان زانايانى ريَ راستيان تيَدا بووة كة خزمةتى طةورةيان ثيَشكةش كردووة، بؤ نموونة باسي ئيبن مةندةمان هيَناوة كة فارسة، عومةرى كورِي عةبدولعةزيزمان هيَناوة كة عةرةبة، ئيبن تةيمية و صةلاحةدينمان هيَناون كة كوردن، موحةممةدى فاتيحمان هيَناوة كة توركة، يووسفي كورِي تاشفينمان هيَناوة كة بةربةرية(صنهاجى)، ئةمةش ويَنةي جوانى ئةو برايةتية ئيمانيةية كة قورئانى ثيرؤز ئاماذةى ثيَكردووة.

لة خواى طةورة داواكارين بةهةشتى بةرين بكاتة شويَنى ئةو زاناء سةكردانةو نموونةو هاوشيَوةكانيانء لة تاوانيان خؤش بيَت، ئةم كارةش ثاك و ثوخت لةبةر خؤي بيَتء بة دووري بطريَت لة هةر نيازيَكى تر، ئةم بةرهةمةو بةرهةمةكانى تري زنجيرةكةش بكاتة خيَر و رووناكيةك بؤ مندالآنى موسلَمان و كاريطةرى بؤ نةوةى نويَ.

إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت و ما توفيقي إلا بالله عليه توكلت و إليه أنيب.

نهاد جلال حبيب الله

سليَمانى

## ئیمامی مالیك

لەناو شارە شیرینەكەی پێغەمبەری خوادا(σ) زانایانێكی زۆر دەركەوتن، چونكە ئەو شارە شاری هاوەڵانی ئازیز بوو، هەم نشتیوانان و هەم كۆچەرانیش لەوێ بوون، زانایانێك دەركەوتن كە لەخزمەت هاوەڵان یان خوێندكارانی هاوەڵاندا زانستیان وەرطرتبوو، بۆیە زانستەكەیان زۆر راست وبێطومان بوو، یەكێك لەو زانا طەورەو بەرِێزانە ئیمامی مالیك بوو رەحمەتی خوای لێبێت، ئەو ئیمامەی كە ماوەیەكی كەم دوای ذیانی پێغەمبەری خوا(σ) دەركەوت، تەنیا نزیكەی هەشتاساڵ تێثەرِ ببوو بەسەر كۆضي دوایي پێغەمبەری خوادا(σ) كە ئەم زانا طەورەیە لەدایك بوو.

ناوی باوكی ئیمامی مالیك ئەنەس بوو، دایكیشي ناوی عالیة بووە، دایك وباوكی كەسانی زۆر باوەرِدار و ضاك بوون، خوای طەورە مالیكي بەخشي بەو دوو هاوسەرە كە دواتر بوو بەزانایەكی زۆر طەورەو ناسراوی جیهانی ئیسلامی كە تا ئەمرِۆش بەشێكی زۆري موسوڵمانان لەسەر مەزهەبەكەی ئەون.

لە ساڵي 93 كۆضي ئیمامی مالیك لە مەدینة لەدایك بوو، واتە لەو شارەی كە تیایدا بۆ یەكەم جار پێغەمبەر (σ) دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند و تیایدا مایەوە تا لەوێ كۆضي دوایي كرد، ئیتر ئەو شارە ناسراوە بەشارەكەی پێغەمبەری خوا(σ).

هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە ئیمامی مالیك دەستي كرد بەوەرطرتنی زانست و دەضووە خزمەت مامۆستایان و شارەزایان و زانستی شەرعی

وەردەطرت و لەثێناو بەدەستهێنانی زانستدا نەیدەزانی ماندوو بوون ضیە، ئیتر قورئانی ثیرۆزی لەبەرکرد و فەرموودەیەکی زۆري ثێغەمبەری خوای(ﷺ) لەبەرکرد وەك ضۆن دەبینین دواتر کتێبي تایبەت بەفەرموودەی نووسي بە ناوی(الموطأ) کە هەرضي زانای دواتر هەبوون ئەو کتێبەیان لەبەردەکرد.

بنەماڵەکەی ثێشتوا مالیك هەموویان سەرقاڵ بوون بەزانستی فەرموودەو لەبەرکردنی فەرمودەکانی ثێغەمبەری خوداوە(ﷺ)، بۆ نموونە مامی کە ناسرابوو بە (ئەبو سوهەیل) زانایەکی دیاری بواری فەرموودە بوو، هەروەها (نەزر)ی برای سەرقاڵي زانست بوو، هەردەم لەطەڵ زانایاندا بوو، دایکي مالیکیش زۆر هاندەری مالیك بوو بۆ ئەوەی بطات بەو ئاستە بەرزە.

ئیمامی مالیك لەشێوەدا کەسێکی زۆر قۆزو کەشخە بووە، هێندە جوان بووە کە جوانیەکەی لای خەڵك ناسراو بووە، روخسارێکی سثي و بالآیەکی ثرِو بەرز و موویەکی جوان، ئیتر جوانی ئیمامی مالیك لەناو خەڵکدا شایەنی باس کردن بووە.

ثاش ئەوەی تەمەنی مالیك کەمێك طەورە بوو خێرا ثووري هات بۆ لای و وتی ئیتر کاتی ئەوە نییە دابنیشیت بەڵکو برِۆ فەرموودە بنووسەرەوە، ضونکە کاتی ئەوە بوو بەتەواوەتی تاو بداتە وەرطرتنی زانست نەك دابنیشێت و بە تەمبەڵي ذیان بباتە سەر.

یەکێك لەمامۆستاکانی ئیمامی مالیك ناوی (ئیبن هورموز) بوو، جاری وا هەبوو کە ئیمامی مالیك دەضوو بۆ ماڵي مامۆستاکەی تا زانستی لێوەربطرێت هەر لەبەیانیەوە دەضوو بۆ ماڵیان و لەلای زانستی وەردەطرت تا ئەو کاتەی دەبوو بە شەو دونیا تەواو تاریك دەبوو ئینجا دەطەرِایەوە بۆ ماڵەوە.

مامۆستایەکی تري ئیمامی مالیك ئیمام (جەعفەری صادق) بوو کە لەبنەماڵەی ئێغەمبەر(ﷺ) بوو، مالیك ضەند فەرموودەیەکی لەم مامۆستایەوە طێڕاوەتەوە، هەروەها دەیان مامۆستای تري هەبوو کە فەرموودەی لەوان وەردەطرت و لە کتێبەکەیدا تۆماری کردوون، دەتوانیت داوا بکەیت لە کەسێکی شارەزا وەك باوکت یان مامۆستایەکت تا کتێبەکەی ئیمامی مالیکت ثیشان بدات کە ئەو فەرموودانەی تیادا نووسیوەتەوە کە لەمامۆستاکانیەوە بیستوویەتی و تۆماری کردوون.

ئیتر لەماوەیەکی کەمدا ئیمامی مالیك بوو بەزانایەکی طەورە و دادەنیشت تا فەتوا بدات بۆ خەڵك، هێشتا تەمەنی نەطەیشتبووە بیست و یەك ساڵ کە فەتوای دەدا بۆ خەڵکی و کێشەی خەڵکی ضارەسەر دەکرد و وەڵامی ثرسیاری خەڵکی دەدایەوە، هاوکات زۆربەی ئەو ثرسیارانەی لێی دەکرا خێرا وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵکو دەوەستا تا ثرسي دەکرد بەدەیان زانای طەورەی ناو مەدینە لەترسي ئەوەی نەك لەخۆیەوە وەڵامێك بداتەوەو وەڵامەکەی راست نەبێت، ئیتر جاری وا هەبوو بۆ وەڵامی ثرسیار و فەتوایەك رای حەفتا زانای طەورەی وەردەطرت، بە مەرجێك ئەوکاتە تەمەنی ئیمامی مالیك ضل ساڵ بوو، واتە ئەو کات زانستێکی زۆري ثێ بوو نەك لەبەر ئەوەی نەیزانیێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بەرای زانایان وەڵامی دروستتر ببەخشێت بە موسوڵمانان. دەبێت ئێمەش فێر بین هەرضیي ثرسیارێك کرا یەکسەر وەڵام نەدەینەوە بەڵکو تۆزێك بیری لێبکەینەوەو بە وریاییەوە وەڵام بدەینەوە تا قسەیەك نەکەین کە زیانی بۆ کەسانی تر تێدابێت.

ئیمامی مالیك بۆ هەموو وانەوتنەوە یان نووسینەوەیەکی فەرموودەیەك یان خوێندنەوەی کتێبێك دەستنوێژي دەطرت و بەبێ دەستنوێژ نەدەضووە بواری زانستەوە، تەنانەت کاتێك دادەنیشت تا وەڵامی ثرسیاری خەڵك

بداتەوە دەست نویَذي دەطرت، ئەوەش لەبەر ريَزى ئەو ثيَشەواية بوو بۆ زانست، هەروەها جيَطير بوونى لەخواترسان بوو لە دلَ و دەروونيدا.

ئەم ثيَشەوا بەرِيَزة زۆر هەولَي دەدا خۆي بثاريَزيَت لەنيازى خراث و روثامايي، بەلَكو هەولَي دەدا زۆر نياز ثاكى بەكاربهيَنيَت لە كارەكانيدا، ضونكة دەيزانى هەر كاريَك ثاك و ثوخت لەبەر خواى طەورة نەبيَت ئەوا خواى طەورة ليَي وەرناطريَت.

ئيمامىماليك خويَندكاريَكى زۆري هەبوو كە ذمارەيان دەطەيشتة نزيكەى 1400 خويَندكار، يەكيَك لەو خويَندكارانەى ئيمامى (شافيعي) بوو كة لەخزمەتيدا فەرموودەى وەردەطرت و هەموو كتيَبەكەى ئيمامى ماليكي لەبەركرد بوو، ئيمامى ماليكيش ئامۆذطارى ئيمامى شافيعي كرد كة خۆي بثاريَزيَت لەتاوان ضونكة تاوان رووناكى دلَ ناهيَلَيَت و دەيكات بە تاريكي.

دواجار وادەى ذيانى ئيمامى ماليك تەواو بوو، ئەوەبوو لە مانطى رەبيعولئەوەلى سالَي 179 كۆضيدا لەتەمەنى هەشتاو شەش سالَيدا كۆضي دوايي كردو سەركردەى موسولَمانان لەمەدينة نويَذي لەسەر تەرمەكەى كرد، بەشيَكى زۆري خەلَكى ناو مەدينة بەشدار بوون لە مەراسيمي بەخاك سثاردنيدا.

## ثەندو وانة

زۆر ثيَويستة ئيَمەش وەك ئيمامى ماليكء ئيمامەكانى تر هەولَ بدەين فەرموودەكانى ثيَغەمبەرى خوا(σ) لەبەر بكەين ضونكة ثيَغەمبەر(σ) هەرضي فەرموودەيەكى فەرمووة خواى طەورة خستوويەتية دلَييەوەو قسەكەى راست و دلَنياية، هەر بۆية هەرضي فەرموودەيەك هەية بە دلَنياييەوة راستەو خواى طەورة ثيَي رازية.

ئیویستە لەخۆمانەوە وەڵامی هەموو ثرسیاریَك نەدەینەوە، بەڵکو زۆر هەڵەیە لە خۆمانەوە وەڵام بدەینەوە ضونکە خەڵَك تووشي هەڵَە دەکەین بەڵکو دەبیَت ثرسیار بکەین لە زانایانی شارەزا تا وەڵامی راست وەربطرین ئینجا وەڵامی کەسانی تر بدەینەوە، دەبینین ئیمامی مالیك بەو هەموو زانستەوە راویَذي کردووە بە زانایانی تر ئینجا فەتواى داوە، بۆیە ئەوە ئیشي هەموو کەسیَك نیية فەتوا بدات و وەڵامی هەموو ثرسیاریَك بداتەوە.

دەبیَت هەر کاریَکمان کرد ثاك و ثوخت بیَت و تەنیا لەبەر خوداى طەورە بیَت، ضونکە هەر کاریَك نیازی تري تیَکەڵَ بیَت خوداى طەورە وەري ناطریَت، هەر بۆیە ئیمامی مالیك هەوڵیدەدا نیازی زۆر ثاك بیَت بۆ خوداى طەورە.

## ثرسیارەکان

1.بنەماڵەي ئیمامی مالیك بە ضي ناسرابوون؟
2.ئیمامی مالیك لەکويَ لەدایك بوو و لەکويَ کۆضي دوایي کرد؟
3.ذیانی منداڵَي ئیمامی مالیك باس بکە.
4.ئیمامی مالیك ضي ئامۆذطاریەکی ثیَشکەش کرد بە ئیمامی شافیعی؟
5.ناوی کتیَبەکەی ئیمامی مالیك ضیە؟ تیایدا ضي نووسراوە؟
6.کاتیَك ثرسیار دەکرا لەئیمامی مالیك ضۆن وەڵامی دەدایەوە؟
7.دەتوانیت ئەم ذیانەی ئەم زانایە باس بکەیت بۆ هاورِییەکت؟

8. ناوی دوو خوێندکاری ئیمامی مالیك بنووسە.

9. بەضي شتێکی ذیانی ئیمامی مالیك سەرسام بوویت؟

## ئیمامی شافیعي

لە سەرزەمیني ثان و بەریندا خاکێك هەبوو کە لانەی ثێغەمبەران بوو، طۆرِي زۆربەی ثێغەمبەران لەویَ بوو، یەکێك لە خۆشەویستترین مزطەوتەکانی موسوڵمانانی تێدابوو کە ئەویش مزطەوتی ئەقصا بوو، بەڵێَ ئەو خاکە فەلَەستینە.

لەم خاکە خۆشەویستەدا کە قودسي تێدایەو ئێستا جوولەکەکان داطیریان کردووە، لەشارێکی جوانیدا زانایەکی طەورە لەدایك بوو کە ئەویش ئیمامی (شافیعي)یە.

ئیمامی (شافیعي) ناوی موحەممەدە، باوکیشي ناوی ئیدریسە، دایکیشي ناوی فاتیمە بوو، ئەم زانا خۆشەویستە عەرەبە وەك ضۆن لەنەتەوەکانی تري موسوڵماندا زانا دەرکەوت وەك (ئیبن مەندە) کە فارس بوو، (ئیبن تەیمیة) کە کورد بوو، یەکێك لەزاناکانی عەرەبیش ئیمامی (شافیعي) بوو، کاتێك دەڵێَن مەزهەبي شافیعي مەبەستیان بە شوێنکەوتنی راو بۆضونەکانی ئەم زانایەیە کە لەروانطەی ئیسلامەوە باسي کردوون.

شافیعي لە ساڵي 150 كۆضي لە غەززة لەدايك بوو، لە تەمەنی دوو ساڵيدا بوو كە دايكي بردوويەتی بۆ مەككە، ئيتر لەويَ طەورة بوو، ثاشان لەتەمەنی حەوت ساڵييدا هەموو قورئانی ثيرۆزی لەبەركردووة، كە تەمەنی طەيشتووەتە دە ساڵ كتيَبي (الموطأ)ی لەبەر كرد، كە ئيمامی ماليك نووسيويەتی، ئيتر بەردەوام سەرقاڵ بوو بە وانة خويَندن و زانست وەرطرتنەوة تا هيَندة زانستي ثەيدا كرد، كە بطاتة ئەو ئاستەی ثيَش ئەوەی تەمەنی بطاتة بيست ساڵ مۆڵەتی ثيَبدريَت فەتوا بدات.

هەروەها ئيمامی شافيعي ضوو بۆ شاری مەدينة تا لەويَ لەلای ئيمامی ماليك زانست وەربطريَت، ثاش ئەوەش هەر لەثيَناو وەرطرتنی زانستدا رووي كردووةتە يەمەن، لەويَ ئيش وكاريشی دەكرد، دوای ئەوەش لەتەمەنی 34 ساڵيدا ئيمامی شافيعي ديَت بۆ بەغداد كە ئەو كات ثايتەختی دەوڵەتی ئيسلامی بوو و خەليفەی موسوڵمانان لەبەغداد بوو، دوای ئەوەش جاريَكی تر طەڕايەوة بۆ مەككەو نزيكەی نۆ ساڵ لەويَ مايەوة، لەو ماوەيەشدا خزمەتی طەورەی ثيَشكەش بەخەڵك دەكرد، لە ناو مزطەوتی كەعبەدا وانەی دەوتەوة بەموسوڵمانان، كيَشەی خەڵكی ضارەسەر دەكرد و سەرقاڵي كاروباری موسوڵمانان دەبوو.

جاريَكی تر ئيمامی شافيعي برياريدا بضيَت بۆ بەغداد، ئەوەبوو لەساڵي 195 كۆضييدا جاريَكی تر ضوو بۆ بەغداد، ثاش ئەوەی لەویَ ماوەيەك مايەوەو خزمەتی موسوڵمانانی كرد بەو زانستة زۆرەی هەيبوو، وانەی بەخويَندكاران دەوتەوة، يەكيَك لە خويَندكارەكانی بريتي بوو لە ئيمامی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل، هەروەها بۆ ضارەسەري كيَشەی موسوڵمانان دەضوو بۆ لای خەليفة و كيَشەكانی دەطەياند، بەلاَم خۆي هەرطيز رازی نەبوو ثۆست و دەسەلاَت وەربطريَت، ئينجا بڕياري دا بضيَت بۆ ميصر، ئەوەبوو لەساڵي 199 كۆضيدا واتة دوای ضوار ساڵ مانەوة لەبەغداد ضوو بۆ ميصر و لەويَ دەستی كرد بەوانة وتنەوەو بلاَوكردنەوەی زانست لەناو خەڵكيدا، هەر لەویَ مايەوة تا ئەوەی لەدوای ثيَنج ساڵ مانەوة لەساڵي

204 کۆضي لەميصر وةفاتی کرد، هةر لةويَش تةرمةکةی بةخاك سثێردرا.

ئيمامی شافيعي لة مةککة زۆر بة هةذاری دةذيا، ذياني ثڕ لةنارِةحةتی و برسيَتی و نةبوونی بوو، بەلاَم ئةوةی نةدةکرد بةطرفت بۆ ذيانی، بةلَکو بيري لای ئةوة بوو بةردةوام بةدوای زانستدا بطةرِيَت، ذيانی زۆربةی زاناياني ئيسلاميش وابووة کة بةهةذاريی ذيانيان بةسةر بردووة و زۆر طرنطييان بةماڵ‌ء سامانی دونيايي نةداوة ضونکة زانيويانة ذيانی دونيا کاتييةو باشتر واية لةبری خۆشي دونيايي سةرقاڵبن بة زانستةوة.

ئيمامی شافيعي دةضووية خزمةت مامۆستايان و فةرموودةی وةردةطرت ليَيان و لةبةری دةکرد، ئينجا ئةو فةرموودانةی دةنووسييةوة، ئةمةش نيشانةی ئةوثةرِي تامةزرۆيي شافيعي بووة بۆ زانستی فةرموودة.

شافيعي بۆ ئةوةی زمانی ثاراوی عةرةبي وةربطريَت ماوةيةك مةککةی جيَهيَشتووة و ضووة بۆ لاديَکانی ئةو ناوضةية، ضونکة لةويَ بةجوانی زمانی عةرةبي وةردةطرت، لةويَ بةشيَکی زۆر شيعری بلاَوی ناو هۆزةکانی لةبةر کرد.

کاتيَك ئيمامی شافيعي هةواڵي ئيمامی ماليکي بيست لةمةدينة برِياری دا بضيَت بۆ لای تا لةخزمةتيدا زانست وةربطريَت، ئةو کات تةمةنی 14 ساڵ بوو، ئيتر بةرِيَکةوت و لةو ماوةيةشدا قورئانی ثيرۆزی دةخويَندو تا طةيشتووةتة مةدينة شانزة جار هةموو قورئانی ثيرۆزی خويَندووةتةوة.

کاتيَك ئيمامی شافيعي طةيشتووةتة مةدينة ضووة بۆ مزطةوتی ثيَغةمبةر(ﷺ) و لةويَ نويَذي کردووة، ئينجا ئيمامی ماليکي بينيوة لای طۆرِي ثيَغةمبةردا(ﷺ) کةفةرموودةی دةطيَرِايةوة، ئينجا ضووة بۆ لای ئيمامی ماليك، ئةويش ثيَي وتووة لةخوا بترسةو خۆت دوور بطرة لة تاوان ضونکة تۆ کةسيَکی طةورة دةردةضيت، خوا رووناکييةکی خستووةتة ناو

دڵتەوە تۆیش وریابە بەتاوان ئەو ڕووناکییە نەکوژێنیتەوە، ئیتر ئیمامی شافیعي لەخزمەت ئیمامی مالیکدا دادەنیشت و وانەی دەخوێند.

ئیمامی شافیعي لەکاتی قورئان خوێندندا دەنطی زۆر خۆش بوو، هەمووان کە لە دەوری دەبوون سەرسام دەبوون بەو دەنطە خۆشەي، تەنانەت ئیمامی مالیك کە مامۆستای بوو سەرسام ببوو بەدەنطی خۆشي شافیعي لەکاتی قورئان خوێندندا.

جارجارە ئیمامی شافیعي دەطەڕایەوە بۆ لای دایکي بۆ مەککەو سەردانی دەکرد و دواتر دەطەڕایەوە بۆ لای ئیمامی مالیك، هەروەها جارجار دەضوو بۆ شوێنانی تر و دەطەڕایەوە بۆ لای مامۆستاکەی تا ئەوەی لە ساڵي 179 کۆضییدا مامۆستاکەی کە ئیمامی مالیك بوو کۆضي دوایي کرد، دوای ماوەیەك دەسەڵاتداری موسوڵمانان لە یەمەن هات بۆ مەککە، ئەوەبوو ئیمامی شافیعي بڕیاریدا لەطەڵیدا بضێت بۆ یەمەن، هەم بۆ ئەوەی ماوەیەك لەوێ ئیش بکات، هەم بۆ ئەوەی زانست وەربطرێت و زانستیش ببەخشێت، بۆیە ضوو بۆ یەمەن و لەوێ ماوەیەك بوو بە بەرثرسي ناوضەي نەجران.

بەڵام لەوێ دەسەڵاتدارێکی خراث هەبوو کە بەردەوام ثیلانی لە دژي ئیمامی شافیعي دەطێڕا.

ثرسیار بۆضي ئەو دەسەڵاتدارە واي دەکرد؟

وەڵام: ضونکە ئەو دەسەڵاتدارە ستەمکار بوو، ستەمی لەخەڵك دەکرد، ئیمامی شافیعیش هەموو جار ئامۆژطاری دەکرد و بێداری دەکردەوە لەوەی ستەم حەرامەو جاری وایش هەبوو لێي توڕە دەبوو، کاتێك دەیزانی هەر لەسەر ستەم بەردەوامە.

بۆیە ئەو دەسەڵاتدارە کەوتە ثیلان دانان بۆ ئیمامی شافیعي تا دواجار خەلیفەی موسوڵمانانی واتێطەیاند کەئیمامی شافیعي دژي خەلیفەی موسوڵمانانە، خەلیفەش داوای کرد ئیمامی شافیعي بهێنن بۆ بەغداد، کاتێك

شافيعي ضوو بؤ لاى خةليفة بةبةلَطة ثيَي سةلماند كة بيَتاوانة، يةكيَك لة دادوةر و زانا طةورةكانيش شايةتييدا بؤ ئيمامى شافيعي، ئيتر باش بوو ئيمامى شافيعي ئازيَزراو خواى طةورة رزطارى كرد و ثيلانةكةى ئةو دةستةلآتدارة ستةمكارة سةرى نةطرت.

ئيتر ئيمامى شافيعي نةطةرِايةوة بؤ يةمةن، بةلَكو هةر لةبةغداد مايةوةو كةوتة وةرطرتنى زانستى زياتر، لةطةلَ ئةوةشدا وانةى دةوتةوةو ضةندين خويَندكارى ثيَطةياند كة ئةوانة زؤريَكيان بوون بةكةسي طةورةو هةلَكةوتةى ناو موسولَمانان.

دواى ئةوة ئيمامى شافيعي طةرِايةوة بؤ مةككةو لةمزطةوتى كةعبةى ثيرؤز دةستى كردةوة بة وانةوتنةوة ، لةويَ موسولَمانانيَكى زؤر لة وانةكانيدا ئامادة دةبوون، جطة لةوةى ئةوانةي دةضوون بؤ حةج، دةضوونة خزمةتى و زانستيان ليَوةردةطرت، ئةوةش هؤكاريَكى طةورة بوو تا ئةو ئيمامة طةورةيةي ئيسلام زانستي خؤي ببةخشيَت بة بةشيَكى زؤري موسولَمانان.

دواجار ئيمامى شافيعي لةمانطى رةجةبي سالَي 204 كؤضي و لة تةمةنى ثةنجاو ضوار سالَيدا كؤضي دوايي كرد، مردنةكةشي لةشةوي هةينيدا بوو، بؤ بةيانى كة رؤذ بوويةوة تةرمةكةى نويَذي لةسةر كرا و خةلَكيَكي زؤر و بيَشومار ئامادة بوون و خراية ناو طؤرِ.

ئيمامى شافيعي لةمانطى رةمةزاندا زؤر زياتر خؤي يةكلا دةكردةوة بؤ ثةرستشي خواى طةورة و زياد لة هةموان قورئانى دةخويَند، ئيتر لة شةوو رؤذيَكدا خةتميَكى قورئانى ثيرؤزى دةكرد.

ئيمامى شافيعى دواى خؤي ضوار مندالَي بةجيَهيَشت كة ئةوانيش (ئةبوو عوسمان و فاتيمة و ئةبوو حةسةن و زةينةب) بوون.

ثةندو وانة

قودس خاکی موسوڵمانانەء یەکەم جاریش قیبلەی موسوڵمانان قودس بووە، بۆیە ئەو خاکە یەکێکە لەخۆشەویستترین ناوضەکانی سەر زەوی، لەسەردەمانی ثێشوودا لەلایەن سەرکردەی موسوڵمانان (سەلاحەدینی ئەییووبي)یەوە کە سەرکردەیەکی کورد بوو قودس رزطار کرا، بەلآم ماوەیەکی زۆرە جوولەکەکان ئەو ناوضەیان داطیر کردووەو ئێمەش وەك موسوڵمان دەبێت لەبیرمان بێت کە هەر دەبێت رۆذێك بێت ئەو شوێنە رزطار بکەین و بیطێڕینەوە بۆ ذێر دەستی موسوڵمانان.

نابێت هەرطیز وا بیر بکەینەوە بلَێین ئێمە منداڵین و ناتوانین زانستی زۆر وەربطرین و نابین بە زانا، بەڵکو وەك دەبینین زۆربەی زانایانی ئیسلام هەر بە منداڵي زانستی زۆریان وەرطرتووە، بۆیە ئێمەش ئەطەر ثشت ببەستین بەخوای طەورە دەتوانین ئێمەش زانستێکی زۆر وەربطرین و ببینە کەسي وا کە زانستي زۆرمان ثێبێت.

ذیانی زۆربەی زانایانی ئیسلام ثڕ بووە لەنارەحەتی و هەذاری و ئەوان بەتەبوونی ماددی ذیاون، بەلآم هەموویان بەوە رازی بوونء شوکری خوایان کردووە، ضونکە ماددەو سامانی دونیا بۆ ماوەیەکی کاتیية، هەموو ئەوانەی کاتی زوو ثارەو سامانیان هەبوو سامانەکەیان نەماو لەناوضوون، بەلآم ئەوانەی زانا بوون تا ئەمڕۆش زانستەکەیان ماوەو موسوڵمانان رەحمەتیان بۆ دەنێرن و نزای خێریان بۆ دەکەن.

هەمیشە طومانی خێرمان هەبێت بەو رووداوانەی دێنە ریَطەمان، ضونکە خوای طەورە زۆر جار کارو رووداوێك دێنێتە رێطەمان کە لەوانەیە خۆمان ثێمان خۆش نەبێت، بەلآم لەبنەرەتدا ئەوە ضاکترین شتە بۆمان، وەك دەبینین کاتێك ئیمامی شافیعي لە یەمەنەوە بانط کرا بۆ بەغداد تا دەسەلآتی لێوەربطیرێتوە، بەلآم ئەو رووداوە بوو بەخێر تا بەیەك جارەکی تاو بداتە بواری زانستء لایەنەکانی تر ثشتطوێ بخات، بەوەش بوو بەو زانا طەورەیەي کە تا ئەمڕۆش هەموومان قەرزاری هەوڵء زانستی ئەوین.

مردن ديَتة ريَي هةموو كةس و نابيَت هةرطيز مردنمان لةبير بضيَت، بةلَكو دةبيَت ئةوة بةدةرفةت وةربطرين تا لةذياندا ماوين خزمةتى ضاك بكةين و خيَر وضاكة كؤبكةينةوة بؤ رؤذي دواييمان، ضونكة كةسي ذير ئةوةية ضاكة ثيَش خؤي بخات بؤ رؤذي دوايي تا لةرؤذي دواييدا خواى طةورة بةهةشتى ثيَ ببةخشيَت.

## ثرسيارةكان

1- ئيمامى شافيعي ناوى ضي بوو؟ لة كويَ لةدايك بوو؟

2- ئايا دةزانيت ئيمامى شافيعي لة تةمةنى مندالَيدا ضي كرد؟

3- بؤضي ئيمامى شافيعي ضوو بؤ يةمةن؟

4- ثةيوةندى نيَوان ئيمامى ماليك و ئيمامى شافيعي ضؤن بوو؟ باسي بكة.

5- خةليفةى موسولَمانان بؤضي ئيمامى شافيعي بانط كرد بؤ بةغداد؟

6- ئايا سالَي مردنى ئيمامى شافيعي دةزانيت؟

7- بةضي شتيَكى ئيمامى شافيعي سةرسام بويت؟

## عومةری کورِي عةبدولعةزیز

ئةم باسةي لیَرةدا دةیخةینة روو باسي ذیان و بةسةرهاتی یةکیَك لةطةورة هةڵکةوتةکانی ئیسلامة کة هةم لةلایةکةوة زانایةکی طةورة بووةء هةم خةلیفةء سةرکردةی موسولَمانان بووة، ئةوةش طةورةییةکی زؤرة کةخوای طةورة لةیةك کاتدا ئةو دوو هةڵکةوتةییةی ثیَبةخشییوة، ئةویش (عومةری کورِي عةبدولعةزیز)ة، ئةم عومةرة جیایة لة ئیمامی عومةری کورِي خةتتاب کة خةلیفةي دووةمی ثیَغةمبةر(σ) بوو، بةلآم هةر لة نةوةی ئیمامی عومةرة.

ناوی باوکی عومةر عةبدولعةزیزة، دایکیشي ناوی لةیلایة، باثیري لةیلا ئیمامی عومةری کورِي خةتتابة، واتة ئیمامی عومةر باثیري دایکي عومةری کورِي عةبدولعةزیزة.

کاتی خؤي ئیمامی عومةر شةویَك بة کؤلآنةکاندا دةطةرِا، بیني کضیَك و دایکیَك سةرقالَن شیر ئامادة دةکةن بؤ بةیانی تا بیفرؤشن، ئةوةبوو دایکي بة کضةکةی وت کضةکةم ئاوی زؤري تیَبکة با شیرةکة زؤر بیَت و ثارةي زیاتر بکات، ئةویش وتی دایکة وا ناکةم، دایکي وتی خؤ عومةری خلیفةی موسولَمانان نامانبینیَت، کضةکةی وتی دایکة طیان خؤ ئةطةر عومةر نةمانبینیَت ئةوا خوای طةورة دةمانبینیَت، بؤیة ئیمامی عومةر بةوة سةرسام بوو و برِیاری دا داوای ئةو کضة بکات بؤ کورِیَکی، لة نةوةی ئةو کورِةی عومةر و ئةو کضة، ئةم مندالَة ئازیزة لةدایك بوو کة ناونرا

عومةر و وةك باثيرة طةورةى هةم بوو بةزانايةكى طةورة و هةم بوو بة خةليفةى موسولَمانانيش.

عومةر لةسالَي 61 كؤضي لةشارةكةى ثيَغةمبةرى خوا (σ) شارى مةدينةى خؤشةويست لةدايك بوو، ئةو شارةى كة مةلَبةندو لانةى زانايانى طةورةى ئيسلام بوو، لةناو شارة شيرينةكةى ثيَغةمبةرى خوادا(σ) زانايانيَكى زؤر دةركةوتن، ضونكة ئةو شارة شارى هاوةلآنى ئازيز بوو، هةم ثشتيوانانء هةم كؤضةرانيش لةويَ بوون، زانايانيَك دةركةوتن كة لةخزمةت هاوةلآن يان خويَندكارانى هاوةلآندا زانستيان وةرطرتبوو بؤية زانستةكةيان زؤر راست وبيَطومان بوو.

ئيتر عومةر لةو شارةدا لةدايك بوو و هةر لةويَش لةسةر دةستى ئةو زانايانة زانستى وةرطرت، بؤية خواى طةورة كردى بةو كةسة هةلَكةوتةى ئيسلام، ئيتر ماوةيةكى زؤر لةويَ مايةوةو لاى زانايانى ئةو شارة زانستى وةرطرت بةتايبةت زياتر لاى مامؤستايةكى بوو بة ناوى صالح.

دواتر مامي كة خةليفةى موسولَمانان بوو و ناوى عةبدولمةليك بوو و لة ديمةشق سةركردايةتى دةولَةتى ئيسلامى دةكرد داواى كرد عومةرى برازاى بضيَت بؤ ديمةشق بؤ لاى، ئةوةبوو عومةريش ضوو بؤ ئةويَ و هةر لةويَش ثاش ماوةيةك مامى كضيَكى هةبوو كة ناوى فاتيمة بوو ئةو كضةى ثيَشكةش كرد بة عومةر و ثرِؤسةى هاوسةريَتييان ئةنجامدا، واتة خيَزانى عومةرى كورِي عةبدولعةزيز ئامؤزاى خؤي بوو.

عةبدولمةليكي مامى زؤر مةبةستى بوو ئةو برازايةى وةك كةسيَكى طةورة ثةروةردة بكات، بؤية كردى بة ليَثرسراوى ناوضةيةكى ديارييكراو لةنزيك حةلةب كة ثيَي دةوترا دير سةمعان، عومةريش بةجوانى توانى سةركردايةتى ئةو ناوضةية بكات و ئةوثةرِي ضاكة و دادثةروةريي

بەکاربهێنێت، تاساڵي 86 کۆضي وەك والی و سەرکردەی ئەو ناوضەیة مایەوة.

عومەر روخسارێکی ئەسمەری هەبوو، جەستەی کەمێك لاواز بوو، ریشێکی زۆر جوانی هەبوو، ئیتر جوانییەکی بەرضاوی هەبوو، سەر بەبنەماڵەی ئومەویەکان بوو، لای هەموان خۆشەویست بوو، ضونکة زۆر راستطۆ و نەرم و نیان بوو، ئازاری کەسي نەدەدا، هەوڵي دەدا یارمەتی هەموان بدات.

دوای ئەوەی عەبدولمەلیکي مامی کۆضي دوایي کرد ئەوەبوو وەلید کە ئامۆزای عومەر بوو، بوو بەخەلیفەی موسوڵمانان، وەلیدیش خۆشەویستی زۆری هەبوو بۆ عومەری ئامۆزای، نەك بەس لەبەر ئەوەی ئامۆزای بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کەسێکی زانا بوو و زۆر بەرِێز و ضاکەکار بوو، بۆیة وەلید برِیاري دا عومەر بکات بە لێثرسراوی شاری مەدینەی خۆشەویست، ثاش ئەوەی عومەر بوو بە والی و لێثرسراوی ئەو شارة توانی زۆر سەرکەوتوو بێت و هەموان لێي رازی بوون، خەلیفة وەلید برِیاریدا ناوضەي تائیفیش بخاتة ذێر دەستی عومەرەوة.

عومەر مەرجی دانابوو کة نابێت ستەم لة کەس بکات ء بەدادثەروەری بجوولێتەوة، هەروەها برِوات بۆ حەجی ماڵي خوای طەورة و حەج بکات، عومەر خێرا لة مەدینة برِیاري دا کۆمەڵێك لة زانایان کۆ بکاتەوة تا لة هەموو شتێکدا راوێذیان ثێبکات، بۆیة ئەنجومەنی راوێذي دامەزراند کة تیایدا 10 زانا بەشدار بوون، ئیتر لەهەموو شتێکدا راوێذي ثێیان دەکرد ، بەوەش نەیدەهێشت هیض شتێك ثێضەوانەی شەریعەت بێت، هەم بەوة خوای طەورة رازی دەبێت و هەم بەندەکانیش بەو دادثەروەري و لێزانیەی رازی دەبوون ، عومەر تا ساڵي 93 کۆضي وەك والی مەدینة مایەوەو خزمەتێکی بێوێنەی ثێشکەش کرد.

عومەر کاتێك ئەو 10 زانایایەی بانط کرد تا ئەو کارەیان ثێبسثێرێت ثێي وت ن، من بۆ کارێك بانطم کردوون کە لەسەري ئاداشت وەردەطرن ء ثێکەوە لەسەر حەق یارمەتی یەکتر دەدەین، ئەمەوێ هەرضي برِیارێك بدەم رای ئێوەی لەسەر بێت، ئەطەر بینیتان کەسێك ستەمی لێکرا یان کەسێکي ستەمکارتان بیني ئاطادارم بکەن، ئەوانیش رازی بوون و نزای خێریان بۆ کرد لەسەر ئەو هەوڵە جوانەی.

عومەر لەو ماوەیەدا مزطەوتی ثێغەمبەری(σ) نوێ کردەوەو فراوانیی کرد، دوای ئەوەي وەلیدي خەلیفەی موسوڵمانانء ئامۆزای عومەر مردو لەشوێنیدا سولەیمانی برای بوو بە خەلیفە کە ئەویش ئامۆزای عومەر بوو، خەلیفەی نوێ برِیاریدا لەبەر ضاکی و زانایي و بەهێزی عومەر و رازی بوونی خەڵك لێي عومەر بکات بە وەزیري خۆي.

سولەیمان هێندە متمانەی هەبوو بەتنیازی ئاك ء زانایی عومەر کە بوو بەخەلیفە عومەری بانط کرد و وتی تۆ دەزانیت من بوم بەخەلیفە و منیش زۆر شارەزانیم و زانستم کەمە، جا تۆ ضیت ثێباش بوو فەرمان بکە با وابێت و وا بکە، عومەریش هەموو شتەکانی راست دەکردەوەو خەلیفەش رازی بوو بە برِیارەکانی.

عومەر هەمیشە دەیوت ئەطەر بۆ سەرخستنی ئاییني خواو ئاراستنی لەسەر راستی و رێنەدان بەتێکدانی ئیسلام ثێویست بکات هەر جارەو ئارضەیەك طۆشت لە لەشم بکەنەوە تا هەموو لەشم ئارضە ئارضە بکەن ئامادەم وام لێبێت و هیضیش ثێي دڵتەنط نابم.

جارێك خەلیفە لەطەڵ عومەردا حەجیان دەکرد، خلیفە بەعومەری وت سەیری ئەو هەموو خەڵکە بکە بەس خوا ئەزانێت ذمارەیان ضەندە، عومەر ثێي وت  ئەوانە ئەمرۆ لەذێر دەستی تۆدان، بەڵآم سبەی لەرۆذي دواییدا

هەموویان لە تاو خۆیان دەبن بە نەیارء نارازی لێت، خەلیفە کە ئەوەی بیرکەوتەوە دەستی کرد بەطریان.

عومەر زۆر جار بەخەلیفەی دەوت سەرم سوڕ دەمێنێت لەکەسێك کە خوا بناسێت کەضي لە فەرمانی خوا دەربضێت، شەیتان بناسێت کەضي بە طوێي بکات، دونیا بناسێت کەضي ثشتی ثێببەستێت.

دوای ئەوەی خەلیفە سولەیمان کۆضي دوایي کرد بڕیار درا بەیعەت بدرێت بە عومەری کوڕي عەبدولعەزیز، هەرضەندە خۆي حەزی نەدەکرد بەرثرسیارێتي وەربطرێت بەلاَم خەڵکي بەیعەتیان ثێدا، ئەویش ثاش ئەوەی خەڵکی لە مزطەوت کۆبوونەوە وتارێکی ثێشکەش کرد و باسي کرد کە ئەو کارەی ئەو سةختەو تاقیکردنەوەیە بۆیە با کەسێکی تر هەڵبذێرن، بەلاَم خەڵکی هەموو هاواریان کرد ئێمە تۆمان دەوێت تا خەلیفە بیت، بۆیە ئەویش دواجار رازی بوو، ئینجا خەڵکەکەی هاندا بۆ لەخواترسان و ضاکەکردن و دوورطرتن لە خراثەکاری.

عومەر ماندوو بوو، طەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کوڕێکي هەبوو ناوی عەبدولمەلیك بوو، کە ضوویەوە ویستی کەمێك رابکشێت، خێرا عەبدولمەلیکي کوڕي وتی بابە طیان ئەوە ضي دەکەیت؟ وتی کوڕم تەواو ماندووم دەمەوێت کەمێك بحەسێمەوە، کوڕەکەی وتی دەتەوێت بخەویت ثێش ئەوەی مافي رەوای خەڵك بطێڕیتەوە بۆیان ء ئەو ستەمەی کراوە لاي بەریت، خەڵکێکی زۆر ضاوەڕێی تۆن تا سکاڵآ بهێننە لای تۆ و تۆیش بضیت بە دوای مافیاندا، عومەر وتی کوڕم دەی من دوێنێ شەو هیض نەخەوتوم و سەرقاڵی تەرمی سولەیمانی مامت بوم، با کەمێك بنوم دواتر ضووم بۆ نوێذي نیوەڕۆ طوێ دەطرم لە کێشەی خەڵك، عەبدولمەلیکي کوڕي وتی جا دڵنیاي تا نیوەڕۆ نامریت؟ عومەر خێرا هەستا و عەبدولمەلیکي کوڕي ماض کرد و طوشي بە خۆیدا و وتی سوثاس بۆ خوا کە منداڵي وای ثێبەخشیوم لە ئاییندارییدا هاوکارمە.

عومەر لەسەردەمی خیلافەتیدا زۆر دادثەروەر بوو و هەردەم دەضوو بەدەم كێشەی خەڵكەوە، نەیدەهێشت ستەمكاران بحەوێنەوەو مافي لێ دەسەندنەوە، ثاڵثشتی هەذاران و ستەمكاران بوو، زانایانی كۆدەكردەوەو راوێذي ثێ دەكردن، داوای دەكرد هەر ستەمێكیان بيني ثێي بڵێن و ئاطاداری بكەنەوە تا هەمووان ثێكەوە ستەمكە نەهێڵن، هەموو خۆشیەكانی خۆي واز لێهێنابوو بۆ ئەوەی بتوانێ خۆشي ببەخشێت بە خەڵك و ئاشتي و ئارامي ولآت بطریتەوە، لەسەردەمی ئەودا خەڵكانێكي زۆری بێباوەڕ موسوڵمان بوون.

ئێتر هێندە خەڵكی لەخۆشيء شادومانییدا بوون كە جارێكیان زەكاتیان هێنا عومەر فەرمانی كرد دابەش بكرێت بەسەر ئەو هەذارانەدا كە ماون، ئەوانیش وتیان ئەي سەركردەی موسوڵمانان هیض هەذار نەماوە ئەوەی هەذار بوو هێندەی ثێبەخشراوە كە دەوڵەمەند بووە، عومەر وتی دەی بڕۆن بەو ثارەیە ذن بهێنن بۆ طەنجان، وتیان ئەوەشمان كردووە، وتی دەی كێ قەرزدارە بەو ثارەیە قەرزەكەی بدەنەوە، وتیان ئەوەشمان كردووەو هێشتا ثارە ماوەتەوە، وتی دەی سەیري ناموسوڵمان ەكان بكەن كامیان قەرزدار بوو قەرزەكەی بۆ بدەنەوە، ئەوەشیان كرد هەر ثارە مایەوە، وتی دەی بەخشش بدەن بە زانایان، ئەوەشیان كرد هەر مایەوە، ثاشان فەرمانی كرد وتی بڕۆن دانەوێڵە بكڕنء بەسەر شاخەكاندا بلآوی بكەنەوە تا باڵندەكانیش تێربن.

جارێك عومەر زۆر حەزی لە سێو بوو، وتی خۆزطە سێوێكم هەبوایە، كەسێك هەستا و سێوێكی هێنا، عومەریش وتی ئەو سێوە ببە بۆ فلآنە كەس و سەلآمی ئێمەی ثێبطەیەنە، كابرا وتی خۆ ثێغەمبەر(σ) دیاری وەردەطرت، عومەر وتی ئەوە بۆ ثێغەمبەر(σ) دیاری بوو، بەلآم بۆ ئێمە ئەمڕۆ بەرتیلە، بۆیە نەیخوارد و خۆي ثاراست لەو طومانەو ئەو حەزەی نەهێنایەدی.

رۆژانی هەینی ئیمامی عومەر خۆی وتاری دەدا بۆ موسوڵمانان، بۆ نوێژەکانی تریش خۆی پێش نوێژی دەکرد، کۆتا وتاریشی لەمزگەوتی ئومەوی پێشکەش کرد، لە وتارەکەیدا وتی ئێوە هەروا دروست نەکراون و هەرواش بەرەڵآ نەکراون، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، تا خوای گەورە چاك و خراپ جیا بکاتەوە، قوڕ بەسەر ئەوەی لە رەحمەتی خوا دەربضێت... ئەی بەندەکانی خوا لە خوا بترسن پێش ئەوەی بمرن، من کە ئەمە دەڵێم وا دەزانم کەستان هێندەی من تاوانبار نییە، بەڵآم تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای خوای گەورە.

ئەوە کۆتا وتاری ئیمامی عومەر بوو و دوای ئەوە نەخۆش کەوت تا ئەوەبوو دوای ضەند رۆژێك لە ساڵی 101 کۆضی لە دیمەشق وەفاتی کرد و تەرمەکەشی برایەوە بۆ یەکەم شوێنی دەسەڵآتی کە (دیر سەمعان) بوو.

## پەند و وانە

دەبێت هەمیشە حەز بە زانست و کاری ضاکە بکەین، ضونکە مرۆظ بە زانست و کاری ضاکە دەتوانێت خوای گەورە لەخۆی رازی بکات و سوودی زۆریش بطەیەنێت بە خەڵك، دەبینین خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) لەبەرئەوەی هەم زانستی زۆری پێبوو، هەم حەزی بەکاری ضاکە دەکرد خۆشی و بەختەوەریەکی زۆری بەخشی بە موسوڵمانان.

منداڵی ژیر و خواناس هەمیشە هەوڵ دەدات هاریکاری باوك و دایکی بێت و ضاکەیان بیربخاتەوە، ئەوە خۆشەویستی نییە لەئێناو حەسانەوەیاندا کاری ضاکیان بیرنەخەیتەوە، هەرضەندە خەلیفە عومەر زۆر ماندوو بوو بەڵآم عەبدولمەلیکی کوڕی باوکی راضڵەکاند و تێیطەیاند هەرضەندە ماندووە، بەڵآم مادەم ئۆستەکەی طەورەیە دەبێت بضێت بەدەم کاری خەڵکەوە نەوەك بمرێت و فریای کاری خەڵك نەکەوێت.

راویَذکردن بەزانایان کاریَکي زۆر طرنطەو ثیَویستە لەهەر شتیَکدا ثرس و راویَذ بەزانایان بکەین، ضونکە زانایان بەهۆي ئەو زانستەی ثیَیانە دەزانن باشترین و خراثترین شتەکان ضین، بۆیە کاتیَك رای ئەوان وەردەطرین ضاکترین شت دەزانین و دەتوانین ضاکترین کار جیَ بەجیَ بکەین.

مردن لەبەردەم هەمووماندایە و هەمووکمان دەبیَت بمرین، بۆیە دەبیَت لەبیری نەکەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ دوای مردن، ضونکە ذیانی دونیا کاتیية و شویَنی ئەوەیە ضاکە کۆبکەینەوە بۆ رۆذي دوایي تا بەهەشت ببیَتە شویَنی هەمیشەییمان، بەلاَم زۆر کەس هەن بەجۆریَك دەذین وا دەزانن هەرطیز نامرن تا ئەوەی کتوثرِ مەرط ریَیان ثیَدەطریَت و بيَ هیض ضاکەیەك ئەم دونیایە جیَدەهیَلَن.

کەسانی طەورەو خواناس هەمیشە ئامادەن لەثیَناو ئاینی خوادا مالَ و سامان و طیانی خۆیان بەخت بکەن، وەك دەبینین ئیمامی عومەر ئامادەبوو هەموو جەستەی ثارضەثارضە بکەن بەس ئایینی خوا سەربکەویَت و لاري و تاوانەکان نەمیَنن.

ثیَویستە خۆمان بثاریَزین لەحەرامء لەهەموو شتیَکدا بەطویَي ئارەزووەکانمان نەکەین، نەك وەك کەسانیَك بین هەرضییان حەز لیَبوو بیکەن یان بیخۆن و طويَ نەدەن بەحەرام، بەلَکو هەرضییەك حەلاَلَ نەبیَت با زۆریش حەزي ثیَبکەین دەبیَت بەهیض جۆریَك نزیکي نەکەوینەوە، وەك ضۆن ئیمامی عومەر کاتیَك طومانی هەبوو لەوەی ئەو سیَوە بۆ ئەو حەلاَلَ بیَت نەیخوارد و ناردی بۆ کەسیَکی تر.

## ثرسيارةكان

1. طرنطى شاري مةدينة ضية؟
2. عومةرى كورِي عةبدولعةزيز ضي عومةرى كورِي خةتتابة؟ لة ضيدا لةيةك دةضوون؟
3. عومةر لةكوىَ لةدايك بوو؟
4. ذيانى مندالَي عومةر ضؤن بوو؟
5. باسي دةسةلآتى عومةر بكة لةمةدينة.
6. ثةيوةندى نيَوان عومةر و خةليفة عةبدولمةليك ضؤن بوو؟
7. عومةر داواى كرد لة كاربةدةستان ئةو سامانةى لة زةكات وةرطيرابوو ضي ليَبكةن؟
8. بةسةرهاتى عومةر و كورِةكةى باس بكة كاتيَك ضوويةوة بؤ مالَةوة.
9. عومةر لةكؤتا وتاريدا ضي وت بة موسولَمانان؟
10. ئةم ضيرؤكة باس بكة بؤ خؤشةويستترين كةسى خؤت.

## ئیمامی ئەحمەد

منداڵانی ئازیز و خۆشەویست، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت باسی بكەین ذیانی یەكێكە لەو زانا گەورانەی ئیسلام كە تا ئەمڕۆش بەشێكی زۆری موسوڵمانانی جیهان بەپێی نووسین و فەتواكانی ئەو دەجووڵێنەوە سوودی زۆریان وەرگرتووە لە زانستی پڕ سوودی ئەو زانایە، ئەویش هەموو زانستی خۆی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وەرگرتووە، ئەوەشی لای زانایان و مامۆستاكانی وەرگرتووەو دواتر هەوڵی زیاتری داوەو زانیاری زیاتری پێیدا كردووەو توانیویەتی خزمەتێكی گەورە پێشكەش بەموسوڵمانان بكات، ئەویش ئیمامی (ئەحمەد)ە.

ئەم زانایە ناوی ئەحمەدەو باوكیشی ناوی موحەممەدە، دایكیشی ناوی صەفیەیە، بەڵام ئیمامی ئەحمەد كاتێك ناوی دەبرێت دەڵێن ئەحمەدی كوڕی حەنبەل نەوەك بڵێن ئەحمەدی كوڕی موحەممەد.

پرسیار: بۆچی بەئەحمەدی كوڕی حەنبەل ناوی دەبەن لەكاتێكدا باوكی ناوی موحەممەد بووە؟

وەڵام: چونكە باوكی سەربازێكی موجاهیدی ڕێگەی خوا بووە و زۆر ناسراو نەبووە، بەڵام باپیری ناوی حەنبەل بووە كە دەسەڵاتدارێكی باوەڕداری ناسراو بووە، ئیتر بۆیە كاتێك ناوی ئیمامی ئەحمەد دەبرێت بەناوی باپیریەوە ناوی دێنن نەك بەناوی باوكییەوە.

ئەحمەد لە ساڵی 161 كۆچی لە شاری بەغداد لەدایك بوو، كاتێك لە سكی دایكیدا بوو باوك و دایكی لە شاری (مەروە)وە كۆچیان كرد بۆ بەغداد، ئیتر ئیمامی ئەحمەد لەوێ لەدایك بوو، ئەمەش دەرفەتێكی باش بوو تا لەوێ گەورە زاناكانی ئیسلام بناسێت چونكە ئەو كات بەغداد پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی بوو.

هةر لةتةمةنى مندالَيدا بوو كة باوكى كؤضي دوايي كرد، ئيتر ئةحمةد ذيانيَكى هةتيوانةو بيَ باوكى بةسةربرد و دايكي باوةرِداريشي هةولَي دةدا قةرةبووي نةبوونى باوكى بكاتةوة بةوةى رؤلَي دايكيَك و باوكيَكيشي بؤ ببينيَت، بؤية ذيانى سةرةتاو مندالَي ئةحمةد ثرِ لة نارِةحةتى بوو.

بةلاَم ئةوة نةبووة بةربةرست لةبةردةم ئةحمةد دا، بةلَكو ئةو زؤر حةزى دةكرد بة زانست، بؤية خيَرا ضووة خزمةت مامؤستاياناو وانةى لةلايان دةخويَند ، ئةوةبوو هةموو قورئانى ثيرؤزى خويَند و لةبةرى كرد، زانستيَكى زؤري ئيسلامى خويَند، ئينجا ئيتر بةرةبةرة برِياريدا دةست بكات بة لةبةركردنى فةرموودة شيرينةكانى ثيَغةمبةر(σ)، بؤ ئةوة بةردةوام دةضوو بؤ لاى مامؤستاكانى.

ئيمامى ئةحمةد بؤ وةرطرتنى فةرموودة شارة جياجياكانى عيَراق طةرِا، هةروةها ضوو بؤ يةمةن تا لةويَ لة مامؤستاكانى فةرموودةى ئةو ولآتة فةرموودة وةربطريَت، هةروةها ضوو بؤ مةككة، لةطةلَ ئةوةشدا ضوو بؤ ولآتى شام، بةلَيَ ئةحمةد ئةو هةموو شويَنانةى دةكرد تةنيا بؤئةوةى فةرموودةكانى ثيَغةمبةر(σ) ببيستيَت و بيانووسيَتةوةو وةريان بطريَت، زؤرجار بةشيَكى زؤري ئةو طةشتانةى بةثيادة دةكرد، ضونكة ثارةى كةمى هةبوو و تواناى ئةوةى نةبوو بة دلَي خؤى ثارة خةرج بكات و بة ئيسراحةت برِوات، ئةو دةيزانى ئيش كردن باشة، بةلآم برِيارى دابوو لةبري ئةوةى ئيش بكات كاتةكةى بدات بةبوارى فةرموودة تابتوانيَت ببيَتة زانايةكى طةورة و لة ئايندةدا سوديَكى زؤر بطةيةنيَت بةموسولَمانان، بةوة هةم ضاكة زياد دةكات بؤ باوكىء دايكي لةبةرئةوةى ئةوان وا بةموسولَمان ى ثةروةردةيان كردووة، هةم ضاكةكة بؤ خؤيشي دةميَنيَتةوة، هةم زانستةكةشي دةبيَتة مايةي خيَرو خؤشي و سوود بؤ خةلَكى تر، تةنانةت بؤ ئةوانةش كة دواى مردنى خؤي ديَنة دونيا.

ئيمامى ئةحمةد هيَندة حةزى لةوةرطرتنى زانست بوو بةيانى زؤر زوو خؤي ئامادة دةكردو دةضوو بؤ لاى مامؤستاكانى، ئيتر جارى وا

هەبوو دایکي جلەکانی ئەحمەدی دەشاردەوە بۆئەوەی ئەوەندە زوو نەڕوات، بەئەحمەدی دەوت کوڕي شیرینم ئێلە مەکە با مامۆستاکانت لەخەو هەستن ئینجا بڕۆ.

ئیمامی ئەحمەد خوێندکارێکي زیرەکی ئیمامی شافیعي بوو، ئیمامی شافیعیش ئەوی زۆر خۆش دەویست و ڕیزی دەطرت، تەنانەت هێندە خۆشي دەویست لە سەفەرێکی بۆ مەککەی ئیرۆز لەطەڵ ئیمامی ئەحمەدو کەسێکی تر بەیەکەوە ضوون.

ئیمامی شافیعي زۆر سەرسام بوو بەزانستی ئیمامی ئەحمەد هەرضەندە ئەحمەد خوێندکاری بوو، تەنانەت جارێك دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر نەیدیبوو داوای کرد لە ئەحمەدی خوێندکاری ئەطەر فەرموودەیەکی صەحیحي لای مامۆستایەك بەدي کرد ئێي بڵێت تا ئەویش بضێت وەریبطرێت، واتە مامۆستاکەی ئێي عەیب نەبوو زانستێك لە خوێندکارەکەیەوە فێر ببێت، ضونکە ئەو کەسانە مەبەستیان ناوبانطء قسەی خەڵك نەبووە، بەڵکو ئەوەی لایان طرنط بوو ڕەزامەندی خوای طەورە بوو، ئەوان مەبەستیان بوو سوود بطەیەنن بە خەڵك و بەئوختی زانستە دروستەکانیان بخەنە بەردەست.

ئیمامی شافیعی بڕیاریدا بضێت بۆ میصرء عێراق جێبهێڵێت تا سوود بطەیەنێت بە خەڵکی میصریش، ئەوەبوو ئیمامی ئەحمەد بەڵێنی ئێدا بضێت بۆ لای مامۆستاکەی لە میصر تا لەوێش زانستی لێوەربطرێت، بەڵام هەر نەضوو.

ئرسیار: بۆضي ئەحمەد بەڵێنی دا بضێت بۆ لای ئیمامی شافیعي کەضي نەضوو؟

وەڵام: ضونکە ئارەی نەبوو و نەیدەتوانی بڕوات، ئیتر لەبەرئەوە نەضوو نەوەك لەبەر کەمتەرخەمی.

لەو ماوەدا کە ئەحمەد خوێندکار بوو سەربازانی موسوڵمان نامەیان دەنووسي بۆ ژن و منداڵەکانیان، هەندێك لەو ژنانە نەخوێندەوار بوون، بۆیە داوایان دەکرد لە ئەحمەد تا نامەکەیان بۆ بخوێنێتەوەو وەڵامی نامەکەیان بۆ بنووسێت، ئەویش سەری دادەنەواند تا طوناهبار نەبێت بەسەیرکردنیان، هەرضییەکیشیان بوتایە کە شەرعی نەبوایە نەیدەنووسي بۆیان، ضونکە ئەو کارەی لەبەر خوای طەورە دەکرد، بۆیە نەیدەهێشت شتێك بنووسن بۆ هاوسەرەکانیان کە خوای طەورە ثێي رازيي نەبێت.

ئەحمەد هەرضەندە طەورە ببوو و وەك زانایەکی طەورەش سەیر دەکرا، بەڵام منداڵانی لەبیر نەدەکرد و جار هەبوو یاری دەکرد لەطەڵیاندا تا دڵیان خۆش بکات، ئەوەبوو جارێکیان نەعلەکانی طرت بەدەستییەوەو لەطەڵ منداڵەکان رای دەکرد و یاری دەکرد، یەکێك لە کەسە طەورەکان وتی ئەحمەد تا کەی واز ناهێنیت لە یاری کردن لەطەڵ منداڵان؟ ئەویش وتی تا ئەو رۆژەی دەمرم واز ناهێنم لە یاری کردن لەطەڵ منداڵان.

ئیمامی ئەحمەد هەرضەندە لە رووی ماددیەوە زۆر هەژار بوو بەڵام زۆر دەروونی بەرز بوو و هیضي لە کەس وەرنەدەطرت، ئەوەبوو جارێکیان طەنجێکی بانط کرد و برِێك ثارەی ثێدا تا هەندێ کاغەزی بۆ بکرِێت، طەنجەکەش کاغەزەکانی بۆ کرِي و دواتر حەزی کرد یارمەتی ئەو ئیمامە بدات، ضونکە هەموو کاتی خۆي داناوە بۆ زانست و خزمەتکردنی خەڵك، بۆیە برِێك ثارەی خستە ناو کاغەزەکان و بردیەوە بۆ ئیمامی ئەحمەدو خێرا ضوو، کاتێك ئیمامی ئەحمەد کاغەزەکانی کردەوە بینی ثارەیەکی تێدایە، خێرا ثارەکەی هەڵطرت و ثرسیاری کرد ماڵي ئەو کورِە لە کوێیە، کاتێك ثێیان وت لە کوێیە ضوو بۆ ماڵیان و ثارەکە و کاغەزەکانیشي ثێدا و طەرِایەوە، هەرضەندە طەنجەکە وتی خۆ کاغەزەکانم بەثارەی خۆت کرِیوە کەضي ئیمامی ئەحمەد کاغەزەکانیشي وەرنەطرتەوە.

ثرسیار: ئەی ئیمامی ئەحمەد بەضي دەذیا؟

وەڵام: ئیمامی ئەحمەد باوکي خانوویەکی بۆ بەجێ هێشتبوو، هەروەها کرێیەکی کەمی مانطانەشي بۆبەجێ مابوو، جارجارەش دەضوو کرێکاری دەکرد، هەروەها جاری وا هەبوو ناضار دەبوو لەهەندێك کەس قەرز بکات بەڵام زۆر کەم قەرزی دەکرد، جاری وایش هەبوو کە کەسێك کشتوکاڵەکەی خۆي دەضنیەوەو ئینجا وازی لێدەهێنا، ئیمامی ئەحمەد دەضوو مۆڵەتی وەردەطرت و ثاشماوەی بەجێماوی کۆ دەکردەوە بۆ خۆي.

ئیمامی ئەحمەد لەتەمەنی ضل ساڵیيدا ذني هێنا، خوای طەورەش منداڵێکی زیرەکی ثێبەخشین کە ناوی (عەبدولآ) بوو، ئەو منداڵەشي شوێن ثێي باوکی هەڵطرت و فەرموودەی وەردەطرت و بەردەوام لای باوکیشي وانەی دەخوێند و برِێك فەرموودەی لە باوکیەوە طێرِاوەتەوە.

ئیمامی ئەحمەد دووضاری تاقیکردنەوەیەکی خوایي بوو، ئەویش ئەوەبوو دەسەڵاتداری ئەو کاتەی موسوڵمانان وا تێطەیەنرا بوو کە قورئانی ثیرۆز دروستکراوی خوایە، بۆیە دەیوت دەبێت ئیمامی ئەحمەدیش وابڵێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو ئەوە بڵێت و دەیوت قورئان فەرمایشتی خوای طەورەیە، لەسەر ئەوە بەند کرا، ئەوەبوو ئازارێکی زۆر درا، بەڵام ئیمامی ئەحمەد خۆرِاطر بوو و راکەی خۆي نەطۆرِي، ئامادەش نەبوو بەموسوڵمانان بڵێت دذي سەرکردەی موسوڵمانان راثەرِن بۆئەوەی فیتنەو ئاذاوە نەکەوێتە ناو ولآتی موسوڵمانانەوە، بەڵام دواجار ئازاد کرا.

ثاش ماوەیەك ئیمامی ئەحمەد لەساڵي 241 کۆضیدا تووشي نەخۆشي بوو و تایەکی زۆري هەبوو، ئیتر خەڵکی دەهاتن بۆ سەردانی، تەنانەت ئەوانەش ئازاریان دابوو دەهاتن داوای طەردن ئازادیان لێ دەکرد، تا ئەوەی رۆذي مردنی هات.

عەبدولآی کورِي لای بوو، بیستی باوکی دەیوت جارێ نا، وتی باوکە طیان ئەوە ضي دەڵێیت؟ وتی کورِم ئەوە شەیتانە دەڵێت ئەحمەد تۆم لەدەست دەرضوو نەمتوانی لەخشتەت بەرم، منیش وتم نا جارێ تا نەمرم رزطارم نابێت لە دەست ثیلانی تۆ.

دواجار ئیمامی ئەحمەد بەباوەڕداری طەڕایەوە بۆ لای ثەروەردطاری و کۆضي دوايي کرد و موسولَمانانيش تەواو دلَطرانی دايطرتن و خەلَکيَکی زۆر زۆريش نويَذيان لەسەر تەرمەکەی کرد، بەجۆريَك تا ئەو کاتە شتی وا نەبينرابوو، ئەو رۆذەش کە وەفاتی کرد رۆذي هەيني بوو، لەبەغداد خراية ناو طۆڕِ و زياتر لەيەك مليۆن کەس ئامادة بوون.

## ثەندو وانة

نەبوونی باوك يان دايك شتيَکی ناخۆش و ئازار بەخشة، بەلآم ئەوة نابيَتة بەربەست بۆ ذيان و دەبيَت بەوة ضؤك دانەدەين، بەلَکو کاريَك بکەين ببيَتة مايەی خيَر بۆ ئەوانيش و بەردەوام نزايان بۆ بکەين، ضونکة دەبيني ثيَغەمبەر(σ) هەر بەمنداڵي دايك وباوکی لەدەستداوة، بەلآم خۆڕاطر بووة تاخوای طەورة خيَري هيَناوەتة ريَي، هەروەها دەبينين ئيمامی ئەحمەد بەمنداڵي باوکی مردووة،بەلآم هەولَيداوة تا بووة بەو زانا طەورەية، بەوەش ضاکەی زۆر ضووة بەهؤي منداڵەکەيەوة.

هەولَدان بۆ زانست هەنطاويَکی زۆر طەورەو ثڕِ شانازية و هەرطيز مرؤظ ليَي ثەشيمان نابيَت، ضونکة هەم خوا ثيَي ناخۆشة و هەم هەمو دروستکراوەکانی تري خوای طەورة نزای خيَر دەکەن بۆ ئەو کەسة، هەم لای بەندەکانی خواش خۆشەويست دەبيَت و خەلَکيش بەريَز و طەورەييەوە سەيري دەکەن، مرؤظی زانا هەميشة دەبيَتة مايەی خيَر بۆ دەوروبەرەکەی.

دەبيَت خويَندکار زۆر ريَزی مامؤستای بطريَت و بەضاوی ثڕِ لة ريَزەوة سەيري بکات ضونکة مامؤستاکەی زانستی ثيَبەخشيوة، ئەوەش ضاکترين شتيَکة کەسيَك بيبەخشيَت بەکەسيَکی تر، بؤية دەبيَت نرخی بزانيَت و لەبەرضاوی بيَت ئەو مامؤستاية ئەوەندة ئەوی خۆش ويستووة حەزی کردووة ضي دەزانيَت بەئەويشي بلَيَت و ئەويش فيَر بکات.

ئەطەر خويَندکاريَك شتيَکی باشي زانی با بەريَزەوة بە مامؤستاکەی بلَيَت و ئەوة هيض عەيب نيية وەك ضؤن ئيمامی شافيعی داوای کرد

لەخوێندکارەکەی خۆی ئیمامی ئەحمەد تا ئەطەر فەرموودەیەکی صەحیحي زانی لای کەسێکە ڤێي بلێت تا بضیَت بۆي ئەطەر تەنانە لە ولآتانی دووریش بێت.

دەبێت هەمیشە وریای ئاشتی و خۆشي موسوڵمانان بین و خۆمان بثاریَزین لەفیتنەو ئاذاوە نانەوە وەك ضۆن ئیمامی ئەحمەد هەرضەندە بەنديش كرابوو كەضي نەیدەهیَشت بەهۆي ئەوەوە موسوڵمانان كیَشە بكەویَتە نیَوانیانەوە.

## ثرسیارەکان

1.بۆضي ئیمامی ئەحمەد بە كورِي حەنبەل ناسراوە؟

2.ئیمامی ئەحمەد لەسالَي ضەندو لە كويَ لەدایك بوو؟ ئەی لەسالَي ضەند وەفاتی كرد؟

3.ثەیوەندی نیَوان ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی شافیعي ضۆن بوو؟

4.بۆضي ئیمامی ئەحمەد بەڵیَنەکەی خۆي لەطەڵ ئیمامی شافیعي نەبردە سەر كە بەڵیَنی دابوو بضیَت بۆ میصر بۆ لای؟

5.بۆضي ئیمامی ئەحمەد خرایە بەندیخانەوە؟

6.شەیتان لەكاتی مردنی ئیمامی ئەحمەددا ضي ثيَ وت؟ ئیمامی ئەحمەد ضۆن وەڵامی دایەوە؟

7.ئەم ضیرۆكە باس بكە بۆ یەكیَك لەخۆشەویستەكانت.

## ئیبن مەندە

لە ئیَران شاریَكی جوان و رازاوە هەبوو، شاری باوەرِداران و زانایانی ئیسلام، شاریَك بەردەوام زانای ثیَدەطەیاند تا خزمەتی ثەیامی خوا بكەن، ئەویش بریتي بوو لە ئەسفەهان.

نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بنەماڵەیەك لەو شارەدا دەذیان کە ناسرابوون بەبنەماڵەی ئیبن مەندە، بنەماڵەیەك بوون زۆر باوەڕدار و زانا بوون، هەموویان تەمەن و ذیانی خۆیان بەزانستی فەرموودەوە لای زانایان سەرف دەکرد، فەرموودەکانی ثێغەمبەری خوایان دەبیست و وەریان دەطرت و دەیاننوسیەوەو بەوانە بەختەلکی تریان دەوتەوەو راستیەکانیان تێدەطەیاندن.

یەکێك لە زاناکانی ئەو بنەماڵەیە ناوی (ئیسحاق) بوو، ئیسحاق برایەکیشي هەبوو کە زۆر زانا بوو و وانەی بەخەڵك دەوتەوە.

ئیسحاق زاناي ناسراوی بواری فەرموودە بوو، کە طەیشتە کاتی خۆي ذنی هێنا و خوای طەورەش ثاش ماوەیەك منداڵێکی جوان و زیرەکی ثێبەخشین.

ثرسیار: ئەو منداڵە کەی لەدایك بوو؟

وەڵآم: ئەو منداڵە لە ساڵي 310 کۆضي لەدایك بوو.

ثرسیار: ئەو منداڵە ناوی ضي بوو؟

وەڵآم: ئەو منداڵە ناوی موحەممەد بوو، بەڵآم لەبەرئەوەی دواتر زۆر زیرەك و زانا دەرضوو هەر بەناوی بنەماڵەکەیەوە ناسراوەء خەڵکی کە ناوی دەبەن ثێي دەڵێن ئیبن مەندە.

دایك و باوکی هەر لەمنداڵییەوە کەوتنە نازکێشان و ثەروەردەکردنی ئەم منداڵەیان، وەك ضۆن دایکي شیري ثێدەدا باوکیشي زانستي ثێدەبەخشي، ئیتر بوو بەمنداڵێکی زیرەك و شارەزا.

ئیبن مەندە تەمەنی هەشت ساڵ بوو کە فەرموودەی لەباوکی وەرطرت و کەوتە طەڕانی ورد بەدوای زانستدا، ئیتر رۆذانە دەضوو لای باوکی وانەی دەخوێند، دواتر دەضوو بۆ لای مامیشي کە ئەویش زانایەکی طەورە بوو وانەی دەخوێند، دواتریش فەرموودەکانی بە لەبەرکردنەوە دەوتەوە تا لەبیري نەضنەوە.

لەبەرئەوەی باوکی زانایەکی ناسراو بوو بۆیە زۆربەی زاناکانی شارەکە تێکەڵییان دەکرد، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئیبن مەندە تا ئەو زانایانە بناسێت و زانستیان لێوەربطرێت، هەر بۆیە باوکی داوای لەو زانایانە وانە بەکورِەکەی بلَێنەوە، ئەوانیش رازی بوون.

ئیتر ئیبن مەندە رۆذانە دەضوو بۆ لای ئەو زانایانەو فەرموودەی لەوان دەبیست و زانستی تریشي وەردەطرت، خوێندکارێکي زیرەك بوو، ثێویستي نەدەکرد مامۆستاکانی بەزۆر وانەکانی ثێبلَێن، بەڵکو بەخۆشحالَییەوە رۆذانە خۆي ئامادە دەکرد و دەضوو وانەکانی دەخوێند، ضونکە ئەویش ئاواتی ئەوە بوو ببێتە زانایەکی طەورە و خەڵکی فێري ضاکەکاری بکات و کێشەی خەڵك ضارەسەر بکات و منداڵآن و طەنجانی دەوری خۆي ثێبطەیەنێت.

دوای ماوەیەك کە زانستی ضاکی لەمامۆستاکانی وەرطرت، ئیبن مەندە برِیاریدا بضێتە دەرەوەی ولآتی خۆي تا زانست لەوانیش وەربطرێت، کۆلَ و باری بضووکی خۆي ثێضایەوەو کەوتە رِێ بۆ دەرەوەی ولآتان، ئیتر هێندە طەرِا تا نزیکەی هەزارو حەوت سەد مامۆستای بیني و لەخزمەتیاندا وانەی خوێند، لەو ماوەیەدا ئیبن مەندە بۆ وەرطرتنی زانست هەر یەك لەم شوێنانەی کرد:

(ئەسکەندەریە، تەرابلوس، بوخارا، بەغداد، بيت المقدس، بەیرووت، بیکەند، تننیس، حیمص، دیمەشق، صەیدا، تووس، غەززە، قولزوم، قیساریە، کوفە، مەرو، میصر، مەککە، نەیساثوور، هەمەدان).

ئیبن مەندە کە کاتی خۆي هات ذنی هێنا، ذنەکەشي ناوی ئەسما بوو، ئەویش ئافرەتێکی خواناس و شارەزا بوو، خوای طەورەش ضوار منداڵي بەخشي بەو خێزانە، هەرضوار منداڵەکەشي زانا و کەسي هەڵکەوتە دەرضوون و شوێن ثێي باوکی خۆیان طرتەبەر لەوەرطرتنی زانستدا، دواتر کە ئەوانیش منداڵیان بوو هەر وەك باوکیان کەوتنە ثەروەردەکردنی منداڵەکانیان و هەموو منداڵەکانیان بۆ دوارۆذ بوون بەزانای طەورە، واتە

بنەماڵەكەیان هەموویان وا ثەروەردە دەكران دەبوون بەزانای طەورە و خواناس.

ثرسیار: ناوی منداڵەكانی ضي بوون؟

وەلآم: ناوی منداڵەكانی (عەبدورەحمان، عەبدولوەهاب، عوبەیدولآ، عەبدورەحیم)بوو.

ئیبن مەندە هێندە زانایەكی طەورە دەرضوو كە زاناكانی تر زۆر ثێي سەرسام بوون، دەبینین ئیبراهیمي ئەسفەهانی كە مامۆستایەكی ئیبن مەندە بوو باسي ئیبن مەندەی دەكردو دەیوت (كەسي وەك ئیبن مەندەم نەدیوە).

هەروەها ئەبوو ئیسماعیلي ئەنصاری كە زانایەكی طەورە بوو سەبارەت بە ئیبن مەندە دەیوت (ئیبن مەندە طەورەی كەسانی سەردەمی خۆي بووە).

ئیبن مەندە هەمیشە موسولَمانانی ئاطادار دەكردەوە لە هەڵەی خەڵكی طومڕا و نەزان و راستیەكانی روون دەكردەوە، ئەوانەی بە ئارەزووی خۆیان باسي ئیسلامیان دەكرد بەردەوام ئیبن مەندەوە وەلآمي دەدانەوەو هەڵە و ثیلانە ضەوتەكانیانی لەناو دەبرد.

ئیبن مەندە ضەندین كتێبي نووسي سەبارەت بەئاییني ئیسلام و بۆ خزمەتكردني موسولَمانان، هەندێكیان روونكردنەوەی یەكخواثەرستییان تێدا بوو، هەندێكیان وەلآمی ناراستیەكانی خەڵكی طومڕایان تێدا بوو، یەكێك لەكتێبە دیارەكانیشي تایبەت بوو بەباسي ذیانی هاوەلآنی ثێغەمبەر(ﷺ)، ضونكە ئەو دەیزانی هاوەلآنی ثێغەمبەر(ﷺ) طەورەترین كەسانء مامۆستا بوون كە بەوتەڕي دلَسۆزییەوە ئایني ئیسلامیان طەیاندووە بەمرۆظایەتیی، بۆیە دەیویست ذیانی هاوەلآن بەهەمووان بطەیەنێت.

ثرسیار: ناوی كتێبەكەی ئیبن مەندە ضي بوو كە لەسەر هاوەلآن نووسیبووي؟

وەڵام: ناوی ئەو كتێبەی نابوو (مەعریفەتو صەحابة) واتة ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ).

بەرەبەرە ئیبن مەندە پیر بوو تا كاتی ئەوە هات خوای طەورە بیطەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، واتة ئیتر دەبوو دونیا جێبهێڵێت و بمرێت، ئەوەبوو لەتەمەنی 85 ساڵیدا كۆضی دوایی كرد.

## پەند و وانة

- دەبێت هەمیشة بەدوای زانستدا بطەڕێین و هەوڵ بدەین ماموستای شارەزا پەیدا بكەین و داوایان لێبكەین تا زانستمان پێ ببەخشن تا ئێمەش ببینة زانا و خزمەتی خەڵكی بكەین.
- لة ناو ئیسلامدا هەموو نەتەوەكان جیێان ئەبێتەوەو قبووڵ كراون، ئیتر لەخواترسان بەپێی رةنط و نەتەوة نییة، بەڵكو ئەوەی بنەڕەتة لەئیسلامدا لەخوا ترسان و پەیڕەوی جوانتری پەیامی ئیسلامە، بۆیة هیض كات ئیسلام جیاوازی ناكات لەنێوان كوردو عەرەب و تورك و فارس و ئینطلیز و هەر نەتەوەیەكی تردا، بەڵكو جیاوازیەكة لەسەر ئەوەیة كامیان كاری ضاكة زیاتر بكات.
- پێویستة زۆر خۆمان سەرقاڵ بكەین بة ذیانی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و پەند و وانة لة ذیانیان وەربطرین و باسیشي بكەین بۆ دەوروبەرمان.
- دەبێتة هەر كەس هەڵەی كرد بەدڵسۆزی ء ذیرانة هەڵەكەی بۆ راست بكەینەوة بەجۆرێك كة نەبێتة هۆكاری ئابڕوو بردنی، بەڵام ئەطەر هەر سوور بوو لەسەر هەڵەكەی دەبێت ضواردەورمان ئاطادار بكەین لەهەڵەكەی تا پێي هەڵنەخەڵەتێن.

## پرسیارەكان

1.ئيبن مةندة ناوى ضي بوو؟ ئةى بؤضي ثيَي دةوترا ئيبن مةندة؟
2.ئيبن مةندة لةسالَي ضةند لةدايك بوو؟ ئةى لة تةمةنى ضةند سالَيدا فةرمودةى وةرطرت؟
3.دةتوانيت ناوى ضةند شويَنيَك بلَيَيت كة ئيبن مةندة ضوو بؤيان تا زانست وةربطريَت؟
4.كتيَبي (مةعريفةتوصةحابة)ى ئيبن مةندة باسي ضي دةكرد؟
5.ئيبن مةندة لةتةمةنى ضةند سالَييدا كؤضي دوايي كرد؟
6.دةتوانيت ذيانى ئيبن مةندة بؤ يةكيَك لة خؤشةويستةكانت باس بكةيت؟
7.طرنطترين شتيَك لة ذيانى ئةم زاناية فيَر بوويت ضي بوو؟

## صةلاحةديني ئةيووبي

ئازيزانم، ئةم كةسايةتي و هةلَكةوتةى ئةمجارة باسي دةكةين زانايةك نيية كة بة كتيَب و نووسين خزمةتى كردبيَت، مامؤستايةك نيية كة بةوتاردان و وانة وتنةوة نةوةيةكى ثيَطةياندبيَت، بةلَكو سةركردةيةكى موسولَمان ى كوردة كة بةتوانا و شمشيَري دةستى و بيري وردى سياسي توانى خزمةتي بالآ ثيَشكةش بةموسولَمانان بكات، خزمةتيَك كة وايكرد لةطةلَ ناوهيَنانى هةمووان بيناسن، تةنانةت هيَندة خزمةتةكةى طةورة بوو

كةبووة مايةى ناساندنى كورد و هةركات ناوى ئةو بيَت خيَرا ناوى كورد ديَت، يان كاتيَك كةسيَكى كورد خؤي دةناسيَنيَت بةكةسيَك لةنةتةوةيةكى تر خيَرا ناوى ئةم سةركردةيةى بؤ ديَنيَتةوة، ئةويش سةركردةى ئيسلام صةلاحةديني ئةييووبية.

ئةم سةركردة طةورةيةى ئيسلام كورد بووة، ناوى يوسفة، لةبنةمالَةي ئةيووبييةكانة، ئةيووبييةكان بنةمالَةيةكي كوردى موسولَمان بوون كة كةسايةتى و سةركردةى زؤر طةورةيان تيَدا دةركةوت، ماوةيةكى زؤريش دةسةلآتى بةشيَكى زؤري جيهانى ئيسلامييان بةدةستةوة بوو، وةك قةلآى ئاسنين بةربيان دةطرت بةهيَرشي دوذمنانى ئيسلام.

لة ناو ئةم بنةمالَةيةدا كورِيَكى جوان و زيتةلَ دةركةوت كة ناوى يوسف بوو، باوكى ناسرابوو بةنةجمةدين و ناوى ئةيوب بوو، يوسف سالَي 532 كؤضيي لةدايك بوو، لةو كاتةدا جيهانى ئيسلامى بةدةست ضةندين كيَشةوة دةينالآند، لةلايةكةوة لةناو ولآتدا خراثةكاران هةبوون كة دةيانويست موسولَمانان لةناوبةرن، لةلايةكى تريشةوة لةدةرةوةى موسولَمانان ناموسولَمان ةكان هيَرشيان دةهيَنا تاخاكى موسولَمانان داطير بكةن.

باثيرة طةورةى ئةم بنةمالَةية كة ناوى شادى بوو كةسايةتييةكى زؤر طةورةو بةهيَز بوو، بؤية سةركردةي موسولَمان ة توركةكان (سةلجووقيةكان) ثاراستنء بةرثرسياريَتى قةلآيةكى دا بةدةست شادييةوة كة ئةويش قةلآى تكريت بوو، صةلاحةدين لةو قةلآيةدا لةدايك بوو.

مامى صةلاحةدين ناوى شيَركؤ بوو ئةويش سةركردةيةكى ديارى سةربازى و جةنطاوةريَكى ريَطةي خوا بوو، كةسيَكى زؤر بةهيَز بوو.

بةلآم كاتيَك صةلاحةدين لةدايك بوو برِياردرا باوكى صةلاحةدين و ماميشي قةلآى تكريت جيَبهيَلَن.

ثرسيار: بؤضي برِيار درا ئةو دوو براية قةلآكة جيَبهيَلَن؟

وەلآم: ضونكە ثياو خراثيَك هەبوو ويستبووى دەستدريَذي بكاتة سەر ئافرةتيَك، ئافرةتەكەش داواى كردبوو لەشيَركۆ فرياى بكەويَت، ئەويش ضوو بوو و ثياوةكەى كوشتبوو، بۆية برِياردرا لەبەر ئەوەى كوشتويەتى قەلآكة جيَبهيلَن.

ئيتر ئەوانيش كۆضيان كرد و ضوون بۆ موصلَ، سەركردەى موسولَمانان لة موصل ناوى عيمادەدين زەنطى بوو، واتة بنەمالَةى ئەوان زەنطيەكان بوون كةئەوانيش خزمةتيَكى زۆر طەورةيان ثيَشكةش بةموسولَمانان كرد كاتيَك زۆر بة بةهيَزى بةرطرييان دةكرد لة خاكى موسولَمانان و نةياندةهيَشت بيَباوةرِان خاكى موسولَمانان داطير بكةن.

كاتى خۆي عيمادەدين كة لة جةنطيَكدا شكستى خواردبوو، باوكى صةلاحةدين ثةناى دابوو هةروةها يارمةتى دابوو و خزمةتى كردبوو و دواتريش رزطارى كردبوو، بۆية كاتيَك باوكى صةلاحةدين و خيَزانةكةى ضوون بۆ موصل عيمادەدين ئەو ضاكةيةى لةبەرضاو بوو، ريَزى زۆري طرتن و زةوى زۆري ثيَدان.

دواتر عيمادەدين شاريَكى خستة ذيَر دةسةلآتى خۆي بةناوى بةعلةبةط، خيَرا باوكى صةلاحةديني كرد بةليَثرسراوى ئەو شارة، ئيتر صةلاحةدين تةمةنى مندالَي خۆي لةويَ بةسةر دةبرد، لةويَ باوكى هەولَيدا صةلاحةدين ثيَبطةيةنيَت، بۆية لةلايةكەوة دةينارد بۆ لاى مامۆستا و زاناكان تا زانستة ئيسلاميةكان فيَر ببيَت، لةلايةكى ترةوة هونەرى جةنطى و سەربازى فيَر دةكرد تا وةك موجاهيديَكى ريَطةي خوا بتوانيَت خزمةت بةئيسلام بكات، صةلاحةدينيش هەولَي خۆيدا تا بةتەواوةتى هەلَكەوت و بوو بةسەركردةيەكى بةهيَز.

صةلاحةدين تةمةنى نزيكةى بيست و حةوت سالَ بوو كة وةك نيَردراوى عيمادەدين لةطةلَ شيَركۆي ماميدا بةسوثايةكەوة ضوو بەرةو ميصر.

ثرسيار: بؤضي ضوون بؤ ميصر؟

وةلآم: ضونكة سةركردةى دةولَةتى شيعةكان داواى لةعيمادةدين كرد يارمةتى بدات دذ بةسةركردةيةكى خؤيان لةبةرامبةردا هةنديَك لةخاكى ميصري دةداتة دةست، ئةويش رازى بوو، ثاشان ئةوةى كرد بؤئةوةى ميصر بطةرِيَنيَتةوة بؤ ذيَر دةسةلآتى سوننةكان.

صةلاحةدين لةو سوثايةدا رؤلَيَكى بةرضاو و طةورةي بيني، دواى سيَ سالَي تر جاريَكى تر صةلاحةدين ضوويةوة بؤ ميصر بؤ يارمةتييدانى سةركردةى شيعةكان دذ بة سةركردةيةكى تري شيعة كة خاكى موسولَمانانى دةفرؤشت بةناموسولَمان ةكان، ئةو سركردةيةش ناوى (شاور) بوو، صةلاحةدين توانى ئةو سةركردة ناثاكة بكوذيَت.

دواى ئةم كارة شيَركؤي مامى كرا بةوةزيري فاتيميةكان(شيعةكانى ناو ميصر)، بةلآم هيَندةى نةبرد شيَركؤ لابراو لة شويَنيدا صةلاحةدين دانرا، بةرةبةرة صةلاحةدين هةولَيدا بيَئةوةى خويَن برِذيَت دةولَةتى شيعةكان نةهيَلَيَت و لةشويَنيدا دةولَةتى سوننى دابمةزريَنيَت ضونكة زؤربةى خةلَكى ميصر و بةلَكو موسولَمانانى جيهانيش سوننة مةزهةب بوون، توانى لةماوةيةكى كةمدا ئةو دةولَةتة نةهيَلَيَت و لةشويَنيدا دةولَةتى ئةيوبي دابمةزريَنيَت.

ئيتر ليَرة بةدواوة صةلاحةدين هةموو هةولَي بؤئةوة بوو هيَرشي ناموسولَمان ة خاض ثةرستةكان بؤ داطيركردنى خاكى موسولَمانان رابطريَت.

ثرسيار: خاض ثةرستةكان كيَ بوون؟

وةلآم: خاض ثةرستةكان ئةو سوثا مةسيحيية بوون كة دةهاتن بؤ داطيركردنى خاكى موسولَمانان، بةلآم لةلايةن ضةند سةركردةيةكى موسولَمانانةوة لةناوبران، وةك سةركردة نورةدين و عيمادةدين و صةلاحةدين و بيبرس و كةسانى تر، لةو مةيدانةشدا صةلاحةديني ئةيوبي

رۆڵي زۆر بەرضاوی بينيء توانی قودس لەدەستی ئەو خاض ثەرستانە وەربطريَتەوەو موسولَمانان دلَخۆش بكات و ببيَت بەشانازيەكی طەورەش بۆ طەلَەكەی خۆي، ئەمەش لەسالَي (583) كۆضييدا بوو، ئەوكات صەلاحەدين تەمەنی 51 سالَ بوو، كاتيَك جەنطيَكی سەخت روويدا كە ناسراوە بەجەنطی حەتين، تيايدا ثاش جەنطيَكی قورس سوثای موسولَمانان بەسەركردايەتی صەلاحەدين سەركەوت و قودسی رزطار كرد.

صەلاحەدين كە قودسي رزطار كرد ريَطەی نەدا كوشت و برِي ناموسولَمان ەكان بكريَت، بەلَكو ريَزی طرتن و طيانی ثاراستن و سامانی نەبردن، سەربەستی كردن ئايا دەضن بۆ ولآتی سوثا مەسيحييەكان يان لەناو موسولَماناندا بميَننەوە، ضونكە ئەوە سيفەتی موسولَمان ە كە حەز ناكات بە ناهەق خويَن برِذيَت و ريَزی هەموو كەس دەطريَت تەنانەت ئەوانەش كەدذی بوون، بۆية ئەو ريَزو طەورەييەی صەلاحەدين وای كرد سەركردە ناموسولَمان ەكان و خەلَكی ناموسولَمان ی تريش تەواو ثيَي سەرسامبن و بەريَزەوە ناوی ببەن.

هەروەها صەلاحەدين هەموو ثەرستطاكانی مەسيحييەكانی ثاراست و ريَطەي نەدا سوثای موسولَمانان ئەو ثەرستطايانە برِووخيَنن، هەرضەندە موسولَمان ەكان حەزيان دەكرد بيرووخيَنن ضونكە ثيَشتر ئەوان مزطەوتی موسولَمانانيان دەرِووخاند و ذنء منداڵَء طەورەء بضووكی موسولَمانانيان سەردەبرِي، بەلآم صەلاحەدين تيَيطەياندن كە ئەوان نابيَت وا بكەن ضونكە موسولَمان بە خراثە وەلآمی خراثە ناداتەوە.

صەلاحەدين تەواو حەزی بەجيهاد دەكردو هەميشە حەزی دەكرد لەريَطەي خوادا بجەنطيَت و خاكی موسولَمانان ئازاد بكات و ئاييني ئيسلام بطەيەنيَت بەو شويَنانەش كە ثيَيان نەطەيشتبوو، لەطەلَ ئەوەشدا زۆر حەزی دەكرد تيَكەلَي زانايان بيَت و داوای دەكرد زانايان كتيَبي بۆ بنووسن تا بيخويَنيَتەوە بۆئەوەی نەكەويَتە هەلَەوە، تەنانەت هەركەس كتيَبيَكی بەهيَزی بۆ بنووسيايە لە خۆي نزيكي دەكردەوە.

ئەم سەرکردە خۆشەویستە ضاکەکارە بەوجۆرە بەردەوام بوو لەخزمەتکردنی ئیسلام ء موسوڵمانانداء لای موسوڵمانانء هاولآتیانی ولآتەکەشي زۆر ئازیز و خۆشەویست بوو، زانایان زۆر ریَزیان دەطرت و نزای خیَریان بۆ دەکرد، بەو جۆرە ذیا تا رۆذي وەفاتی هات و لەتەمەنی 57 ساڵیدا و لەساڵي 598 کۆضییدا کۆضي دوایي کردو ثاش نویَذ کردن لەسەر تەرمەکەی لەدیمەشق بەخاك سثیَردرا، تا ئیَستاش طۆرِەکەی زانراوەو لە دیمەشق ماوەتەوە.

## ثەندو وانە

موسوڵمان دەبیَت وەفای هەبیَت بەرامبەر بەو کەسانەی کە ضاکەیان هەبووە لەطەڵیدا ضونکە وەفاداری سیفەتی ثیَغەمبەران بووە، دەبینین ضۆن عیمادەدین وەفای هەبووە بەرامبەر بە باوکی صەلاحەدین لەبەرئەوەی لەرابردوودا ضاکەیەکی بەرامبەر ئەنجام داوە.

جیهاد کردن و هەوڵدان بۆ رزطارکردنی خاکی موسوڵمانان لای خوای طەورە زۆر وەرطیراو و کاري جوانەو خوای طەورە ثاداشتی زۆر طەورەی داناوە بۆ ئەو کەسانە، صەلاحەدینی ئەیوبیش نموونەیەکی بالآبووە لەو بوارەدا کەتوانی قودسي خۆشەویست بطەرِیَنیَتەوە بۆذیَر دەسەلآتی موسوڵمانان.

دەبیَت موسوڵمان لەبەر ستەمی کەسانی خراث نەکەویَتە ستەم کردن بەڵکو موسوڵمان هیض کات بەخراثە وەلآمی خراثە ناداتەوە، ثیَغەمبەر(σ) لە مەککە ضەند ستەمی لیَکرا کەضي کاتیَك مەککەی رزطار کرد لیَیان خۆش بوو و تۆڵەی نەکردەوە لەوانەی کەستەمیان لیَکردبوو، صەلاحەدینیش شویَن سوننەتی ثیَغەمبەر(σ) کەوت و کاتیَك قودسي رزطار کرد ستەمی لەناموسوڵمان ەکان نەکرد.

دةبيَت ئيَمة هةم وةك موسولَمان و هةم وةك كورد شانازى بكةين بةصةلاحةدينةوة كةسةركردةيةكى وابووة دوذمنةكانيشي بةسةرسامي و ريَزةوة باسيان كردووة، ئةمة نيشانةى ئةوةية موسولَمان ى كورد خزمةتى ثيَشكةش كردووةو ئيسلام مايةى خيَر بووة بؤ كوردء كورديش بة جوانى ئيسلامى وةرطرتووة.

## ثرسيارةكان

1- صةلاحةدين ناوى ضي بوو؟ لة كويَء لة سالَي ضةند لةدايك بوو؟

2- بؤضي مالَي صةلاحةدين كؤضيان كرد بؤ موصل؟

3- صةلاحةدين كة ضوو بؤ ميصر ضي كرد؟

4- جةنطى حةتين ضي بوو؟

5- باسي هةلَويَستى صةلاحةين بكة كاتيَك قودسي رزطار كرد.

6- ئايا لة دلَةوة صةلاحةدينت خؤش دةويَت؟

7- ذيانى ئةم سةركردةية باس بكة بؤ يةكيَك لة هاورِيَ ئازيزةكانت، دواتر ثرسيارى ليَبكة بزانة ضي ثةندو ئامؤذطاريةكى ليَوة فيَر دةبيَت.

## ئيمامى نةوةوى

ئةم جارة ئةو كةسةي باسي دةكةين زانايةكى ديارو طةورةى موسولَمانانة كة موسولَمانان تا ئةمرِؤش سةرقالَن بةخويَندنةوةى نووسينةكانى، ئةم كةسة خويَندكارى ئيمامى شافيعي بووة، بؤية كوردستانى ئيَمةش كةسةر بةمةزهةبي ئيمامى شافيعية زؤر طرنطى دةدةن بةنووسينةكانى، ئةويش ئيمامى (نةوةوي)ية.

بةلَيَ، ولآتى شام كة سوريا بةشيَكة لةو ولآتة، لانةو مةلَبةندى ثيَغةمبةران بووة، دواى ئةوةش سةدان زاناى طةورةى تيادا دةركةوتووة، ئةو زانايانة بوونةتة هؤكارى رووناككردنةوةى كؤمةلَطةو ريَنيشاندانيان

بەرەو راستیی، یەکێك لەو کەسانەش ئیمامی نەوەوی بوو کە توانی ببێتە رووناکیەکی طەورە بۆ کۆمەڵطە.

نەوەوی لەبنەرِەتدا ناوی یەحیا بوو، باوکیشي ناوی شەرەف بوو، بەلآم بەهۆي طوندەکەیەوە هەر بە نەوەوی ناسرابوو، لەساڵی 631 کۆضیدا لەدایك بوو.

ئەم زانا طەورەیەی ئیسلام لەناوضەي حۆران لەسوریا لەدایك بوو، ئەویش لە طوندێك کە ناسرابوو بە (نوا)، دایك و باوکێکي باوەرِداری هەبوو کە زۆر خواناس بوون، هەمیشە هەولَیاندەدا کورِەکەیان لەسەر ئیمان و خواناسي ثەروەردە بکەن.

تەمەنی نەوەوی طەیشتە 10 ساڵ کە ئیتر بە تەواوەتی خووی دایە زانست و کەوتە لەبەرکردنی قورئانی ثیرۆز و خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان، ئیتر کاتێك منداڵان یارییان دەکرد ئەو نەدەضوو بۆ یاری کردن بەڵکو قورئانی ثیرۆزي دەخوێند و ئەوەی لەبەري کردبوو دووبارە دەیوتەوە، بۆیە مامۆستایەکی شارەزای ناوضەکە کە بیني ئەم منداڵە وادەکات خێرا ضوو بۆ لای باوکی نەوەوی و داوای لێکرد منداڵەکەی سەرقاڵ نەکات بەهیض شتێکەوەء  هەموو کاتی منداڵەکەی بۆ وەرطرتنی زانست بێت، باوکیشي قسەکەی ئەو مامۆستایەی وەرطرت و هەولَیدا منداڵەکەی وا لێبکات هەموو کاتی خۆي بۆ وەرطرتنی زانست تەرخان بکات، نەوەویش خۆي زۆر حەزی لە زانست بوو، بۆیە بەخۆشحالَیەوە ثێشنیازەکەی وەرطرت.

ئەوەبوو لەنزیکەی تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو کە نەوەوی لەطەڵ باوکیدا ثێکەوە هاتن بۆ دیمەشق تا خۆي سەرقاڵ بکات بە زانستەوە، ئیتر لەدیمەشق لەطەڵ مزطەوتی ئومەوی نیشتەجێ بوو و خۆي سەرقاڵ کرد بەخوێندن ء لەبەرکردنی قورئانی ثیرۆز و زانستەکانی تر و تەواوی تواناي خۆي خستەطەرِ بۆ ئەو بوارە.

لةو شويَنةدا زؤر بةهةذارى دةذياو لةبري ئةوةى كةميَك بيري لاى خؤشي ذيانيش بيَت هةموو كاتى هةر بةخويَندنةوة بةسةربرد.

ثاش دوو سالَ لةسةرقالَي بةزانستةوة باوكى برِياريدا بضيَت بؤ حةجى مالَي خوا، برِياريدا نةوةوى كورِيشي ببات لةطةلَ خؤيدا، ئةوةبوو كورِ و باوك ثيَكةوة ضوون بؤ حةجى مالَي خوا، لةسةرةتاى ضوونةكةيانةوة تووشي تايةكى سةخت بوو و تا رؤذي عةرةفة ئةو تايةى مابوو، بةلآم دواتر بةسةلامةتى طةرِانةوة بؤ سوريا.

دووبارة نةوةوى لةديمةشقدا كةوتةوة زانست خوازى، ئيتر زؤربةى كتيَبةكانى بة لةبةركردن لةبةردةكرد نةك هةر ئةوةى تةنيا بةخويَندنةوةيان وازبهيَنيَت، ئيتر هيَندة زيرةك و شارةزا بوو تا مامؤستاكةى ئةركى ئةوةى ثيَسثارد وانة بلَيَتةوة بةخويَندكارانى خويَندنطةكةي، ئةويش بةجوانى وانةى ثيَدةوتنةوة.

ئيتر بةرةبةرة لةطةلَ وةرطرتنى زانستدا نةوةوى وانةشي دةوتةوة، واى ليَهات زؤربةى هةرة زؤري كاتى خؤي تايبةت كردبوو بةو بوارةوة، زؤربةى رؤذةكان نزيكةى دوانزة وانةى هةبوو، ئةوةش ماندووبونيَكى زؤري دةويست، ضونكة وانةكانيشي لة بوارى جياجيادا بوون.

ئينجا كة طةيشتة سالَي 660 كؤضي ئيتر نةوةوى زانا و مامؤستا برِياريدا دةست بكات بة نووسينيش، ضونكة دةيويست ئةو زانستةى ثيَيةتى بيطةيةنيَت بةوانةش كة ئةو نايانبينيَت، ض ئةوانةى لة ناوضةكانى تر بوون، يان ئةوانةى كة دواى مردنى ديَنة دونيا و دةذين، وةك ضؤن دةبينين ئةمرِؤ ئيَمة كتيَبةكانى دةخويَنينةوة.

ئةو كات نةوةوى زاناو مامؤستا تةمةنى نزيكةى 30 سالَ بوو، واتة هيَشتا لةوثةرِي طةنجيدا بوو كةضي كةسانى زؤر لةخؤي بةتةمةنتر زانستيان ليَوةردةطرت و وةك خويَندكار لةبةردةميدا دادةنيشتن تا زانست فيَربن.

ئەم ئیمامة لەبري ئەوەی ضاو ببرِيَتة خۆشييةكانی دونيا و خوو بداتة ئارەزووەكانی، كاتەكانی تەرخان كرد بۆ زانستی شەرعی، خۆ ئەو دەيزانی كة طوناه نيية ضيَذ لة خۆشييةكانی تري دونيا وةربطريت كة خوای طەورة حةلآلی كردوون، بەلآم نەوةوی هەموو خۆشييةكی لەخواثەرستی و زانست وةرطرتن و زانست بەخشيندا دەبينييەوة.

نەوةوی هەرضەندة خۆي حەزی بەمالَ و سامانی دونيا نەبوو، بەلآم هەولَيدەدا مافي خەلَك نەفەوتیَ و مافة خوراوەكان بطەرِيَنيَتەوة بۆ خاوةنەكانيان، ئەوەبوو كاتيَك سولَتانی موسولَمانان ويستی هەنديَك ثارەی زيادة لەسەر بوونی زەوی و زار لة خەلَك وةربطريَت، خيَرا خەلَكی ضوون بۆ لای ئيمامی نەوةوی تا كيَشەكەيان بۆ ضارەسەر بكات، ئەويش نامةيەكی نووسي بۆ سولَتان و بەتوندی ريَطري كرد لەوەی شتي وا بكات و تيَيطەياند كة ئەوة حەرامة و نابيَت بيكات، بەلآم سولَتان تورِة بوو و داوای كرد موضةكەی نەوةوی ببرِن، كەضي خەلَكەكەی دەوری وتيان ئەي سولَتان ئەو هيض مووضەی نية و لەرِيَي خوادا ئەو هەموو خزمەتة دەكات، دواتر ئيمامی نەوةوی كة زانی سولَتان طويَي ليَنەطرتووة خۆي ضوو بۆ لای سولَتان و قسەی لەطەلَ كرد، ئەوەبوو دواجار سولَتان ئەو برِيارەی هەلَوەشاندەوە بەهۆي هەولَەكانی نەوةويەوة خوای طەورة باری سەرشانی خەلَكەكەی ئاسان كرد.

ئيمامی نەوةوی لەكتيَبخانەی طشتی ئەوقافي حكومەت كتيَبي هيَنابوو دەيخويَندنەوە سوودی وةردەطرت لەو كتيَبانة، ضونكة هەر كەس هەرضەندة زانا و شارەزا بيَت هەر دەبيَت بەردەوام زانياری بخويَنيَتەوە و واز نەهيَنيَت لەوةرطرتنی زانست.

دوای ماوةيەك نەوةوی برِياريدا بطەرِيَتەوة بۆ طوندەكەی خۆي و لەوىَ ئەو بەشەي ذيانی بەسەر بەريَت كەماويەتی، بۆية ضوو ضي كتيَبي كتيَبخانەی ئەوقافي لا هەبوو هەموويانی بردەوة، دواتريش ضوو بۆسەر طۆرِي مامۆستاكانی تا مردن و ذيانی ناو طۆرِي بيربكەويَتەوة، هەروەها

نزای خێري كرد بۆیان، ئاشان ضوو بۆ سەردانی هاورِێكانی و ماڵئاوایي كرد لێیان، ئینجا دوای ئەوە ضوو بۆ سەردانی قودس.

دوای هەموو ئەمانە ئینجا نەوەوی طەرِایەوە بۆ طوندەكەی خۆي و لەویَ لای دایك و باوكی مایەوە، ئاش ماوەیەك لەویَ نەخۆش كەوت، ئەوەبوو بە هۆي ئەو نەخۆشیەوە لە مانطی رەجەبي ساڵي 676 كۆضیدا كۆضي دوایي كردو هەر لە طوندەكەی خۆیشي خرایە ناو طۆرِ.

كاتێك هەواڵي مردنی طەیشت بەموسوڵمانان هەموان دڵتەنط بوون بۆي و دەطریان كە ضۆن زانایەكی وا طەورەیان لەدەست ضوو، ئیتر سەركردەو كەسە دیارەكان ضوون تا نوێذی لەسەر بكەن.

بەراستی وایە ناخۆشترین رووداوی ناو كۆمەڵ لەدەستدان و مردنی زانایانی خواناسە، ضونكە زانایان دەبنە ضرای رووناكی بۆ كۆمەڵ و ریَي راستییان ثیشان دەدەن، ئەوان فێرمان دەكەن ضۆن بەرەو لای خوای طەورە بضین و خۆمان بثارێزین لە داوی شەیتان و دارودەستەكەی، بۆیە بەمردنی ئەو كەسانە زیانی طەورەمان بەردەكەویَت.

## ثەندو وانە

هەموو ئەو زانایانەي لەمیَذووی ئیسلامییدا باس كراون دەبینین بەشي زۆریان هەر لەمنداڵییەوە حەزیان كردووە زانست وەربطرن و خوویان داوەتە ئەو بوارەو ضوونەتە خزمەت مامۆستا شارەزاكان تا بوون بەزانای طەورەو هەڵكەوتوو، بۆیە زۆر ثێویستە ئێمەش هەر لەمنداڵییەوە شان بدەینە بەر زانست وەرطرتن و هیوامان وابێت كە ئێمەش ببینە زاناو خزمەتی طەورە ثێشكەش بەطەل و برایانمان بكەین.

ثێویستە زانایان لەثێش هەمووانداو و ئاشان هەموو كەسێكی دڵسۆزیش بیریان لای كێشەو نارەحەتی خەڵك بێت و كێشەكانیان بۆ ضارەسەر بكەن،

لةوةشدا نةترسن و ئةطةر دةسةلآت هةلَة يان ستةميَكى هةبوو دةبيَت بؤي راست بكةنةوةو ئاطادارى بكةنةوة لةو هةلَة يان ستةمةى كة دةيكات.

كةسي باوةرِدار هةميشة دةبيَت بةجوانى ئةمانةتى لاى خؤي بثاريزَيَت و بةسةلامةتى و بةبيَ كةموكورتى بيطيرِيَتةوة بؤ خاوةنةكةى، ضونكة نةطةرِاندنةوةى ئةمانةت سيفةتى كةسي دوو روو و ناثاكة، سةير بكةن ضؤن ئيمامى نةوةوى ئةو كتيَبانةى طيرِايةوة كةلة لاى بوون ئينجا ئةو شارةى بةجيَهيَشت.

دةبيَت كاتيَك سةردانى طؤرِستان دةكةين مردن و ذيانى دواى مردنمان بير بكةويَتةوة تا خؤمان لة هةلَة و تاوان بثاريزَين وبزانين رؤذيَك ديَت خةلَكى تريش ديَن بؤ سةر طؤرِي ئيَمة، هةروةها دةبيَت نزاى خيَر بكةين بؤ مردووةكان و سةلاميان ليَ بكةين ضونكة ثيَغةمبةرى خوا(σ) واى كردووة.

مردن لةريَى هةموومانداية و هةموو كةس هةرضةندة طةورة زانا يان دةولَةمةند بيَت هةر دةمريَت، بؤية ضاكترين شت ئةوةية مرؤظ كارى ضاكةى زؤر كؤبكاتةوة تا كاتيَك مردو طةرِايةوة بؤ لاى خواى طةورة ضاكةى زؤري ثيَبيَت، ضونكة مردن كاتى نةزانراوةو لةوانةية زؤر زوو بيَتة ريَمان، بؤية كةسي ذير ئةوةية زوو ضاكةى زؤر كؤبكاتةوةو قيامةتى خؤي رؤشن بكاتةوة.

## ثرسیارەکان

1.ئیمامی نەوەوی لە کوێ دەذیا؟ ئەو ولآتەی ئەو بەضي ناسراوة؟

2.بۆضي ئیمامی نەوەوی طوندەکەی خۆي جیَهیَشت و ضوو بۆ سوریا؟

3.باسي ئەو کیَشەیەی خەڵك بکە کە ئیمامی نەوەوی ضارەسەري کرد.

4.ئیمامی نەوەوی ثیَش مردنی ضەند کاریَکی کرد، ئەو کارانة ضي بوون؟

5.ئایا تۆ ئیمامی نەوەویت خۆش دەویَت؟ لەبەرضي؟

6.ئایا تۆیش هەوڵدداوة زانست وەربطریت و لە داهاتوودا ببیت بەزانایەکی طەورة؟

## یوسفي کوڕي تاشفین

کاتێك ئیسلام هات و بڵاوبووەوە، موسوڵمانان ئیسلامیان طەیاند بەناوضة جیاجیاکانی جیهان، ئیسلام بەخۆرهەڵات و خۆرئاوا باکور و باشوردا بڵاوبووەوە، یەکێك لەو ناوضانەش کە ئیسلامی ثێطەیشت بریتي بوو لەباکووری کیشوەری ئەفریقا کە ئەمڕۆ دابەش بووە بۆ ضەند وڵاتێکی ئیسلامی.

کاتێك ئیسلام طەیشتە ئەو ناوضانە خەڵکی بەجوانی ئیسلامیان وەرطرتء ئەوانیش خزمەتی طەورەیان ثێشکەش کرد، ضونکە ضەندین زاناو سەرکردەی طەورە لەو ناوضانەدا دەرکەوتن، بەمە دەبینین لەهەموو ناوضەیەکی جیهاندا هەر نەتەوەیەك بەجۆرێك خزمەتی خۆي ثێشکەش کردووە، لەو ناوضەیەشدا یەکێك لەو سەرکردە طەورانەی ئیسلام کە دەرکەوت یوسف بوو.

یوسف کوڕي تاشفین بوو، سەر بە هۆزی طەورەی صەنهاجە بوو، لەساڵي 400 کۆضي لەدایك بوو، هۆزەکەشي دەسەڵاتداری ناوضەکە بوون، ضەندین زاناو سەرکردەی طەورە لەناو ئەو هۆزەدا دەرکەوتن وەك ئیمام عەبدوڵای کوڕي یاسین، بەم جۆرە یوسف لەناو هۆزێکی بەهێزو باوەڕدار و ناسراودا دەرکەوت و بەنازو رێزەوە طەورە بوو.

هەر لەسەرەتای ذیانەوە یوسف لەناو بیاباندا زانستی وەرطرتء لە زانایانی طەورەی فەرموودەناسەوە طوێي طرت لەفەرموودە شیرینەکانی ثێغەمبەری خوا(ﷺ)، لەسەر بنەمای زانست و رێنماییەکانی زانای طەورەی هۆزەکەیان ئیمام (عەبدوڵای کوري یاسین) زانست و رێنماییەکانی ئیسلامی وەردەطرت، دەضووە خزمەت مامۆستایان و هەوڵیدەدا زۆرترین کاتی خۆي تایبەت بکات بۆ زانست وەرطرتن.

یوسف تەنیا لەبواری زانستدا خۆي ثێنەطەیاند، بەڵکو لەمەیدانی سەربازیشەوە خۆي ثێطەیاند و هونەرەکانی جەنط و جیهاد فێر بوو ضونکە زۆر حەزی لەجیهادی رێي خوا بوو، هەروەها زانیاری ثێویستی لەسەر سیاسەت وەرطرت لەروانطەی شەریعەتی ئیسلامەوە تا بتوانێت خزمەتی خۆي ثێشکەش بکات.

یوسف بەشداری جیهادو غەزای دەکرد و هاودەم بەو زانستەی ثێي بوو حەزی دەکرد خێرو طەورەیي جیهادي رێي خوایشي دەست بکەوێت،

ئەوەبوو لەجەنطێکدا کە ناسرابوو بەجەنطی واحات و لەساڵی 448 کۆضیدا روویدا، تیایدا یوسف سەرکردایەتی سوثای موجاهیدانی کرد، لەو جەنطەدا یوسف توانی شاری (سەجلماسة) بطریَت، بۆیە سەرکردەی موسوڵمانان لەو ناوضەیە برِیاریدا یوسف بکات بە لیَثرسراوی ئەو شارە، ئەویش زۆر بەجوانی ئەو شارەی بەرِیَوەدەبردء نموونەیەکی زۆر جوانی ثیَشکەش کرد.

دوای ماوەیەك یوسف دەستی کردەوە بەغەزاو رووی کردە ضەند شویَن و شاریَکی تر و دواجار خوای طەورە سەرکەوتنی ثیَبەخشي، ثاشان روویکردە شاریَکی تری زۆر طرنط و ناسراو بەناوی (ئەغمات) کە بنکەیەکی کۆن و طرنطی مەسیحیەت بوو، ئەو بنکەیە ببوو بە مۆڵطەی ئەو بەربەریانەی کە جوولەکە بوون، ئەوەبوو هیَرشي بردە سەریان تا لە ساڵي 449 کۆضییدا سوثای موسوڵمانان شارەکەی ئازاد کرد.

ثرسیار: ئەو دەوڵەتەی یوسف تیایدا بوو بەضي ناسرابوو؟

وەڵام: ئەو دەوڵەتە ناسرابوو بەدەوڵەتی مورابیتەکان واتە سەنطەرنشینان، واتە دەوڵەتی ئەوانەی لەریَي خوادا سەنطەر دەطرن.

مورابیتەکان ثاشان برِیاریاندا دەوڵەتی بیَباوەرِي (برغواتة) لەناوببەن، لەناو سوثاکەشدا یوسفي کورِي تاشفین بەشدار بوو، لەو جەنطەدا ئیمام عەبدوڵای کورِي یوسف شەهید بوو، ئەمە بوو بەبنەرِەتیَك تا یوسف شویَنی بطریَتەوە بۆ بەرِیَوەبردنی دەوڵەتی مورابیتەکان.

ئەوەبوو (ئەبوبەکر)ی سەرکردەی وڵات ضوو بۆ دەرەوەی وڵات و یوسفي لەشویَنی خۆي دانا، خەڵکیش زۆر رازی بوون لەدەسەڵاتی یوسف بۆیە کاتیَك ئەبوبەکری مامي طەرِایەوە بەبەرضاوی خەڵکەوە برِیاریدا واز بهیَنیَت لەدەسەڵات بۆ یوسفي برازای، ئامۆذطاری یوسفي کرد و وتی، من ئەم کارەم دایە دەست تۆ و منیش لەوە بەرثرسم، دەی لەخوا بترسە

بەرامبەر بەموسوڵمانان و لەطەڵیان ضاکبە، من و خۆیشت لە دۆزەخ رزطار بکە.

یوسفیش بەجوانی کاروباری بەڕێوە دەبردو ئاذاوە ناوخۆیي و دەرەکییەکانی ولآتی نەهێشت و یەکریزي و بەهێزی بەخشي بەدەولَەتەکەی، بەردەوامیش درێذەی دەدا بەجیهاد لەریَطەی خوا، هەنديَ ناوضەشي بەئاشتی ئازاد کرد وةك لە ساڵي 455 دا بە ئاشتی ضووە ناو شاری فاس.

دواتر یوسف هەولَیدا هەموو مەغريبي ئیسلامی یەك بخات و ناکۆکي نیَوان موسولَمانان نەهیَلَیَت، ثاش هەولَیَکی زۆر و تووش بوون بەضەند جەنطیَکی سەخت دواجار توانی ئەو کارە بکات و ولآت بە یەکثارضەو یەکریز، ئەمەش نزیکەی 30 ساڵ هەوڵ و ماندووبوونی ویست.

لەنزیك دەوڵەتەکەی یوسف لەئەندەلوس ضەند دەولَەتیَکی بضووك و ثارضە ثارضەی ئیسلامی هەبوون کەبەهۆي ناکۆکي نیَوان خۆیان لەلایەن خاض ثەرستە مەسیحییەکانەوە هیَرشیان دەکرایە سەر تاخاکي موسولَمانان داطیر بکەن، ثاش ئەوەی ئەوانە داوای یارمەتییان کرد لەیوسف ئەویش بەدەریادا ثەڕیەوەو ضوو بۆ یارمەتیدانی برا موسولَمان ەکانی.

سەرەتا یوسف نامەی نارد بۆسەرکردەی مەسیحییەکان و داوای لیَکرد موسولَمان  بیَت و واز بهیَنیَت لەهیَرش بردنە سەر موسوڵمانان، بەلاَم ئەو رازی نەبوو، بۆیە یوسف بریاریدا هیَرش بباتە سەر ئەو ستەمکارەو موسولَمانان لە دەستی رزطار بکات، ئەوکات تەمەنی یوسف زۆر بوو و ثیریش ببوو، بەلآم بەڵێنی دابوو تا دوا هەناسە وازنەهیَنیَت لەجیهادی ریَي خوا.

سةركردةى مةسيحييةكان ويستى فيَلَ بكات لةموسولَمانان و نامةى نارد، و وتى رؤذي هةيني هيَرش ناكةين ضونكة لاى موسولَمانان ثيرؤزةو ئيَمةش ريَزيان دةطرين، ئةمةى كرد تا موسولَمانان ئاطايان لةخؤيان نةبيَت و هيَرش بكةنة سةريان، بةلآم يوسف زؤر ذير بوو هةرضةندة بةلَيَنيدا هيَرش نةبات تاموسولَمان نةبيَتة بةلَيَن شكيَن بةلآم سوثاى تةواو ئامادة كرد بؤ بةرطرى ضونكة دةيزانى مةسيحييةكان ناثاكى دةنويَنن و بةلَيَنةكة دةشكيَنن.

ئةوةبوو مةسيحييةكان هيَرشيان هيَناو ثاش بةرةورووبوونةوة لة شويَنيَك كة ثيَي دةوترا زةلاقة هةردوو سوثاى موسولَمانان و مةسيحيةكان بةرةنطاربوونةوةو جةنطيَكى سةخت روويدا كة ناسراوة بة جةنطى (زةلاقة)، ئةو رؤذةش رؤذي هةيني بوو، دواجار ثاش جةنطيَكى سةخت موسولَمانان سةركةوتن و سةركردةى مةسيحيةكانيش بريندار بوو.

يوسفي سةركردةى زاناو موجاهيدي ولآتى موسولَمانان ثاش تةمةنيَكى زؤر كة نزيكةى سةد سالَ تةمةنى هةبوو لةمانطى موحةرةمى سالَي 500 ى كؤضيدا كؤضي دوايي كرد.

## ثةندو وانة

لة ناو ئيسلامدا هةموو نةتةوةكان جيَيان ئةبيَتةوةو قبوولَ كراون، ئيتر لةخواترسان بةثيَي رةنط و نةتةوة نيية، بةلَكو ئةوةى بنةرِةتة لةئيسلامدا لةخواترسان و ثةيرِةوى جوانتري ثةيامى ئيسلامة، بؤية هيض كات ئيسلام جياوازى ناكات لةنيَوان كورد و عةرةب و تورك و فارس و ئينطليز و هةر نةتةوةيةكى تردا، بةلَكو جياوازيةكة لةسةر ئةوةية كاميان كارى ضاكة زياتر بكات، هةر بؤية هةرضةندة يوسف خةلَكى باكوورى ئةفريقا بوو توانى خزمةتيَكى زؤر طةورة ثيَشكةش بكات بةموسولَمانانء تا ئيَستاش هةموو موسولَمانانى جيهان شانازى ثيَوة بكةن.

دەبێت موسوڵمان تەنها یەك لایەنی ژیان نەطریێت، بەڵکو هەوڵ بدات هەموو لایەنەکانی ژیان وەربطرێت تابتوانێت لەهەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بێت، دەبینین یوسف هەم لە لایەنی زانستی و هەم لایەنی سەربازی و هەم لایەنی سیاسیشەوە خۆي ثێطەیاندو دواتریش بەهەموو ئەو لایەنە بوارانەی توانی خزمەتی طەورە ثێشکەش بکات بەموسوڵمانان.

جیهادی رێي خوا طەورەترین ثاداشتی هەیە لای خوای طەورەو هەموو موسوڵمانێك لەثێناو ثاراستنی خاکی موسوڵمانان و سەرخستنی ئاینی خوادا دەبێت حەز بەجیهاد بکات، بەڵام جیهاد هەر لەخۆوە ناکرێت و دەبێت سەرکردەی موسوڵمانان بڕیاری جیهاد بدات ئەوکات موسوڵمانانیش جیهاد دەکەن.

## ثرسیارەکان

1.يوسف لة ض ناوضةيةك دةذيا؟ ناوى باوكى ضي بوو؟

2.ديارترين مامؤستاى يوسف كىَ بوو كة يوسف زؤر ثيَي سةرسام بوو؟

3.يوسف ضؤن دةسةلآتى دةولَةتى طرتةدةست لةبري مامى؟

4.باسي حةزى يوسف بكة بؤ جيهادى ريَي خوا.

5.يوسف كةدةسةلآتى طرتة دةست هةولَي ضي دا؟ ئايا سةركةوتوو بوو لةوةدا؟

6.يوسف بؤضي ضوو بؤ ئةندةلوس؟

7.جةنطى زةلاقة ضي بوو؟ بة كورتى باسي بكة.

8.كاتيَك يوسف مرد تةمةنى ضةند سالَ بوو؟ ئةى سالَي مردنةكةى كةى بوو؟

## ئيبن تةيمية

لةناوضةيةكى كوردستانى ئازيز شاريَك هةبوو ثيَي دةوترا حةران، ئةم شارة كاتى زوو نشينطةى ثيَغةمبةرى خوا ئيبراهيم ثيَغةمبةر بووة، بةلآم دواتر كةسانى بيَباوةرِ تيايدا دةركةوتن كةثيَيان دةوترا صابيئيةكان، ئةمانة لةبرى خواى طةورة ئةستيَرةيان دةثةرست.

كاتيَك ئاييني ئيسلام هات لةسةردةمى خةليفةى موسولَمانان عومةرى كورِي خةتابدا لةلايةن موسولَمانانةوة شارى حةران ئازاد كرا، ئيتر ئاييني خوا طةيشتة ئةو شارةو ريشةى بتثةرستى تيايدا وشك بوو.

لەناو ئەم شارە کوردیەدا بنەماڵەیەکی طەورەو خواناس دەرکەوت کەزۆربەی هەرە زۆري کەسەکانی زانای طەورە و هەڵکەوتەی ناو موسوڵمانان بوون.

ثرسیار ئەو بنەماڵەیە کيَ بوون؟

وەلآم: ئەو بنەماڵەیە بنەماڵەي تەیمیة بوو، ئەوانە دەیان زانای طەورەیان ثيَشکەش کرد بەموسوڵمانانء تا ئەمرِۆش موسوڵمانان قەرزاری زانست و خزمەتی ئەوانن.

لەو شارەداو لەناو ئەو بنەماڵەدا زانایەکی طەورە هەبوو کەناوی عەبدولحەلیم بوو، ئەو زانایە هەر لە منداڵیەوە لەسەر دەستی باوکی زانستی وەرطرت و ثيَطەیشت و دواتر کەوتە وانەوتنەوەو بلآوکردنەوەی زانستء خزمەت کردن بەموسوڵمانان، تا کاتی خۆي هات ذنيَکی هيَنا بەناوی ستونیعەم کە ئافرەتيَکی زیرەك و زانا بووە.

خوای طەورە ضەند منداڵيَکی بەخشي بەم ذن وثیاوە زاناو خواناسە، هەموو منداڵەکانیشیان کەسي دیار و زانا دەرضوون کە خزمەتيَکی طەورەیان ثيَشکەش کرد.

ثرسیار: ناوی منداڵەکانی ضي بوون؟ وەلآم: ناوی منداڵەکانی بریتي بوون لە (عەبدورحمان، عەبدولآ، ئەحمەد).

لەهەموویان زیرەکتر و زاناتریان ئەحمەد بوو کە لەبەر زۆر زیرەکیەکەی بوو بەکەسایەتی هەرە دیاری بنەماڵەکەی، هەر لەبەرئەوەش بەناوی بنەماڵەکەیەوە ناسراوەو بە (ئیبن تەیمیة) ناوی دەبریَت.

ئیبن تەیمیة لەساڵي 661 کۆضي لەشاری حەران لەدایك بوو، لەويَ سەرەتای ذیانی دەستی ثيَکرد، هەر لەمنداڵیەوە دایك و باوکی طرنطییەکی زۆریان ثيَدا تا زانستی زۆري ثيَببەخشن، بەلآم هيَندەی نەبرد باری ذیانیان تيَکضوو و ناضار بوون شارو ناوضەي خۆیان جيَبهيَلَن، ئەوکات هيَشتا تەمەنی ئیبن تەیمیة شەش ساڵ زیاتر نەبوو.

ثرسيار:بۆضي ناضار بوون شارو ناوضەي خۆيان جيَ بهيلَن؟

وەلآم: ضونكة مەغۆلەكان كة خەلَكيَكى دڕِندەو ثياوكوذ و خراثةكار بوون هيَرشيان هيَنا بۆ سەر شارەكەيان، بۆية ئەو خيَزانة ناضار بوون كۆض بكەن بۆ ولآتى شام بۆ شارى ديمەشق، بۆئەوەى دەستطير نەكريَن بەشتەو كۆضيان كرد و هەرضي كتيَبيان هەبوو بەضەند عەرەبانەيەك لەطەلَ خۆياندا برديان تا لەويَش لة زانست نەبڕِيَن.

كاتيَك ضوون بۆ شاري ديمەشق لەويَ باوكى لەمزطەوتدا وانەى دەوتەوەو ئيبن تەيميەش بەردەوام زانستى وەردەطرت و لەخزمەت ضەندين زانا و مامۆستادا زانستى وەردەطرت، بەوجۆرة طەورة بوو تا طەيشتة تەمەنى طەنجى.

رۆذيَك عەبدولحەليم مندالَەكانى كۆكردەوە تابيانبات بۆ سەيران و طەڕِان، بەلآم ئيبن تەيمية داواى كرد لەباوكى ريَي بدات نەضيَت بۆ سەيرانەكة، باوكيشي رازى بوو، تا باوكى و براكانى ضوون بۆ طەڕِانەكەيان و هاتنەوە ئيبن تەيمية كتيَبيَكى طرنط و طەورەى زانايەكى لەبەركردبوو، كەباوكى هاتەوەو ئەوەى بيني تەواو سەرسام بوو بەتواناى كوڕەكەى، بۆية ترسا خەلَكى زيانى ثيَبطەيەنن، بة ئيبن تەيميەى كوڕِى وت رۆلَة شيرينەكەم ئەمة بۆ كەس باس نەكەيت.

جاريَك زانايەكى حەلەبي هاتة ديمەشق و بيستبووى ئيبن تەيمية زيرەكة، بۆية ضوو بۆلاى تا تاقي بكاتەوە، كاتيَك ثرسيارى ليَكرد و ئيبن تەيمية وەلآمى دايەوە هيَندة زيرەكانەو بەهيَز وەلآمى دايەوة كەزاناكة تەواو ثيَي سەرسام بوو، زاناكة يەكسەر وتى ئەطەر ئەم كوڕِة بميَنيَت لة داهاتوودا رۆلَي زۆر طەورەى دەبيَت.

ئيتر هيَندة زيرەك بوو تاخيَرا بوو بەزانايەكى ديارو لەتەمەنى حەظدة سالَيدا فەتواى دەدا لەسەر مەسەلەكان، فەتواكانيشي راست بوون و زانايان رەخنەيان ليَ نەدەطرت.

ئيبن تەيمية هيض كات ثارەو شتى لەخەڵك وەرنەدەطرت ضونكة هەر لەمندالَييەوە بەڵيَنى دابوو بەخواى طەورة كة لەسەر قورئان ثاداشت وەرنەطريَت، بۆية كاتيَك قورئانى لەبەردەكرد و كەسيَك بيويستاية خەڵآتى بكات وەري نەدەطرت، ضونكة دەيوت من تەنيا لاى خوا ثاداشت وەردەطرم.

هيض كات ئيبن تەيمية رەخنەى نەدەطرت لەخواردن، بەڵكو بەهەر خواردنيَكى حەڵآل رازى بوو و نارەزاييشي دەرنەدەبڕِي.

لة سالَي 692 كۆضيدا واتة تەمەنى 31 سالَي ئيبن تەيمية لەطەڵ كاروانيَكدا ضوو بۆ حەج، لەريَطەى سەفەريياندا رەشەباية‌كى توند هەڵيكرد كەذمارەيەكى زۆري خەڵكەكة بەو هۆيەوە مردن، بەلآم ئيبن تەيميەو ذمارەيەكى تر لەخەڵكەكة رزطاريان بوو.

دواى ئەوەى باوكى كۆضي دوايي كرد ئيبن تەيمية لەشويَني باوكيدا لەمزطەوتدا وانەى دەوتەوە، هيَندة زيرەك بوو كەكاغەزو نووسينى لەبەردەستيدا نەبوو و هەموو شتەكانى لەبەر بوو، ئيبن تەيمية لەوتارەكانيدا زۆر طرنطى دەدا بة فەرموودة و لەريَبازى راستى زانايانى ثيَشوو لاى نەدەدا، دواى وتارەكەش طويَي دەطرت لة ثرسيارى خەڵك و وەلآمى ثرسيارەكانى دەدايەوە.

جاريَك ئيبن تەيمية نەخۆش كەوت، كاتيَك ضوو بۆ لاى ثزيشك ثزيشكەكة ثيَي وت زۆر مەخويَنەرەوەو خۆت ماندوو مەكة، لة وەلآمدا ئيبن تەيمية وتى مەطەر ئيَوە نالَيَن ئەطەر كەسيَك حەزەكەى بيَتەدىء خۆشي بيَت ئەوة بۆ تەندروستى باشة، دەى من لەكاتى خويَندنەوەو زانستدا تەواو خۆشيمة و دەبيَت باش بيَت بۆم، بۆية هۆكارى نەخۆشيەكەى من ئەوة نية.

ئيبن تەيمية لەبەرطريكردنى لة موسولَمانان زۆر دليَر و نەترس بوو، كاتيَك مەغۆلەكان هاتن و شاميان داطير كرد، سەكردەكەيان ناوى (غازان) خان بوو، ئيبن تەيمية لەطەلَ ذمارەيەك زاناى تر ضوون بۆ لاى، ئيبن

تەیمیة هێندە بەرەقي قسەی لەطەڵ کرد کەهەموو زاناکانی تر ترسان، ئەو داوای کرد هەموو بەندکراوانی موسوڵمانان و بەندکراوە ناموسوڵمانەکانیش ئازاد بکرێن، ئەویش رازی بوو، ثاشان هەموویانی ئازاد کرد، کاتێك طەڕانەوە زاناکانی تر وتیان لەطەڵ ئەو ناضینەوە تووشي شتێکمان دەکات، کەضي ویستی خوا وابوو ئیبن تیمیة بەسەلامەت طەیشتەوە، کەضي ئەوان تووشي دەستەیەکی مەغۆلة رێطرەکان بوون کە ضییان ثێبوو لێیان سەندن و ئازاری زۆریشیان دان.

کاتێك جارێکی تر مەغۆلەکان هاتن تا خاکی شام داطیر بکەن ئیبن تەیمیة هانی موسوڵمانانییدا تا رێیان ثێنەدەن و وتاری بۆ دەدان، خۆیشي ضوو بۆ لای سەرکردەی موسوڵمانان لەمیصر تا رازی بکات بێت بۆ هاوکارییان، ئەوەبوو بەسوثایەکەوە هاودەم بەسوڵتان طەڕایەوەء لەجەنطەکەدا خۆیشي بەشداری کردو خوای طەورەش سەرکەوتنی بەخشي بەموسوڵمانان، لەجەنطەکەشدا ئیبن تەیمیة بەردەوام موسوڵمانانی هاندەدا تا نەترسن و لەرێي خوادا بەطەرمی بجەنطن ضونکە خوا موسوڵمانان سەردەخات.

هەمیشة هەندێك کەس هەن کە حەز ناکەن کەس لەوان طەورەتر بێت و خۆیان بەطەورە دەزانن، بۆیە ذمارەیەك لەو جۆرە کەسانة کەوتنە ثیلان طێڕان دذ بەئیبن تەیمییەو لای دەسەڵآتداران تۆمەتیان بۆ دروست دەکرد تا ئەوەی بوونە هۆکاری بەندکردنی ئیبن تەیمیة، سێ جار لەدادطای دیمەشق دادطایي کرا، بەڵآم لەهیض کامیاندا نەیانتوانی بیسەلمێنن کە تاوانبارە و کاتێك زانییان بێتاوانة ئیبن تەیمیەیان ئازاد کرد.

بەڵآم جارێکی تر کەسانێکی ناو میصر کە رقیان لەتاوبانطی ئیبن تەیمیة بوو، تۆمەتیان بۆ دروست کردو داوایان کرد لەمیصر دادطایي بکرێت، خەلیفەش ئەوکات لە میصر بوو، ئەوان سەرکردەی وڵآتیان رازی کرد تا داوا لەدەسەڵآتداری شام بکات ئیبن تەیمیة بنێرێت بۆ میصر، هەرضەند ئەو رازی نەبوو بەڵآم ئیبن تەیمیة خۆي برِیاریدا بضێت و لەوێیش وەڵآمی طومانەکان بداتەوە.

ئیبن تەیمیە بەڕێکەوت بەرەو میصرو لە کۆتاییەکانی مانطی ڕەمەزاندا طەیشتە شاری قاهیرە، کاتێك طەیشت ڕۆژی هەینی بوو، لەدوای نوێژی هەینی لەطەڵ زاناو کەسە دیارەکان مشتومڕی ئەنجامدا، بەڵام دواجار لەوێش بەندکراو دواتر طوازرایەوە بۆ بەندیخانەیەك کە ثێی دەوترا (جب)، بەڵکو دوو برایشی لەطەڵ خۆیدا بەند کران.

هێندە دذایەتی ئەو زانایە کرا کە تەنانەت ئەوانەش شوێن نووسینەکانی بکەوتنایە ئەو کەسانەش بەند دەکران.

ثرسیار: بۆضی دەسەڵاتداران وایان دەکرد لە کاتێکدا موسوڵمانیش بوون؟

وەڵام: لەبەرئەوەی هەندێك کەس کەحەزیان نەدەکرد ئیبن تەیمیە وەك زانایەکی طەورە دەربکەوێت وایان وتبوو بەدەسەڵاتداران کە ئیبن تەیمیە خەڵکی طومڕا دەکات، بەڵام ئیبن تەیمیە ڕێی نەدەدا کەس لەدذی دەسەڵاتدارانی موسوڵمانان هیض بکەن ضونکە نەبوونی ئاذاوەو ثاراستنی یەکڕیزی و ئاشتی ناو موسوڵمانانی لەلا طرنطتر بوو تا ئازادبوونی خۆی.

ئیبن تەیمیە ثاش ماوەیەك ئازاد کراو ئەو ماوەیەی ئازاد کرا لەمزطەوتەکاندا وانەی دەوتەوەو خەڵکی فێری زانست دەکرد، هاوکات نامەی دەنارد بۆ دایکی خۆشەویستی و بۆ خەڵکی دیمەشق و خۆشەویستی خۆی بۆیان دەردەبڕی.

هێندەی نەبرد جارێکی تر ئیبن تەیمیە بەند کرا، ئەمجارەش یەکێك لەبراکانی لەطەڵیدا بەندکرا، بەڵام هێندەی ثێنەضوو کە سوڵتانی موسوڵمانان خۆی هات بۆ بەندیخانە بۆ لای ئیبن تەیمیەو ئازادی کرد.

ثرسیار: ئەو سوڵتانە کێ بوو کە ئیبن تەیمیەی ئازاد کرد؟

وەڵام: ئەوسوڵتانە ناوی سوڵتان ناصر بوو کە کاتێك توانی بێتە سەر دەسەڵات خێرا ئیبن تەیمیەی ئازاد کرد.

ئاش حەوت ساڵ مانەوە لەمیصر دواجار ئیبن تەیمیة لەطەڵ سوڵتانی موسوڵماناندا طەڕِایەوە بۆ شام، لەویَ ثیَشوازیەکی طەرمی لیَکراو خیَرا ئەویش دەستی کردەوە بەوانە وتنەوە.

بەلاّم هیَندەی نەبرد جاریَکی تر ئەو زانایە کەوتە بەر ثیلانی ناحەزان و سەرلەنویَ تۆمەتیان بۆ دروست کرد و ئیبن تەیمیەی زانای بیَتاوان جاریَکی تر بەند کرا، ئیتر لەو بەندیخانەیەدا مایەوە تا ئەوەی دواجار لەویَ نەخۆش کەوت و کۆضي دوایي کرد.

لە ماوەی ئەو بەند بوونەیدا ئیبن تەیمیة هەشتاو یەك جار هەموو قورئانی ثیرۆزی خویَندەوەو زیکرو ثەرستشي زۆري دەکرد.

کاتیَك کۆضي دوایي کرد هەمووان بەمردنی دلَتەنط بوون تەنانەت ئەوانەش کە دذی بوون، شار تەواو قەرةبالَغی دایطرت و هەموان هاتن بۆ نویَذکردن لەسەر تەرمەکەی و مەراسیمي ئەسثەردەکردنەکەی، هیَندة قەرةبالغ بوو کە بازاڕي شار داخرا، نزیکەی ثیَنج سەد هەزار کەس نویَذیان لەسەر تەرمی ئیبن تەیمیة کرد.

ئاش خۆي ئیبن تەیمیة نووسین و کتیَبي زۆری جیَهیَشت بۆ موسوڵمانان، کتیَبەکانی نزیکەی سەد کتیَب زیاتر دەبوون کە تا ئەمڕِۆش موسوڵمانان دەیانخویَننەوەو سوود لە زانستەکەی وەردەطرن.

## ثەند و وانة

زۆر ثیَویستة حەز بکەین بەدوای زانستدا بطەڕِیَین و هەمیشة لەطەڵ کەسانی زیرەك و زانادا هەڵسوکەوت بکەین.

سوثاسي خوای طەورة بکەین کە لەنارِەحەتی و ستەم و هیَرشي دوذمنان بمانثاریَزیَت، نابیَت موسوڵمان ئاوات بە بەرةنطاربونەوەی دوذمن

بخوازيَت و داوا لة خوا بكات سةلامةتى ثيَببةخشيَت، ضونكة ئاذاوةو جةنط هؤكارى ويَرانيية.

طةورةترين سامانى بةنرخ و نةفةوتاو بريتية لةزانست و دةبيَت لةهةموو كاتيَكدا هةولَي زانستخوازى بدةين، بةراستى كتيَب هاورِيَيةكى خؤشةويستء دلَسؤزةو دةبيَت بةجوانى كتيَبةكانمان بثاريَزين.

جيهاد كردن لةرِيَي خواى طةورةدا فةزلَى زؤري هةيةو بةردةوام هاوةلآن و زانايانى ئيسلام ئةطةر جيهاد كردنيان بةدى كردبيَت تيايدا بةشدار بون.

نابيَت هةرطيز رةخنة بطرين لةخواردن و بةهةموو بةخششيَكى خوا رازى بين، ئةطةر بةدلَمان نةبوو خواردنةكة نةخؤين و بيَطلةيي كردن بطةرِيَينةوة دواوة.

هةميشة ثشت بةخواى طةورة ببةستين و دلَنيابين خواى طةورة ئاطاى لةهةموو شتيَكةو هةرضييةك خوا بيةويَت تةنيا ئةوة دةبيَت.

دةبيَت هةميشة ورياى ئاشتى و خؤشي موسولَمانان بين و خؤمان بثاريَزين لة فيتنةو ئاذاوةنانةوة وةك ضؤن ئيبن تةيمية هةرضةندة بةنديش كرابوو كةضي نةيدةهيَشت بةهؤي ئةوةوة موسولَمانان كيَشة بكةويَتة نيَوانيانةوة.

خواى طةورة ثالَثشتى موسولَمانانةو هةركات موسولَمان راستيةكى زانى و ثيَويست بوو بيلَيَت نابيَت بترسيَت و دةبيَت بيلَيَت بةتايبةت وتنى راستى لةبةردةم كةسي ستةمكاردا طةورةترين جيهادى ريَي خواية.

## ثرسيارةكان

1. ئيبن تةيمية ناوى ضي بوو؟ لة كويَ لةدايك بوو؟
2. بنةمالَةي تةيمية بة ضي ناسراون؟
3. ئيبن تةيمية ضؤن تةمةنى مندالَي بةسةر برد؟
4. باسي طةشتى حةجى ئيبن تةيمية بكة.
5. كاتيَك مةغؤلةكان هاتن بؤضي ئيبن تةيمية ضوو بؤ ميصر؟
6. بؤضي ئيبن تةيمية زوو زوو بةند دةكرا؟
7. باسي مردنى ئيبن تةيمية بكة.
8. دةتوانيت ذيانى ئةم زانناية باس بكةيت بؤ خوشك و براكانت يان بؤ هاورِيَكانت؟

## ئیبن قەیم

یەکێکی تر لەزانا ناودارو طەورەکانی جیهانی ئیسلامی (ئیبن قەییمی جەوزی)یە کە تا ئەمڕۆش نووسینەکانی لەبەردەستی موسوڵماناندان و سوودیان لێدەبینریێت، بەڵکو یەکێکە لەو زانایانەی تا ئەمڕۆش نووسینەکانی زۆر بایەخییان ثێدەدریێت و وەردەطێردریێن بۆ زمانە جۆراوجۆرەکان لەوانەش هەندێك کتێبی وەرطێردراون بۆ سەر زمانی ثاراوی کوردی.

ئیبن قەییم لەشاری دیمەشق لەدایك بوو، دیمەشق ثایتەختی ئەمڕۆي سوریایە، هەر لەزووەوە ئەو شارە مەڵبەندو لانەی زانایان و کەسە طەورەکان بووە، وەك بینیمان ئیبن تەیمیەش کەزانایەکی طەورەی ئیسلام بوو لەدیمەشق ذیا و هەر لەویَش کۆضي دوايي کرد.

ثرسیار: ئیبن قەیم ناوی ضي بوو؟

وەڵام: ئیبن قەیم ناوی موحەممەد بووەو باوکیشي ناوی قەیم بووە، ئەو بنەماڵەیە ناسرابوون بەجەوزی، هەر بۆیە موحەممەدی زاناش لەبري ئەوەی بەناوی خۆیەوە ناو دەربکات زیاتر ناسراوە بەئیبن قەیمي جەوزی، قەیمي باوکی یەکێك بووە لە زانا ناسراوەکانی ناو دیمەشق و لەخوێندنطەی جەوزی لەدیمەشق سەرقاڵ بوو، بۆیە هەم خۆیشي و هەم نەوەکانیشي ناسران بەجەوزی لەبەر بوونی باوکیان لەو قوتابخانەیەدا.

ئیبن قەیم لەساڵي 691 کۆضي لە شاری دیمەشق لەدایك بوو، هەر لە سەرەتای ذیانیەوە لەناو خاك و ناوضەي زانایاندا طەورە بوو.

ئیبن قەیم کەسێکی زۆر لەخواترس و باوەڕدار بوو، ئەو هەمیشە سەرقاڵ بوو بە ثەرستنشي خوای طەورە و خۆي دەثاراست لە هەموو

تاوانێك، هەوڵي دەدا خوای طەورە رازی بکات، ضونکە دەیزانی رەزامەندی خوای طەورە لەهەموو شتێك طرنطترە، زۆربەی کاتی خۆي سەرقاڵ دەکرد بە زانستەوەو لە خزمەت مامۆستایاندا دەبوو یان وانەی دەوتەوە یان خۆي سەرقاڵ دەکرد بەنووسیني کتێبەوە تا موسوڵمانان لێي سوودمەند بن.

کاتێك نوێذي دەکرد حەزی دەکرد ماوەیەکی زۆري ثێبضێت، ئیتر قورئانێکی زۆر زۆري دەخوێندو زۆر لەکڕنووش و سوجدەدا دەمایەوە، ثاش نوێذەکەشي زۆر بەهێمنی و بەبێ ثەلەکردن دادەنیشت و زیکري خوای طەورەی دەکرد، بەتایبەت کە نوێذي بەیانی دەکرد نەدەخەوتەوە، بەڵکو دادەنیشت یادی خوای دەکرد تا تەواو دونیا رۆشن دەبوو و خۆر هەڵدەهات.

ئیبن قەیم ماوەی رۆذانەی خۆي بەضەند کارێك دەبردە سەر، لەوانە: خۆي سەرقاڵ دەکرد بەنوێذ و ثەرستنشەکانەوەو لەوەشدا نموونەیەکی باڵآ بوو، هەروەها لەقوتابخانەی جەوزی ثێشەوایەتی دەکردو وانەی دەوتەوە، هەروەها لە ضەند شوێنێکی تري وەك صەدریة و شوێنانی تر وانەی دەوتەوە، ماوەیەکی دانابوو تایبەت بەکێشەکانی خەڵك و وەڵآمدانەوەی ثرسیارەکانیان تابەثێي بڕیاری شەریعەت کێشەکانیان بۆروون بکاتەوەو ضارەسەري دروستیان بخاتە بەردەست، کاتێکي تایبەتیشي دانابوو بۆ نووسیني کتێب و بابەتی طرنط بۆ موسوڵمانان، ئیتر نووسینەکانی هێندە زۆرن کە لەسەروو 30 کتێبەوە دەبوون، کتێبەکانیشي هێندە بەهێزن کە بۆ هەموو کاتێك دەبن، ئێستاش لە کوردستاندا هەندێ لە کتێبەکانی کراون بە کوردي و ضاث کراون.

ثرسیار: ئایا ثەیوەندی نێوان ئیبن قەیم و ئیبن تەیمیة ضۆن بوو؟

وەڵآم: ئیبن قەیم خوێندکارێکی زۆر زیرەك و طوێڕایەڵي ئیبن تەیمیة بوو، بەڵکو لەسەر ئەوەی زۆر طوێي دەطرت لەئیبن تەیمیة لەسەر ئەوە ئازارو نارەحەتی زۆري تووش بوو ضونکە کەسانێك هەبوون حەزیان

نەدەکرد ئیبن تەیمیة کەسي لە دەور بێت و ئێیان خۆش نەبوو ئەو هێندە زیرەك بێت، بۆیە دذایەتی خۆیشي و خوێندکارەکانی ئەویشیان دەکرد، ئەوەبوو کاتێك ئیبن تەیمیة بەند کرا ئیبن قەیمیش بەند کرا، بەڵام دوای ئەوەی ئیبن تەیمیة مرد ئیتر ئیبن قەیمیان ئازاد کرد.

ئیبن قەیم منداڵێکی زیرەکی هەبوو کە ناوی ئیبراهیم بوو، ئەو منداڵەی لەلای ئیبن قەیمي باوکی وانەی دەخوێندء هەوڵیدەدا شوێن ئێي باوکی هەڵبطریێت، هەموو خوێندکارەکانی ئیبن قەیم بوون بە زانای طەورة و دیاری ناو موسوڵمانان وەك ئیمامی ئیبن کەسیر و ئیمامی ئیبن رەجەب و ئیمامی زەهەبي و ضەندیني تر کە هەموویان خوێندکاری ئیمامی ئیبن قەیم بوون.

جارێکیان شەوی ئێنج شەممة بوو، دەنطی بانطی عیشا لە مزطەوتەوة بەرز دەبوویەوة، لەو کاتەدا ئیبن قەیمي زانای خواناس کۆضي دوایي کرد، ئەمەش لە ساڵي 751 کۆضیدا بوو، ئیتر تەرمەکەی مایەوة تا موسوڵمانان هەموویان بتوانن نوێذي لەسەر بکەن، ئەوەبوو بۆ بەیانیەکەی لەکاتی نوێذي نیوەڕۆدا لەمزطەوتی ئومەوی نوێذي لەسەر کرا، دواتر خەڵکەکە هێندە زۆر بوون کەدەیانویست نوێذي لەسەر بکەن لەمزطەوتی (جەراح) یش نوێذیان لەسەر کرد، ئینجا برا بۆ طۆڕستان و بەدەم فرمێسك و طریانەوة لەناو قەرەباڵغیەکی زۆر و کەم وێنەدا تەرمی ئەو زانایەی ئیسلام خرایة ذێر خاك، خوای طەورة بەهەشتی بەرین بکاتة شوێنی و لەدۆزەخ بیثارێزێت و لەرۆذي دواییدا بەبینیني لەبەهەشتدا خۆشحاڵمان بکات.

## ئەندو وانة

هەمیشة ئێویستة بطەڕێین بەدوای زانستدا و هەوڵ بدەین زانایانی دەوروبەرمان بکەین بەمامۆستای خۆمان و زانستیان لێوەربطرین تا

بتوانین شوێن ثێي زانایان هەڵبطرین و ببینة مایەی خێرو سوود بۆ دەوروبەرمان.

ثێویستة هەوڵ بدەین کة طەورة بووین کتێبەکانی ئەم زانا طەورةیة بخوێنینەوة، هەروەها لەئێستاشدا بەدایك و باوك یان مامۆستاکانمان بڵێین کتێبەکانی ئەو زانایة بخوێننەوەو بۆمان باسیان بکەن تا سوود وەربطرین لەزانستی هەرضەندە ئەو مردووة بەڵام کتێبەکانی بەزیندوویي ماونەتەوة.

ثێویستة ئێمەی موسوڵمان زۆر طرنطی بدەین بەیاد و زیکري خواو نوێذەکانمان بەجوانی بکەین و ثةلة نەکەین لە نوێذەکانماندا، ضونکة نوێذکردن قسەکردنة لەطەڵ خوای طەورة، هەروەها طرنطی زۆر زیاتر بدەین بەنوێذي بەیانی و یادکردنی خوا لەدوای ئەو نوێذة و ئەطەر بتوانین دوای ئەو نوێذة سەرقاڵي زیکر بین تا رۆذ دەبێتەوة.

## ثرسیارەکان

1- ئیبن قەیم لەساڵي ضەندو لە کوێ لەدایك بوو؟

2- شاری دیمەشق بەضي ناسراوة؟

3- ثەیوەندی نێوان ئیبن قەیم و ئیبن تەیمیة باس بکە.

4- دەتوانیت ناوی هەندێ خوێندکاری ئیبن قەیم بهێنیت؟

5- بۆضي ئیبن قەیم بەند کرا؟

6- دەتوانیت باسي مردنی ئیبن قەیم بکەیت؟

7- جوانترین شت لەذیانی ئەم زانایەدا بەلای تۆوة ضیة؟

## موحةممةدى فاتيح

لةناو ئيسلامدا هةموو نةتةوةكان جيَيان ئةبيَتةوةو قبوولَ كراون، ئيتر لةخواترسان بةثيَي رةنط و نةتةوة نيية، بةلَكو ئةوةى بنةرِةتة لةئيسلامدا لةخوا ترسان و ثةيرِةوى جوانتري ثةيامى ئيسلامة، بؤية هيض كات ئيسلام جياوازى ناكات لةنيَوان كورد و عةرةب و تورك و فارس و ئينطليز و هةر نةتةوةيةكى تردا، بةلَكو جياوازيةكة لةسةر ئةوةية كاميان كارى ضاكة زياتر بكات، هةر بؤية ئةو طةلانةى موسولَمان بوون هةولَياندوة ثيَشبرِكيَ بكةن لةكارى ضاكةو خزمةتكردن بةثةيامى خوادا.

يةكيَك لةو نةتةوانةش توركةكان بوون كة موسولَمان بوون و توانيويانة بة دريَذايي ميَذوو خزمةتى طةورة ثيَشكةش بكةن بةموسولَمانان، ئةطةرضي لةم دواييانةى ميَذوودا كاتيَك طويَرِايةلَى ريَنماييةكانى ثةيامى خوا نةبوون هةنديَكيان ستةمي زؤريان كرد لة طةلى كوردى موسولَمان ، بةلآم ثيَشتر توركةكان زؤر باوةردار بوون و خزمةتى طةورةيان بةئيسلام دةكردو هةموو هةولَيان بؤ ئةوة بوو ئيسلام بطةيةنن بةو شويَنانةى كةئيسلاميان ثيَنةطةيشتووةو دةولَةتى ئيسلامى طةورة بكةن.

توركةكان توانييان دةولَةتيَك دابمةزريَنن كة ناويان نا دةولَةتى عوسمانى، ئةوةش لةبةرئةوةى يةكةم كةس دايمةزراند ناوى عوسمان بوو، لةناو ئةو دةولَةتةدا ضةندين سولَتانى بةهيَز هاتن تا ئةوةى سولَتانيَكيان هات بة ناوى موحةممةد كة توانى رؤلَيَكى طةورة ببينيَت و ببيَت بة يةكيَك لةو كةسانةى كة طةورةترين خزمةتيان ثيَشكةش بةموسولَمانان كرد، وةك ضؤن صةلاحةدينى كورد قودسي رزطار كرد، موحةممةدي توركةكانيش قوستنتينيةى ثايتةختى مةسيحيةكانى ئازاد كرد.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەر لەسەردەمی خۆیدا هەواڵی دابوو بەهاتنی ئەم سەركردەیە كاتێك بەهاوەڵانی خۆی فەرموو بە دڵنیاییەوە قوستەنتینیە ئازاد دەكرێت، بەراستی ئەو سوپایەی ئازادی دەكات سوپایەكی زۆر باشەو سەركردەكەشی سەركردەیەكی زۆر باشە.

موحەممەد لەساڵی 833 كۆچی لە شاری (ئەدرنە) لەتوركیا لەدایك بوو، باوكی ناوی موراد بوو كە سوڵتانی ئەو كاتی عوسمانیەكان بوو، دایكیشی ناوی (هوما) خاتوون بوو، ئیتر موحەممەد هەر لەسەرەتای ذیانیەوە لەناو كۆشك و دەسەڵاتدا لەدایك بوو، زۆر بەجوانی طەورە دەكرا و خزمەتی باشی دەكرا، باوكی مامۆستای تایبەتی بۆ دانابوو تا هەر لەمنداڵییەوە وانە فێر ببێت، یەكێك لەدیارترین مامۆستاكانیشی مامۆستایەكی زانای طەورەی كورد بوو كە ناسرابوو بە شێخی طۆرانی.

بۆئەوەی موحەممەد فێری كاری بەڕێوەبردن بێت موورادی باوكی بڕیاریدا موحەممەد بنێرێت بۆناوضەی (ئەماسیا) تا بەڕێوەبەردنی ئەوێ بداتە دەست، ئیتر بەوە فێری بەڕێوەبردن دەبێت، ئەو كات هێشتا تەمەنی موحەممەد یانزە ساڵ بوو، ئەوەش نیشانەی طرنطی ثێدانییەتی لەلایەن باوكییەوەو بەهێزیء زیرەكی موحەممەدیشە.

موحەممەد سەرەتا لەویَ زۆر طویێ نەدەطرت لەمامۆستاكانی، بۆیە باوكی بڕیاریدا مامۆستا و زانایەكی زۆر طەورەی بۆ بنێرێت تا جوان ثەروەردەی بكات، ئەوەبوو شێخ ئەحمەدی طۆرانی بۆنارد كە زانایەكی طەورەی كورد بوو.

شێخی طۆرانی هێندە لەلایەن باوكی موحەممەدەوە مۆڵەتی ثێدرابوو كە ئەطەر موحەممەد تەمبەڵی بنواندایە یان لاریەكی هەبوایە شێخی طۆرانی بە دارێك لێیدەداو تەمبێی دەكرد تا دووبارەی نەكاتەوە، هەروەها هەر لەسەرەتاوە شێخی طۆرانی بەردەوام ئەوەی فێری موحەممەد دەكرد كە

فەتح كردنى قوستەنتينية ضەندة طرنطەو باسي فەرموودەى ثيَغەمبەرى خواى بۆ دەكرد لەو بارةيەوة تا لەئايندەدا كة بوو بة سولَتان هەولَبدات ئەو كارة بكات، موحەممەديش بەجوانى ئەوەى وەرطرت و كردى بة ئامانجى خۆي ئەطەر بوو بەسولَتان ئەو كارة بكات.

لەماوةيەكى كەمدا شيَخى طۆرانى هەموو قورئانى بەموحەممة خويَندو فيَري وانەكانى شەريعەت و هەنطاوى خواترسي كرد، موحەممەديش زۆر لەمامۆستاكەى دەترسا و شەرمي ليَدەكرد، ضونكة زانايەكى زۆر طەورةو بەرِيَز بوو، بەو جۆرة ثەروەردەكردنى لەسەر بنەماكانى ئيسلام زۆر كاريطەري لەسەر موحەممەد هەبوو، ئيتر موحەممەد زۆر هەولَيدەدا ئەو فەرموودەيەى ثيَغەمبەر($\sigma$) تايبەت بەفەتحى قوستەنتينية ئەو بطريَتەوة.

(سولَتان موراد) كة بيني موحەممەدى كورِي ضاك ثەروەردة بووة برِياريدا واز لة دەسةلآت بهيَنيَت بۆ موحەممەدى كورِي و خۆي بضيَتة ناوضةيەكى دوور تا دوور لەسەختى دەسةلآت بذي، ئەوكات تەمەنى موحەممەد (14) سالَ بوو، بەلآم هيَندة لەويَ نەبوو كەبيستى (مةجەري)ةكان كة خەلَكيَك بوون هەلَطەرِاونەتەوة لەدەسةلآت، نامەى نووسي بۆ باوكى و داواى ليَكرد خۆي بيَتەوەو دەسةلآت بطريَتەوة دەست، ئەويش طەرِايەوەو سەركردايەتيى سوثاى كردو جەنطيَكى طەورەى دذ بەمةجەريةكان ئەنجامدا و تيايدا موسولَمانان سەركەوتن.

ماوةيەك سولَتان موحەممەد ضوو بۆ شارى (مانيساء) لەويَ مايەوة، لەو ماوةيەدا ذنى هيَنا، ناوى ذنەكەى (ئامينة طولَبەهار) بوو كة بەبنەرةت خەلَكى يۆنان بوو، دواى ماوةيەكى تريش ذنيَكى تري هيَنا كة ناوى (ستتى) بوو، ئەم ذنەي توركمان بوو، ئيتر بەردەوام باوكى هاريكارى بوو تا كيَشة طەورةكانى ولآت ضارةسەر بكات، ضونكة هيَشتا موحەممەد طەنج بوو و زۆر تواناى ضارةسەركردنى كيَشة طەورةكانى ولآتى نەبوو.

دوای ئەوەی باوکی کێشەکانی بۆ ضارەسەر کرد ئەوەبوو لەو ماوەدا کۆضي دوایي کرد، بۆیە موحەممەدی کورِي طەرِایەوەو شوێنی باوکی طرتەوە، ئاش بەخاکسشاردنی تەرمی باوکی ئیتر سوڵتان بەطەرمی کەوتە هەولَي بەهێزکردنی دەولَەتەکەی، ضونکە دەیزانی نابێت مەرطی کەسە ئازیزەکان ببێتە هۆکاری وەستان لەخزمەتکردن و سەرخستنی ئایینی خوا و باوکيشي هەتا ذیا وا خزمەتی دەکرد بۆیە دەیویست ئەویش وەك باوکی بێت.

سوڵتان موحەممەد کەوتە ئامادەسازییەکی ضاك بۆ ئەوەی ئاواتە طەورەکەی بەدیبهێنێت، ئەویش فەتح کردنی شاری قوستەنتینیة بوو، لەوەشدا شێخی طۆرانی هاندەری بوو، بۆ ئەوەش سوڵتان سوثاي ئامادە کردو زانایانیش باسي جیهادیان دەکرد بۆ سەربازان تا بەطەرمی بجەنطن، دواجار هێرشیان برد بۆسەر قوستەنتینیة و لەرووی دەریاو وشکانیشەوە هەڵمەتیان برد، بەڵام ئەوانیش بەسەختی بەرطرییان دەکرد و نەیاندەهێشت موسوڵمانان بضنە ناوی، ئیتر ذمارەیەکی زۆری موسوڵمانان شەهید بوون.

تەنیا یەك ریَطە مابووەوە، ئەویش طرتنی ناوضەیەکی ئاوی بوو دەبوو موسوڵمانان لەویَوە بەکەشتی هێرش ببەن تا شارەکە بطرن، بەڵام ریَطە نەبوو کەشتی بۆ ببەن.

ثرسیار: ئەی سوڵتان بۆ ضارەسەری ئەوە ضي کرد؟

وەڵام: سوڵتان برِیاریدا کاریَکی زۆر سەخت بکەن، ئەویش ئەوەبوو بەشاخەکەدا کە لەنێوان ئەوان و شوێنە ئاوییەکەدا بوو کەشتی ببەن بۆ ئەو شوێنە، ئەوەش بە شەو بکەن تادوذمن ثێیان نەزانیت و بەیانی کتوثرِ هێرش بکەنە سەریان، بۆیە سەربازانی موسوڵمانان داریان دەبرِیەوەو دارەکانیان ضەور دەکردن و بەسەرشاخەکەدا جادەیەکیان ثێ دروست کرد، دواتر بەهەمووویانەوە کەشتیەکانیان بەسەریاندا راکیَشا و بردنیانە ناوضە

ئاوييةكةوة، بةوةش كة رۆذ بووةوة دوذمنان تةواو سةرسام بوو و هيوای بةرطريكردنيان نةماو موسولَمانان توانييان دواجار قوستةنتينية ئازاد بكةن.

كاتيَك ضوونة ئةويَ سولَتان برِياريدا كةس بةناهةق نةكوذن و خويَنی ذن و منداڵ و ثيرو خةڵكی بيَتاوان نةرِذن، هةروةها سةربازانی كؤكردةوةو لةخؤشيدا دةستيكرد بةطريان و وتاريَكی ثيَشكةش كردو موذدةی ئةوةی ثيَدان كة ئةوان توانييان ئةو فةرموودةيةی ثَغةمبةر(σ) لةخؤياندا بةديبهيَنن كة ئةوةش طةورةترين موذدةية.

كاتيَك ناموسولَمان ةكان ئةو ليَبوردةيي و نةرمونيانةی سولَتانی موسولَمانانيان بينی بةشيَكی زؤريان موسولَمان بون و بؤيان دةركةوت ئايين ئيسلام ضةند جوانی و ضاكی لةخؤطرتووة.

سولَتان موحةممةد بةم سةركةوتنةوة نةوةستا، بةلَكو برِياري دا هيَرش بباتة سةر ناوضةكانی تريش تا ئةو ناوضانةش بخاتة سةر خاكی موسولَمانان و ئاييني ئيسلاميان ثيَ بطةيةنيَت، بؤ ئةوةش خوای طةورة سةركةوتنی زؤري ثيَ بةخشيء بةو هؤيةوة ضةندين ناوضة كةوتنة يَر دةستی موسولَمانان و زؤرةی خةڵكةكةشي بة ئارةزووی خؤيان و بةبيَ زؤر ليَكردن موسولَمان بوون، ضونكة كاتيَك موسولَمانان دةضوونة ئةويَ و لةطةلَيان زؤر ضاك بوون و باسي ئيسلاميان دةكرد بؤيان ئةوانيش سةرسام دةبوون بة ئيسلام و بة رةزامةندی خؤيان موسولَمان بوونی خؤيان رادةطةياند.

هةروةها سولَتان ضةندة طرنطی دةدا بةجيهادی ريَطةي خوا هيَندةش طرنطی دةدا بةبواری زانست و خويَندنطةكان و لةبةشةكانی ولآتدا ضةندين خويَندنطةو زانكؤو ثةيمانطةی دروست كرد، طرنطی دا بةمةنهةجی خويَندن و ريَزطرتنی زانايان و يارمةتيدانی خويَندكاران، هةروةها ضةندين نةخؤشخانةی طةورةی لةبةشة جياجياكانی ولآتدا بونيادنا، بةشيَكی زؤر

کتێبی ناوازە بەبڕیاری ئەم سوڵتانە وەرطێڕانە سەر زمانی موسوڵمانان، ضەندین بیناو دەزطای طەورەو طرنط بونیادنران، طرنطییەکی زۆري دا بەبواری ئابووری و بازرطانی زۆر ثێشکەوت، هەوڵیدا ستەم لە وڵآتدا نەهێڵێت و مافي ستەم لێکراوانی دەطێڕایەوە بۆیان، بەڵکو خەڵکی هەموان رازی بوون بەدەسەڵآتی ئەو سوڵتانەو نزای خێریان بۆ دەکرد، ئەویش تادوا ساتەکانی تەمەنی خووی نەدایە تەمبەڵي و هەموو هەوڵي خۆي دەخستەطەڕ بۆ خزمەتکردنی خەڵك.

دواجار ثاش خزمەتێکی زۆرو سەرکەوتنی طەورەی سوڵتان موحەممەد لەبوارە جیاجیاکاندا ئەویش وادەی مردنی هات و دواجار لەمانطی رەبیعولئەوەلی ساڵي 886 کۆضیداو لە تەمەنی ثەنجاو سێ ساڵیدا سوڵتان موحەممەد کۆضي دوایي کرد.

## ثەندو وانە

دەبێت بەجوانی ئەوە بزانین لە ئایینی ثیرۆزی ئیسلامدا طەورەیي و لەخواترسان بەثێي رەنط و نەتەوە نییە، بەڵکو ئەوەی بنەڕەتە لەئیسلامدا لەخواترسان و ثەیڕەوی جوانتري ثەیامی ئیسلامە، بۆیە هیض کات ئیسلام جیاوازی ناکات لەنێوان کورد و عەرەب و تورك و فارس و ئینطلیز و هەر نەتەوەیەکی تردا، بەڵکو جیاوازییەکە لەسەر ئەوەیە کامیان کاری ضاکە زیاتر بکات، هەر بۆیە ئەو طەلانەی موسوڵمان بوون هەوڵیانداوە ثێشبڕکێ بکەن لەکاری ضاکەو خزمەتکردن بەثەیامی خوادا.

هەرضییەك فەرموودەی ثێغەمبەری خوای (ﷺ) لەسەر بێت دەبێت ئێمەی موسوڵمان زۆر طرنطی ثێبدەین ضونکە ئەوە مایەی سەرکەوتنمانە لەدونیاو قیامەتدا، دەبینین سوڵتان موحەممەد هەموو ماوەی تەمەنی خۆي دانا تا ئەو فەرموودەیەی ثێغەمبەر(ﷺ) بیطرێتەوە، بۆیە ثێویستە ئێمەش

فةرموودةكانى ثيَغةمبةر(σ) لة خؤماندا جيَبةجيَ بكةين و تةمةنمان دابنيَين بؤ ئةو بوارة.

زؤر ثيَويستة ريَزى تايبةتى مامؤستايان بطرين ضونكة ئةوان دلَسؤزى ئيَمةن و كاتى خؤيان تةرخان دةكةن بؤ ئيَمة تا زانستمان فيَر بكةن و ريَي راستمان ثيشان بدةن و ماندوبوونى خؤيان لةبير دةكةن لةبةر ئيَمة.

جيهادكردن لةريَي خوادا و زانست فيَربوون و بلآوكردنةوةى زانست لةناو خةلَكدا دوو بوارى تةواوكةرى يةكترنء بة دريَذايي ميَذووى ئيسلامى موسولَمانان بة جيَبةجيَ كردنى هةردووكيان سةركةوتنيان بةدي هيَناوة.

## ثرسيارةكان

1.سولَتان موحةممةد لة سالَي ضةندو لة كويَ لةدايك بوو؟

2.سولَتان موحةممةد لة ض نةتةوةيةك بوو؟

3.تةمةنى مندالَي سولَتان موحةممةد ضؤن بوو؟

4.ئةو مامؤستاية كيَ بوو كة زؤر كاريطةرى هةبوو لةسةر سولَتان موحةممةد؟

5.بؤضي سولَتان موراد بؤ جارى دووةم خؤي بوويةوة بةسولَتان؟

6.بؤضي سولَتان موحةممةد هةولَى دةدا قوستةنتينية ئازاد بكات؟

7.سولَتان موحةممةد ضؤن قوستةنتينيةى ئازاد كرد؟

8.ئايا دواى ئازادكردنى قوستةنتينية سولَتان موحةممةد ضي كرد؟

9.دةتوانيت ئةم ضيرؤكة زؤر بة كورتى بنووسيتةوة؟

## ئیمامی جوەینی

هەزار ساڵێك لەمەوبەر جیهانی ئیسلامی تووشي نارِەحەتییەکی زۆر ببوو، ضونکە خاکی موسوڵمانان بەش بەش ببوو، هەر ناوضەیەك ء بەدەست کۆمەڵێکەوە بوو، ضەندین بیروباوەرِي جۆراوجۆر تەشەنەیان سەندبوو، ئیتر بوونی زانایانی طەورەء خواناس بۆ رێنموونی خەڵك ثێویست بوو.

لەو سەروبەندەدا خوای طەورە منداڵێکي بەدایك ء باوکێك بەخشي کە دواتر ئەو منداڵە بووبە زانایەکي طەورەو خزمەتێکي کەم وێنەي ثێشکەش بەموسوڵمانان کرد، ئەویش ئیمامی (جوەیني) بوو.

(جوەیني) لەبنەرِەتدا ناوی (عەبدولمەلیکی کورِي عەبدولآیە)و خەڵکي جوەینە، ئەم ناوضەش دەکەوێتە باکووری ئێرانەوە، ناوضەیەکی کشتوکاڵي طرنط بوو و شوێني هەڵکەوتنی دەیان زانای طەورە بوو، بەلآم باثیرەي عەبدولمەلیك لەثێناو زانستدا جوەیني جێهێشتء ضوو بۆ شاري نەیسابوور، بۆیە دواتر لەساڵي 419 ی کۆضیدا عەبدولمەلیك لەوێ لەدایك بوو و هەر لەوێ طەورە بوو و زانستي وەرطرت و تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد هەر لەوێ مایەوە مەطەر بۆ ماوەیەکي کەم جێي بهێشتایەو خێرا دەطەرِایەوە بۆ ئەوێ.

جوەیني لەبنەماڵەیەکي زانست خوازو زیرەك لەدایك بوو، بنەماڵەکەیان بەوە ناسرابوون ك ذیانیان لەطەڵ زانستدا بەسەر دەبەن، ئەوەش بەخششێکي خوایي بوو بۆ جوەیني تا هەر بەمنداڵي لەنێو ئەو بنەماڵەیەدا شەیدای زانست ببێت ء زانیارییان لێوەربطرێت، عەبدولآی باوکی یەکێك بوو لەزاناکان کە بۆ دەستخستنی زانست ضەندین شارو ولآتی کردو، بوو بەزانایەکي ناسراوو بەناوبانط و سەدان خوێندکاري ثێطەیاند، عەبدولآ سەرەتا بذێوي ذیانی بەدووبارە نووسینەوەی کتێب دابین دەکرد.

جوەینی لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو کە باوکی نەخۆش کەوت، ماوەی حەظدە رۆژ نەخۆش بوو، بەڵام هەر ضاك نەبوویەوەو بەهۆي ئەو نەخۆشیەوە وەفاتی کرد، ئەوەش خەمیَکي طەورە بوو بۆ جوەیني.

نەیسابوور شاریَك بوو ثڕ بوو لەزانای هەڵکەوتە، ئەوەش دەرفەتیَکي ضاك بوو بۆ جوەیني تا ضاك خۆي ثەروەردە بکات و زانستیَکي زۆر وەربطریَت، سەرەتا دەستي کرد بە فیَربوونء لەبەرکردنی قورئانی ثیرۆز، دوای ئەوە طرنطیدا بەفەرموودەکانی ثیَغەمبەري خوا (ﷺ) و فەرموودەکانی لەبەر دەکرد تا بوو بەزانایەکي طەورەی ئەو بوارە، ثاشان لەبوارەکانی تریشدا زانستیَکي زۆري وەرطرت، ثاش ئەوەی لە نەیسابوور طەورە بوو و زانستي ضاکی وەرطرت، دەستي کرد ب وانە وتنەوەو وتاردان.

بەڵام ثاش ماوەیەك ئاشووبیَك لەشاري نەیسابووردا روویدا، کە جوەیني ناضار کرد شارەکە جیَبهیَڵیَت و رووبکاتە ناوضەکانی تري جیهانی ئیسلامی، بۆیە رووەو بەغدادي ثایتەختی موسوڵمانان بەڕیَکەوت و دواتر لەویَوە ضوو بۆ خاکی حیجاز.

کاتیَك ئیمامی جوەیني بۆ حەج ضوو بۆ مەککە، دوای حەج کردنەکە ضوو بۆ مەدینەو ئینجا بیري مەککەی کردو طەڕایەوە بۆ ئەویَ و بەتەنیَیدا ماوەیەك لەویَ بمیَنیَتەوە، ماوەی ضوار ساڵ لەو دەوروبەرە مایەوەو وانەی دەوتەوەو و ثیَش نویَذي بۆ خەڵك دەکرد، هیَندە لەهەردوو مزطەوتی مەککەو مەدینە ثیَش نویَذي کرد تا ثیَي وترا (ئیمامولحەرەمین) واتە ثیَشەوای مزطەوتی مەککەو مەدینە.

دوای ئەوە ئیمامی جوەیني طەڕایەوە بۆ شاري نەیسابوور و لەویَ خۆي سەرقاڵ کرد بەوانە وتنەوەو نووسیني کتیَب، بەجۆریَك دەیان کتیَبي ناوازەی نووسي کە بوونە سەرضاوەیەکي طرنطی موسوڵمانان بۆ وەرطرتنی زانست، هەروەها کۆمەڵیَکي زۆر خویَندکاری ثیَطەیاند کە

زیاتر لە سیَسەد خویَندکار دەبوون، هەندیَك لەوانە بوون بەزانای دیاري ناو موسوڵمانان وەك ئیمامی غەزالی کە لەم کتیَبەدا باسي ذیانەکەیمان کردووە.

ثاش ذیانیَکي ثڕ لەزانستء ماندووبوون، دواجار ئیمامی جوەیني نەخۆش کەوت و تووشي تایەکي زۆر بوو، ثاشان جەستەی تەواو لاواز بوو و هیَزي لیَبڕا، ثاشان بردیان بۆ طوندیَکی نزیك لەنەیسابوور کە ئاوو هەوایەکي ثاکی هەبوو، بەو هیوایەي تەندروستي ضاك بیَت، کەضي زیاتر لاواز بوو و دواجار لە ساڵي 478 ی کۆضي و لە تەمەنی ثەنجا و نۆ ساڵي و لە دوای نویَذي خەوتنان کۆضي دوایي کرد، هەر ئەو شەوە تەرمەکەی برایەوە بۆ نەیسابوور، هەواڵ بڵاوبووەوەو خەڵء خەڤەت هەمووانی طرتەوە.

ثرسیارەکان:

ئیمامی جوەیني لە کویَ لەدایك بوو؟

بنەماڵەي جوەیني بەضي ناسرابوون؟

شاري نەیسابوور بەضي ناسرابوو؟

باسي طەشتەکەی جوەیني بکە بۆ مەککەو مەدینە.

جوةيني ضؤن كؤضي دوايي كرد؟

## حةسةنى بةصرى

كةم كةسمان هةية لةوتار و طوفتارى مامؤستا و زاناكانماندا ناوى حةسةنى بةصريمان نةبيستبيَ، ضونكة حةسةني بةصري يةكيَكة لةزانا طةورة و خواناسة طةورةكانى ئيسلام.

باوكى حةسةن ناوى يةسار بوو، يةساري باوكى خزمةتى يةكيَك لةهاوةلَةكانى ثيَغةمبةري خواى ($\gamma$) دةكرد كة ئةويش زةيدي كورِي سابت بوو، دايكيشي ناوى خةيرة بوو و ئةويش خزمةتكاري هاوسةرةكةى ثيَغةمبةر ($\gamma$) ئوم سةلةمة بوو، واتة حةسةن خاوةنى دايك ء باوكيَك بوو كةخزمةتى دوو كةسي زؤر نزيكي ثيَغةمبةري خوايان دةكرد.

لةسةردةمى خيلافةتى عومةرى كورِي خةتابدا يةسار داواى خاتوو خةيرةى كردو بوو بةهاوسةري، دواى ماوةيةك خواى طةورة منداليَكي ضاوطةشي ثيَدان بةناوى حةسةن، دوو سالَ ثيَش ئةوةى عومةرى كورِي خةتتاب شةهيد بيَت، حةسةن لةدايك بوو.

جاري وا هەبوو ئوم سەلەمة كە دایكي باوەڕداران و هاوسەري ثێغەمبەري خوا (γ)بوو، دایكي حەسەنی دەنارد بۆ كاریَك، كە دایكي دەضوو حەسەن دەستي دەكرد بە طریان، ئوم سەلەمة مەمكی ثێدەداو ذیري دەكردەوة، دواتر دەیبرد بۆ ناو هاوەڵەكانی ثێغەمبەر (γ)، جا هاوەلآنی ثێغەمبەر (γ)نزای خێریان بۆ دەكرد، عومەری كوڕي خەتابیش نزای خێري بۆ كرد و فەرمووی خوایة شارەزای بكەیت لە ئیسلامدا و لای خەڵَك خۆشەویستي بكەیت.

حەسەن هەر لەسەرەتاوة ثەروەردەیەكي جوانی وەرطرت و لەناو هاوەلآنی ثێغەمبەري خوادا (γ)طەورة بوو، ثەروەردەیەكي ناوازەی وەرطرت تا بوو بەزانایەكي طەورة.

حەسەنی بەصري زۆر زانا و زیرەك بوو، خواناسیَكي طەورة بوو و زۆر ثەرستشي خوای دەكرد، شێوەو روخساریَكي زۆر جوانیشي هەبوو، هێندة جوان بوو كە لە زۆر شوێن ناوبانطی ثەیدا كردبوو، زۆر نەرم و نیان و لەسەرخۆ بوو.

حەسەنی بەصري لەناوضەي (وادي قورا) طەورة بوو سەرەتای ذیانی لەويَ بەسەربرد، جاریَك لەسەر وشترەكەی كەوتة خوارەوەو لووتی بریندار بوو.

حەسەنی بەصري طرنطیەكی زۆری دەدا بەرۆذوو طرتن، هەموو دووشەممەو ثێنج شەممانیَك بەڕۆذوو بوو، هەر رۆذوویەكي تري سوننەتیش هەبواية، حەسەنی بەصري نەیدەهێشت لەدەستي بضێتء بەرۆذوو دەبوو.

خواناسیَك هەبوو بەناوی حەمزة، دایكي بردي بۆ لای حەسەنی بەصري و وتی حەز دەكەم كوڕەكەم لەطەڵ تۆ بێت بەڵَكو خوای طەورة ریَنموونی

زیاتري بكات، حەسەنی بەصریش زۆر طرنطی ثیَدەدا، رۆذیَك ئامۆذطاریەكي كردو وتی: كورِة شیرینەكەم زۆر خەفەت بخۆ بۆ رۆذي دوایي و طرنطیەكي زۆر بدة بەثەرستشي تەنیاو نهیَني، جا حەمزة دەلَیَت جار هەبوو دەضووم بۆ لای دەمبیني حەسەنی بەصري دەطري، منیش ثیَم وت بۆضي هیَندة دەطریت؟ ئەویش دەیوت طریان لەترسي خوا رەحمەتي لەطەلَة و لەدۆزەخ رزطارت دەكات.

حەسەنی بەصري لەمزطەوتدا وانەی دەوتەوەو رۆذانة وانەكانی قورئانء فەرموودەو زمانەوانی و ضەند وانەي تري بەموسولَمانان دەوتەوەو خویَندكاریَكي زۆري هەبوو و سەدان كەسي ثیَطەیاند.

جاریَك كەسیَك هات بۆ لای حەسەنی بەصري و وتی فلآنەكەس غەیبەتی تۆي دەكرد، ئەویش ثاكەتیَك شیریني نارد بۆ ئەو كەسەي كة غەیبەتی كردبوو و نامەیەكیشي بۆ نووسي و تیایدا نووسیبوي: بیستوومة تۆ ضاكەكانی خۆت بە دیاري بەمن بەخشیوة، بۆیة منیش ئەم شیرینیەم بۆ ناردیت.

حەسەنی بەصري نەخۆش كەوت و خەریك بوو بمریَت، خۆي هەستي كرد كة سەرەمەرطی هاتووة، بۆیة هەندیَك وەسیەتی كرد بۆ عەبدولآی كورِي، دواجار لة شەوي هەیني مانطی رەجەبی سالَي سەد و دەي كۆضیدا وەفاتی كرد و تەمەنی نزیكەي هەشتاو هەشت سالَ بوو.

## ثرسيارةكان:

دايك ء باوكى حةسةن كيَ بوون؟

ثةيوةندى حةسةن لةطةلَ ئوم سةلةمة ضؤن بوو؟

بؤضي حةسةنى بةصري زؤر دةطريا؟

بؤضي حةسةنى بةصري شيريني نارد بؤ ئةو كةسةي غةيبةتى كردبوو؟

دةتوانيت ذيانى حةسةني بةصري بؤ خؤشةويستيَكت باس بكةيت؟

## ئيمامى سوفيان

ناوی سوفیانی كورِي عوییەینەیە، ئەم زانا خواناسە لە شاریَكي عیَراق لەدایك بوو كە ئەویش شاری كوفەیە، لەبەرەبەیانیَكی رۆذي شەممەو لەمانطی شەوالی ساڵي سەدو حەوتی كۆضییدا لدایك بوو.

عوییەینەی باوكی لەكاربەدەستانی ئەو ناوضەیە بوو، بەلآم دواتر كە لەسەر كار لابرا، ضوو بۆ شاری مەككە و لەويَ نیشتەجيَ بوو.

سوفیان نۆ برای هەبوو كەهەموویان موسولَمان بوون، ضوار لە براكانیشي زانای بواري فەرموودە بوون و فەرموودەكانی ثیَغەمبەري خوایان (γ) دەطیَرِایەوە.

سوفیان هەر لەسەرەتای ذیانیەوە دەستیكرد بەوەرطرتنی زانست، سەرەتاش ضووە خزمەتی مامۆستایانء دەستي كرد بەفیَربوون و لەبەركردنی قورئانی ثیرۆز، لەتەمەنی حەوت ساڵییدا هەموو قورئانی لەبەركرد، ئەوەش بەخششیَكي خوایي بوو كە توانی لەو تەمەنە كەمەدا هەموو قورئانی ثیرۆز بەجوانی و رەوانی لەبەر بكات.

دوای ئەوەش هەر زانستي وەردەطرت تا تەمەنی بوو بەثانزە ساڵ، ئیتر لەو كاتەوە دەستی كرد بەوەرطرتن و لەبەركردنی فەرموودەكانی ثیَغەمبەري خوا (γ)، رۆذیَك باوكی بانطی كردو وتی رۆلَە طیان ئیتر طەورە بوویت و هەولَ بدە ضي خیَرَ و ضاكەیە فیَري ببە، رۆلَە طیان ئەطەر هیض هاورِیَت نەبیَت زۆر باشترە لەوەي هاورِیَي خراثت هەبیَت، تا دەتوانیت طویَرِایەڵي ریَنمایي زانایان ببە، ضونكە هەركەس وابكات بەختەوەر و براوە دەبیَت، سوفیانیش ئامۆذطارییەكانی باوكی بەهەند وەرطرت و تا ئەو كاتەی لەذیاندا بوو لەبیري نەدەضوو.

ئیتر سوفیان بەردەوام دەضووییە خزمەت زانایانی فەرموودەو لەخزمەتیاندا دادەنیشتء فەرموودەی لێوەردەطرتن و دەینووسیەوەو بەجوانی لەبەري دەکرد.

جاریَك سوفیان لەطەلَ یەکیَك لەزاناکان لەئالَ کەعبەدا بوو، زاناکەش ناوی عەمري کوڕي دینار بوو، سفیان داوای لیَکرد فەرموودەی فیَر بکات، ئەویش هەشت فەرموودەی بۆ طیَڕایەوە، ئینجا سوفیان طویَدریَذەکەی مامۆستاکەی راطرت تا مامۆستاکەی نویَذەکەی بکات، کاتیَك عەمري مامۆستای هاتەدەرەوە سوفیان هەر هەشت فەرموودەکەی بەلەبەرکردنەوە دووبارە کردەوە، مامۆستاکەشي سەرسام بوو بەزیرەکی سوفیان.

سوفیان هیَندە طرنطیدا بەفەرموودەکانی ثیَغەمبەر (γ) کە لەهەموو شویَنیَك ناوبانطی ثەیدا کرد و دواجار بوو بەزانایەکي طەورەی بواري فەرموودەو خەلَکي لە هەموو شویَنیَکەوە دەهاتنە خزمەتی و فەرموودەیان لیَوە دەبیست.

سوفیان کاتیَك فەرموودەیەکي وەردەطرت، ئیَشتر جوان لەبەري دەکرد ئینجا دەینووسیەوە، دواتریش هەم دەیخویَندەوە، خۆي دەلَیَت هەر فەرموودەیەکم نووسیبیَتەوە ثیَش ئەوەی بینووسمەوە بەجوانی لەبەرم کردووە.

سوفیان نەوەك تەنیا لای خەلَك خۆشەویست بوو، بەلَکو تەنانەت لای سەرکردەکانی موسولَمانانیش زۆر ریَزدار و خۆشەویست بوو، سەرکردەی ئەو کاتی موسولَمانان کە هاروونە رەشید بوو هەرکات ناوی سوفیانی ببردایە دەیوت طەورەي خەلَك، ضونکە دەیزانی هەموو قورئانی ثیرۆز و فەرموودەکانی ثیَغەمبەري خوا (γ) لەناو دلَي سوفیاندان.

سوفیان دەڵێت: زانای ئیشکەر ئەو کەسەیە کە بەتەواوەتی شەریعەتی خودا جێبەجێ بکات، ئیتر خەڵکی تر ئەوەی تیا لە زانستەکەی بطرن، بە کردەوەکانی سوود وەربطرن.

واتە پێویستە زانای موسوڵمان هەرضي زانستێکي لابوو بەکردەوە جێبەجێي بکات، نەوەك شتێك بەخەڵك بڵێت و خۆي جێبەجێي نەکات، ضونکە خوای طەورە هەڕەشەي کردووە لەو جۆرە زانایانە کەشتێك بەخەڵك بڵێن و خۆیان نەیکەن.

هەروەها دەڵێت: هەر موسوڵمانێك خۆي لەموسوڵمانێکی تر بەباشتر و طەورەتر بزانێت، ئەوە خۆبەزلزانە.

سوفیان تەمەنێکي زۆر ذیا، کۆتا جار ضوو بۆ حەج، لەوێ جلێکي خۆي راخست و لەسەري راکشا و وتی وا حەفتا ساڵە دێمە ئەم شوێنە و هەموو جارێك وتوومە خوایە ئەمە کۆتا جارم نەبێت دێمە ئێرە، بەڵام ئیتر رووم نایە داوای لێ بکەم، ئەوەبوو ئەو جارەیان داوای نەکرد، هەر لەو ساڵەداو لە رۆذي شەممەی مانطی رەجەبي ساڵي سەد و نەوەد و هەشتي کۆضیدا وەفاتی کرد.

## پرسیارەکان:

سوفیان لە تەمەنی ضەند ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەر کردبوو؟

ئامۆژطاری باوکی سوفیان بۆ کوڕەکەی ضي بوو؟

بةسةرهاتى سوفيان و عةمري كورِي دينار ضؤن بوو؟

هارونة رةشيد ضؤن ناوى سوفيانى دةبرد؟

سوفيان لة كؤتا حةجيدا ضي وت؟

## سولَتان قوتز

يةكيَك لةسةركردة ديارو طةورةكانى ناو ميَذووي ئيسلامى كةتوانى خزمةتيَكي طةورة ثيَشكةش بةموسولَمانان بكات كةسيَك بوو بةناوى قوتز كة توانى ببيَت بةسولَتان و سةركردةى موسولَمانانء دوذمنى طةورةى ئيسلام لةناوبةريَت.

قوتز سةرةتا كؤيلةيةك بوو لةبازارِي كؤيلة فرؤشاندا دةفرؤشرا، ئةوةبوو سةركردةيةكي موسولَمانان ئةوي كرِي و ضاك ثةروةردةى كردو خزمةتى كردو لةسةر مةشقي سةربازى رايهيَنا، هةر لةسةردةمى كؤيلايةتييةكةيدا كة ثةروةردةى سةربازى وةردةطرت، خةونى بةوةوة دةبيني ببيَتة سةركردةيةك و مةغؤلةكان لةناوبةريَت.

ثرسيار: مةغؤلةكان كيَ بوون؟

وةلآم: مةغؤلةكان ئةو نةتةوة دِرندة مرؤظ كوذانة بوون كة لةخؤرهةلآتةوة هيَرشيان هيَنا بؤ جيهانى ئيسلامى و بضوونايةتة هةر شاريَك كوشت ء برِي موسولَمانانيان دةكرد و دةستيان نةدةثاراست لةكوشتنى ذن ء مندالَيش.

قوتز لةخزمةتى سةربازى يةكيَك لة ثاشا طةورةكانى ئةيووبيةكاندا بوو، رؤذ بة رؤذ بةهؤي بةهيَزييةوة تواناكانى دةردةكةوتن، ئيتر دواى لاوازبوون ء نةمانى ئةييووبيةكان قوتز توانى بةماوةيةكي كةم دةسةلآت وةربطريَت ء مةترسييةكانى سةر دةسةلآتةكةى و ململانيَ ناوخؤييةكان نةهيَلَيَت.

لةوكاتةدا مةغؤلةكان هيَرشيان هيَناية سةر بةغداد و توانييان ثايتةختى ئةوكاتى موسولَمانان داطير بكةن ء كوشتاريَكي زؤريان تيَدا كرد، ئيتر زؤربةي خاكى موسولَمانان كةوتبووة دةست مةغؤلةكان و بةشيَكي زؤر كةمي مابووةوة كة ئةويش لةدةستى سولَتان قوتزدا بوو.

سةركردةى مةغؤلةكان ناوى هؤلاكؤ بوو ويستي ئةو ناوضانةى تريش داطير بكات، بؤية نامةيةكي نووسي بؤ سولَتان قوتز و داواى ليَكرد ناوضةكان بدات بةدةستةوة، ئةويش هةموو سةركردةكانى كؤكردةوةو تيَيطةياندن نابيَت خؤيان بدةن بةدةستةوةو دةبيَت هةولَبدةن هةموو خاكى موسولَمانان ئازاد بكةن ء مةغؤلة دِرندةكان لةناوببةن، ثاش مشتومرِيَكي زؤر دواجار هةموويان يةكدةنط بوون كة خؤيان نةدةن بةدةستةوةو بجةنطن.

سولَتان قوتز برِياريدا ثيَش هيَرشي مةغؤلةكان هةنطاو بنيَت و هيَرش ببات بؤ ئةوةي ثيَشرِةوى مةغؤلةكان بوةستيَنيَت و خاكى موسولَمانان

لەدەست بیَباوەڕان وەربطریَتەوە، جا یەكیَك لە هاوڕیَ دیَرینەكانیشی كەسەركردەیەكی بەهیَزي سەربازیی بوو، ناوی (بیبرس) بوو ئامادەیي دەربڕي ثشتیوانی لەسولَتان قوتز بكات، بەو شیَوەیە هەموویان بەرەیەكي بەهیَزیان ثیَكهیَناو دواجار توانییان لەجەنطیَكدا كە ثییَوتراوە جەنطی (عەین جالوت) مەغۆلەكان بشكیَنن ء سەركردەی مەغۆلەكانیش بكوذن، ئەوەش وەك دانانی بەردیَكي طەورە وابوو لەبەردەم هیَرشي مەغۆلەكاندا، ئیتر لەوە بەدواوە مەغۆلەكان لەبەردەم موسولَماناندا دەشكان.

هەواڵي شكستی مەغۆلەكان هەموو موسولَمانانی دلَخۆش كرد، هەر موسولَمانیَك ئەو هەواڵەي دەبیست هیَندە خۆشحاڵ دەبوو، وەك ئەوە وابوو خەلآتیَكی طەورەي ثیَبەخشرابیَت.

بەلآم بەدوای ئەو خۆشییەدا ناخۆشییەك هات، ئەویش ئەوە بوو سولَتان لەكاتی طەڕانەوەیدا بەرەو شویَني خۆي، لەلایەن هاوڕیَ دیَرینەكەی خۆیەوە كوذرا، بیبرسي هاوڕیَي سەركردەیەكي بەهیَز بوو لەطەڵ قوتزدا كەوتە ناكۆكي و دواجار طەیشتە ئەوەي قوتزی هاوڕیَي خۆي بكوذیَت و خۆي لەشویَنەكەي ئەودا دەسەلآت وەربطریَت.

ثەندو وانە: هەڵەیەكي بەردەوامی موسولَمانان بریتي بووە لەناكۆكي نیَوانیانء هەمیشە بەهۆي ئەو ناكۆكییانەوە ڕووداوی ناخۆش تووشي موسولَمانان بووە، بۆیە زۆر ثیَویستە هەولَبدەین ناكۆكییەكان نەهیَلَین ء هەركات ناكۆكییەكیش دریَذەي كیَشا هەولَبدەین بضووكی بكەینەوە تا لەناودەضیَت، بەلَكو نابیَت ڕیَطە بدەین یەكرِیزیي موسولَمانان بشیَویَنیَت.

ثرسيار:

قوتز سةرةتا ضي بوو؟

قوتز ضؤن دةسةلآتى وةرطرت؟

مةغؤلةكان كيَ بوون؟

جةنطى عةين جالوت ضي بوو؟

سولَتان قوتز ضؤن كؤتايي بة ذيانى هات؟

## عەبدوڵای کوڕی موبارەك

ثیاوێکی طەورەو خواناسي ناو مێذووي موسولّمانان کە وەك زانایەکي طەورة ناسراوة (عەبدوڵای کوڕي موبارەك)ة، جا بۆ سوود وەرطرتن لەذیانی ئەم ثیاوة طەورەو زانا ناسراوة دەضینة خزمەت ذیانەکەي.

عەبدوڵای کوڕي موبارەك بەرەضەڵەك تورکة، باوکی تورك و دایکیشي خوارزمی بوو، ئەمەش ئەوة دەسەلمێنێت کە لەئیسلامدا دەمارطیري رەطەزیی نیية و خوای طەورة ئیسلامی تایبەت نەکردووة بەنەتەوەیەکەوە هەرکەس بەدروستي بنەویَتە ئاییني ئیسلام، خوای طەورة رێزو طەورەیي ثێدەبەخشێت.

باوکی عەبدوڵا سەرەتا کۆیلەیەك بوو، کۆیلەی ثیاوێکی بازرطان بوو، ئەم کۆیلة هەذارة کەسێکي زۆر خواناس بوو، ثەرستنشي زۆر زۆر بوو، جا کابرای دەوڵەمەند باخێکي هەبوو، موبارەك سەرثەرشتي دەکرد، جارێك کابرا هات و داوای هەناریَکي شیریني کرد تا موبارەك بۆی لێبکاتەوە، ئەویش ضوو هەناریَکي بۆ هێنا، کەضي هەنارەکة ترش بوو، کابرا تووڕة بوو و وتی من داوای هەناری شیرین دەکەم و تۆیش هەناری ترشم بۆ دێنیت؟ موبارەك دوو جاری تر هەناری بۆ هێنا هەر ترش بوو، کابرا وتی یانی تۆ هەناری ترش و شیرینی ئەم باخة ناناسیتەوة؟ ئەویش وتی نا، کابرا وتی بۆضي؟ موبارەك وتی من تا ئێستا هیضم لەهەناری ئەم باخة نەخواردووة تابزانم کامیان شیرین و کامیان ترشة، کابرا وتی ئەي بۆضي نەتخواردووة؟ ئەویش وتی تۆ مۆڵەتت ثێنەداوم لێي بخۆم، کابرای خاوەن باخ بەرەوشت بەرزي و ثاکی موبارەك سەرسام بوو، جا کضێکي هەبوو داواکاري زۆر زۆر بوو، کابرا بەموبارەکی وت بۆضي ئەم کضەم بە هاوسەر ناطریت؟ ئەوەبوو موبارەکیش بەهاوسەري طرت، دواتر لەساڵي سەد و هەذدەی کۆضیدا خوای طەورة منداڵێکي ثێبەخشین بەناوی عەبدوڵا.

عەبدولاّ لەشاری مەرو دەذیا، ئەو شارەش ثڕ بوو لەزانای طەورە، ماوەی بیست سالَ لەویَ ذیاو سەرەتا لەخویَندنطة وانەی دەخویَند، جاریَك زانایەك وتاریَكي ثیَشكەش كرد، كة تەواو بوو، عەبدولاّ هەموو وتارەكەی لەبەركردبوو، هەمووي دووبارة كردەوة، لیَوەشاوەییەكەی بەخششیَكي خوايي بوو .

بەلاّم دوای ماوةیەك عەبدولاّ تاقەتی خویَندنی نەما، ثاشان خووي داية یاری و طەمة و كات بەسەربردن، شەویَك كة خەریكي كات بەسەربردن بوون، خەوي لیَكەوت و خەویَكي بیني، تیایدا بالَندەیەك ئایەتیَكي قورئانی بۆ خویَندەوة، عەبدولاَش راضلَەكی و تەوبەي كردو برِیاریدا ئیتر كاتەكانی لەثەرستش و وەرطرتنی زانستدا بەسەر ببات.

عەبدولاّ زۆر طرنطی دەدا بەفەرموودەو تەواو تامەزرۆي فەرموودەكانی ثیَغەمبەر ($\gamma$) بوو، دەیوت تا مردن واز لەوەرطرتنی فەرموودەكانی ثیَغەمبەر ($\gamma$)،ناهیَنم. جاریَك عەبدولاّ فەرموودەیەكي بیست، برِیاریدا بضیَت بۆلای ئەو مامؤستایەي فەرموودەكەي طیَرِاوەتەوە، بەلاّم مامؤستاكة لەشاریَكي زۆر دوور بوو، نزیكەي هەزار كیلؤمەتر دوور بوو، ئەو كاتەش سەیارة نەبوو تا خیَرا بطات، عەبدولاّ كؤلَي ثیَضایەوەو كەوتەرِيَ تاطەیشتة لای مامؤستاكەو فەرموودەكەي لیَبیست، ئینجا طەرِایەوة بۆ شارەكەی خۆي.

هاوكات لەطەلَ وەرطرتنی زانستدا، عەبدولاّ سەرقالَي بازرطانیش بوو، ئەوەشي لەباوكیەوة وەرطرت كة دوای هاوسەرطیري دەستي كرد بەبازرطانی، هەم لة مامؤستاكەیەوة كة ئیمامی ئەبووحەنیفة بوو و سەرقالَي كاری بازرطانی بوو، ضونكة عەبدولاّ دەیزانی دەبیَت موسولَمان لەبەري رەنجی خۆي بخوات و نەبیَت بەئەرك بەسەر خەلَكي ترەوة، بەلَكو خوای طەورة موسولَمانی ئیشكەر و بەخشەري خؤشتر دەویَت لەكەسیَك كة هەمیشة ئەرك و بارطراني بۆ خەلَكي دروست دەكات.

جارێك ژیاوێك ژیێوت ئەی عەبدوڵا خۆ تۆ باس لەوە دەکەیت بیرو خەیاڵمان لای دونیا نەبێت و وریای قیامەتمان بین، کەچی خۆت سەرقاڵی بازرطانیت، ئەویش وتی ئاخۆ من بازرطانی دەکەم تا چاوم لەدەستی خەڵك نەبێت ء ژارەکەشی لەرێطەی خوادا ببەخشم، لەهەر شوێنێك دەرفەت بووبێت خێرم کردووە، ئەوەبوو عەبدوڵا ساڵانە ژارەیەکی زۆر زۆری تایبەت کردبوو بەو کەسە خواناسانەی خۆیان بۆ زانست و خواژەرستی یەکلایی کردبووەوە.

جارێك کابرایەکی نەخۆش هات بۆلای عەبدوڵا و وتی من وا حەوت ساڵە نەخۆشییەکم هەیە چارەسەر نابێت، دەرمانی جۆراوجۆریشم بۆ بەکارهێناوە، ئەویش وتی برۆ بزانە لەکوێدا خەڵکی ژێویستیان بەئاوە، لە رێی خوادا بیریێکیان بۆ هەڵکەنە ژشت بەخوا چاك دەبیتەوە، کابراش چوو وایکرد، خوای طەورەش شیفایدا و چاك بووەوە.

هەروەها عەبدوڵا بەشداریی جیهادو غەزای رێی خوای دەکرد، ئەوەبوو جارێك لە غەزایەك طەڕایەوەو لەرێدا لەشارۆچکەیەك لایدا بەناوی هیت، لەوێ وادەی ژیانی کۆتایی هات و لە ساڵی سەدو هەشتاو یەکی کۆچی و لە مانطی رەمەزان و لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## ژرسیار:

بۆچی باوکی عەبدوڵا هەناری شیرینی ناو باخەکەی نەدەناسیەوە؟

عەبدوڵا چۆن تەوبەی کرد؟

هةلَويَستي عةبدولآ بةرامبةر بةفةرموودةكانى ثيَغةمبةر (γ) ضؤن بوو؟

عةبدولآ ضي وت بة كابراى نةخؤش؟

بؤضي عةبدولآ  بازرطانى دةكرد؟

## عيززى كورِي عةبدوسةلام

ئةم زانا ثايةبةرزةي ئيَستا باسي دةكةين هيَندة طةورةو ريَزدارة كة لاى موسولَمانان ناسراوة بة(سولَتانى زانايان)، ئةويش ناوى (عةبدولعةزيزي كورِي عةبدوسةلامة) و زياتر بة عيززي كورِي عةبدولعةزيز ناسراوة.

عةبدولعةزيز لة سالَي 577 ى كؤضي لة ديمةشق لةدايك بوو، بةبنةرِةت خةلَكي باكوورى ئةفريقيا بوو، بةلآم يةكيَك لةباثيرة طةورةكانى هاتة ديمةشق و لةويَ نيشتةجيَبوو.

دايكء باوكى عةبدولعةزيز كةسانى هةذار بوون ء لةرووي دارايية‌وة دةستكورت بوون، ئةمةش وايكرد ئةم كةسايةتيية لةطةلَ سةختييةكانى ذياندا خؤى بطونجيَنيَت.

عةبدولعةزيز هةر لةديمةشق طةورة بوو، لةويَ كةوتة وةرطرتنى زانست، سةرةتا لةويَ ئيشي دةكرد، ضونكة خيَزانيَكي هةذار بوون، بةلآم

دواتر بڕیاریدا طرنطی زیاتر بدات بەزانست، ضونکە دیمەشق ثڕ بوو لەزانای طەورەو شارەزای هەموو بوارەکان، ئەوەش دەرفەتێکی طەورە بوو بۆ عەبدولعەزیز تابتوانێت لەهەر بوارێکدا بیەوێت زانست لەزانایان وەربطرێت.

عەبدولعەزیز زۆر بەتاسەوە زانستی وەردەطرت و هەر وانەیەکی بخوێندایە هێندە جوان وەریدەطرت مامۆستاکەی ثێی دەوت ئیتر ثێویستیت بەهیض نییە، شەوانەش ثێش خەوتنی هەرضی خوێندبوو دەیهێنایەوە بیری خۆی و دووبارەی دەکردەوە.

هاوکات عەبدولعەزیز ضەندە زانستی لەزانایان وەردەطرت، هێندەش ڕەوشتی جوان و ئاکاری بەرزی لەو زانایانە وەردەطرت، زۆر بەجوانی قورئانی ثیرۆز و فەرموودەکانی ثێغەمبەر (γ)و زانستەکانی تری وەرطرت، یەکێك لەمامۆستاکانی عەبدولعەزیز زانایەکی کورد بوو بەناوی سەیفەدینی ئامەدی، عەبدولعەزیز زۆر زۆر سەرسام بوو بە زانایی سەیفەدینی ئامەدی و زانستێکی زۆری لێوەرطرت.

دواتر عەبدولعەزیز بڕیاریدا بۆ وەرطرتنی زانست بضێتە ناوضەکانی تری جیهانی ئیسلامی و ڕوویکردە بەغدادی ثایتەختی موسوڵمانان، هەروەها بۆ طەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانست بڕیاریدا بضێت بۆ میصر، جطە لەوەش سەفەرێکی کرد بۆ خاکی حیجاز و هەر لەوێ حەج و عومرەی بەجێطەیاند.

عیززی کوڕی عەبدوسەلام بەرامبەر بەدەسەڵاتدارانی ناوضەکان زۆر توند بوو، ئامادە نەبوو لەثێناو بەرذەوەندی دونیایی خۆیدا ضاوثۆشی بکات لەخراثەو تاوانی دەسەڵاتداران، توندیەکەشی بەرامبەر بەکاری خراثی دەسەڵاتداران بوو، ئەطەرنا لە کارە ضاکەکانیاندا زیاتر هانی دەدان.

عیززی کوڕي عەبدوسەلام ذیانی رۆذانەی خۆي بەضەند کاریَك بەسەر دەبرد کە بریتي بوون لە: بەجیَطەیاندنی ثەرستشەکان وەك نویَذ و رۆذوو و یادی خواو زیکرەکان، طرنطییەکي زۆري دەدا بەم بوارە، هەروەها فەتوای دەدا بۆ خەلَك و وەلآمی ثرسیاري خەلَکي دەدایەوەو کیَشەکانی بۆ روون دەکردنەوە، هەرەها خویَندکاریَکي زۆري هەبوو، وانەی ثیَدەوتنەوەو زانستي لەناو خەلَکدا بلآودەکردەوە، زۆر جار دوای نویَذەکان و هەروەها رۆذانی هەینیش وتاری دەخویَندەوە بۆ خەلَك ء ئامۆذطاري ثیَویستي ثیَشکەش دەکردن، هەروەها عەبدولعەزیز دادوەري نیَوان خەلَکي دەکردو لەکیَشەو طرفتەکانیاندا بڕیاري یەکلاکەرەوەی دەدا.

جاریَك برسیَتيء هەذاريي لەناو خەلَکدا بلآوبووەوەو خەلَکي لەبەر هەذاری بەهەرزان باخي خۆیان دەفرۆشت، ذنەکەی عەبدولعەزیزیش ثارەیدا بەعەبدولعەزیز و وتی برۆ باخیَکمان بۆ بکڕە، ئەویش ضوو ثارەکەی کرد بەخیَر و بڕیَك هەذاري تیَر کرد، کاتیَط طەڕایەوە بۆ مالَەوە، ذنەکەی ثیَیوت ئەريَ باخەکەت بۆ کڕین؟ ئەویش وتی بەلَيَ، ذنەکەی وتی لەض شویَنیَك؟ وتی لەبەهەشت، ذنەکەشي لەمەبەستەکەی تیَطەیشت ء دەستخۆشي لیَکردو سوثاسي خوای لەسەر کرد.

بەخشندەیي عەبدولعەزیز طەیشتبووية ئاستیَك ئەطەر کەسیَکی هەذار داوای یارمەتی لیَبکردایەو ئەویش هیضي نەبوایة میَزەرەکەی سەري ثیَدەبەخشي، ئەوەش سیفەتی زاناي موسولَمانانة کەدەبیَت لەرەوشت بەرزي و ضاکەکاریدا ثیَشەنطی جەماوەر بیَت.

دواجار ئەم زانا طەورەو خواناسة لەسالَي 660 ی کۆضي و لەتەمەنی هەشتاو سيَ سالَیدا لەقاهیرة لەوڵآتی میصر کۆضي دوايي کرد، خەلَکي بەبیستنی هەوالَي وەفاتی زۆر دلَطران بوونء جەماوەریَکي زۆر ئامادەي نویَذ لەسەر کردنی بوون.

ثرسيار:

دايكء باوكى عيززى كورِي عةبدوسةلام ضؤن بوون؟

باسي بوارى زانستخوازى عةبدولعةزيز بكة؟

بةسةرهاتى كرِيني باخةكة ضؤن بوو؟

ذيانى رؤذانةى عةبدولعةزيز ضؤن بوو؟

سيَ ثةندو وانة لةذيانى ئيمامى عيززي كورِي عةبدوسةلام باس بكة.

## عةبدولقادري طةيلانى

ئةمجارة دةضينة خزمةت زانايةكي تري موسولَمان ، زانايةك كة هةر بةناوهيَنانى كةسيَكي خواناس و ضاكةكارمان ديَتة ثيَش ضاو، ئةويش شيَخ عةبدولقادري طةيلانيية.

ئةم زانا خواناسة لةسالَي 470 ى كؤضييدا لةطةيلان لةدايك بوو، ئةم زانا ئازيزةمان بةرةضةلَةك دةضيَتةوة سةر ثيَغةمبةري ئازيزمان موحةممةد (γ).

عةبدولقادر لةطونديَك بةناوى نيف لةناوضةي طةيلان لةباكوورى ئيَران لةدايك بوو، كؤتا مندالَي دايك ء باوكى بوو ،ماوةيةكي كةم دواى لةدايكبوونى، باوكى كؤضي دوايي كردو عةبدولقادر هةتيو كةوت، ئيتر دايكي سةرثةرشتي عةبدولقادري دةكرد، دايكيشي ئافرةتيَكي خواناس و ثاكء ضاكةكار بوو، باثيرةشي ضاوى لة هةردوكيان بوو، باثيرةى عةبدولقادر ثياويَكي خواناس و دونيا نةويست بوو، ثةرستنشي زؤر بوو.

ئةم خواناسييةي باوك و دايك و باثيرةي عةبدولقادر، بوو بةمايةي خيَرو ضاكة بؤي و عةبدولقادر ثةروةردةيةكى ضاكى وةرطرت و هةر لةسةرةتاوة فيَري خواناسي و رةوشتي جوان بوو.

لةطوندةكةى خؤياندا ثارضة زةويةكيان هةبوو لةطةلَ ضةند مانطا و ئاذةلَيَك، عةبدولقادر لةويَ سةرقالَي كشتوكالَ كردن بوو، لةطةلَ ئةوةشدا هةميشة بيرو خةيالَي لاى خويَندن و وةرطرتنى زانست بوو.

عةبدولقادر هةر لةسةرةتاوة دةستيكرد بةوةرطرتنى زانست و لةناوضةكةى خؤيان تاتوانى زانستي وةرطرت، دواتر حةزى كرد بضيَتة ناوضةكانى ترو زانستي زياتر بةدةست بخات، بؤية روويكردة بةغداد، ئةوكات ثايتةختى موسولَمانان بوو، ثِر بوو لة زاناى طةورة.

کاتێك ویستي بضێت بۆ بەغداد، ضوو راویَذي کرد بەدایکي، دایکیشي دەستیکرد بەطریان ء خەفەت دایطرت، ضونکة کورِەکەی لیَي دوردەکەوتەوة، بەلآم لەبەرئەوەی لەثێناو وەرطرتنی زانستدا بوو، مۆلَەتی دا بەکورِەکەی تا برِوات.

دایکي هەشتا دیناري هەبوو، ئەوة هەموو داهاتێکي مالَیان بوو، هەمووي دا بەعەبدولقادري کورِي تا لەطەلَ خۆي بیبات و بەشي خەرجي ماوەیەکي بکات، بەلاَم عەبدولقادر تەنیا نیوەي ئەو ثارەی بردو ئەوي تري جیَهیَشت، ئەو کاتەی عەبدولقادر لەطەلَ کاروانەکەدا کەوتەرِيَ، دایکي بانطی کرد و کۆتا ئامۆذطاریی خۆي بۆ کرد و وتی: رۆلَة طیان وریابة هەرطیز درۆ نەکەیت، ضونکة کەسي باوەرِدار درۆ ناکات، کورِة شیرینەکەم هەمیشة راستطۆبة ضونکة وا ثەروەردەم کردوویت و هیوام وایة هەمیشة راستطۆ بیت.

لەنیوەي ریَطەدا کۆمەلَیَك ضەتەو ریَطر هاتة ریَطەیان شتومەکی خەلَکەکەیان برد، کاتیَك دزەکان بۆ کەلوثەل و ثارەی خەلَکەکة دەطەرِان، یەکیَك لەدزەکان بەعەبدولقادري وت ئەريَ تۆ هیض ثارەت ثیَیة؟ عەبدولقادر وتی بەلَيَ، ضل دینارم ثیَیة، دزەکة برِوای نەکرد، ضونکة هەموان دەیانویست شتەکانی خۆیان بشارنەوة، کەضي ئەم طەنجة شتەکەی خۆي نەدەشاردەوة، بۆیة دووبارة ثرسیاري لیَکرد، ئەویش وەلآمی دایەوەو وتی بەلَيَ ضل دینارم ثیَیة، دزەکة سەري سورِما و عەبدولقادري برد بۆ لای طەورەو سەرکردەکەیان و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، سەرکردەي دزەکان بة عەبدولقادري وت بۆضي راستیت وت و ثارەکەی خۆتت ئاشکرا کرد؟ ئەویش وتی ئاخۆ دایکم ئامۆذطاري کردووم هەرطیز درۆ نەکەم ضونکة کەسي برِوادار هەرطیز درۆ ناکات، سەرکردەکة زۆر سەرسام بوو، دەستي کرد بەطریان، وتی رۆلَة طیان تۆ تەنیا لەبەر ئامۆذطارییەکي دایکت درۆ ناکەیت، کەضي ئیَمة ضەند سالَة فەرمانی خوامان ثشتطويَ خستووة و دزي دەکەین، تۆ شاهیدبة من تەوبەم کردو

واز لەدزي و خراپە دەهێنم، ئینجا هاورِێ دزەکانی تریشي تەوبەیان کردو هەرضییان بردبوو هەموویان طێرِایەوە بۆ خەڵکەکەء کاروانەکەش بەسەلامەتی طەیشتنە بەغداد.

پەندو وانە: طویَرِایەڵي ئامۆذطاری دایك و باوك ئەرکي سەرشانی موسوڵمانەو دەبیَت هەرضییان وت بەطوییَان بکەین، مەطەر کاریَکي خراپمان پیَبلێَن ئەوکات بەطوییَان نەکەین، هەروەها دەبیَت وەك عەبدولقادر تا دەتوانین راستطۆ بین، ضونکە درۆ ئاکارو رەوشتي دوورِووەکانەو کەسي موسوڵمان  دەبیَت هەمیشە راستطۆبیَت بۆئەوەی خوای طەورە وەك راستطۆ ناوی بنوسیَت.

عەبدولقادر کاتیَك طەیشتە بەغداد تەمەنی هەذدە ساڵ بوو، ئیتر لەویَ دەستیکرد بەوانە خویَندن و تا ئەوکاتەی وەفاتی کرد هەر لەبەغداد مایەوە، زیاتر لەحەفتا ساڵ لەبەغداد ذیا.

لەو ماوەیەدا بارودۆخي بەغداد تیَکضووبوو، برسیَتي و نەبوونی بلآوبووەوە، عەبدولقادریش تووشي سەختی و نارِەحەتییەکی زۆر بوو، بەلآم بەرطەی طرت، دەستي کرد بەئیشکردن، عەبدولقادر جار هەبوو تەواو ماندوو دەبوو، بۆیە دەضوو بۆ دەرەوەی شارو سوجدەی دەبردو تا دەیتوانی نزای دەکرد خوا کاری بۆ ئاسان بکات، خواش نزاکەی وەردەطرت.

عەبدولقادر لەبەغداد تاتوانی زانستي وەرطرت و ماوەی سي و سیَ ساڵ وانەی دەخویَند تا بوو بەزانایەکي هەڵکەوتە، دوای ئەوەي ناوبانطی دەرکرد، ئیتر دەستي کرد بەوانە وتنەوەو سەدان خویَندکاري پیَطەیاند.

عەبدولقادر لەتەمەنی نەوەد ساڵیدا دوضاری نەخۆشییەکي سەخت بوو، کورِەکەي وتی باوکە طیان کویَي جەستەت ئازاري هەیە؟ ئەویش وتی

هةموو جةستةم ئازاري هةية جطة لةدلَم، ضونكة دلَم لةيادي خوادايةو ئازاري نيية، ئينجا وةسيةتى كرد بؤ كورِةكةي و وتى: كورِي شيرينم لةخوا بترسةو جطة لةخوا ترست لةكةس نةبيَت، تةنيا داوا لةخوا بكةو تةنيا ثشت بةخوا ببةستة، هةر ئةويش بثةرستة و هيض هاوةلَيَكي بؤ برِيارمةدة.

دواجار لةدرةنطانيَكي شةودا و لةسالَي 561 ى كؤضييدا لةبةغداد كؤضي دوايي كردو تا ئيَستاش طؤرِةكةى لةبةغدادة، بةلآم كؤمةلَيَك كةسي نةشارةزا ئيَستا دةضن بؤسةر طؤرِةكةى و ليَي دةثارِيَنةوة، ئةوةش تاوانةو حةرامةو شيَخ عةبدولقادر تا لةدونيادا بوو دذي ئةو جؤرة تاوان و طوناهة بوو.

ثرسيار:

عةبدولقادر لةطوندةكةى خؤيان سةرقالَي ضي بوو؟

كاتيَك عةبدولقادر ويستي بضيَت بؤ بةغداد دايكي ضي ثيَوت؟

بةسةرهاتى دزةكان ضؤن بوو؟

بؤضي عةبدولقادر لةبةغداد دةضووة دةرةوةى شار؟

وةسيةتى عةبدولقادر بؤ كورِةكةى ضي بوو؟

## ئةبووحةنيفة

يةكيَكي تر لةزانا و ثيَشةوا هةرة طةورةكانى ناو ميَذووي ئيسلامى ئيمامى ئةبوحةنيفةية، ئةم ثيَشةوا خواناسة ريَبةري يةكيَكة لةضوار مةزهةبة طةورةكة.

ئةبوحةنيفة ناوى (نوعمانى كورِي سابت)ة، بةرِةضةلَةك فارسة، واتة فارسةكان سةدان ء هةزاران زاناى طةورةي ئةهلى سوننةيان هةبووة وةك ضؤن لةم كتيَبةدا باسي ضةند دانة لةو زانايانةمان كردووة، ئةوةش فةزلَيَكي خواية كة لةهةموو نةتةوةكاندا زاناو سةركردةى موسولَمان هةبوون تا فةزلَء طةورةيي ئيسلام بةر هةموو نةتةوةكان بكةويَت.

مالَى باوباثيرانى ئةبووحةنيفة لةئةفغانستان بوون لةكابولَى ئيَستا، بةلآم باثيرةى لةسةردةمى ئيمامى عومةردا موسولَمان بوو، هات لةكوفة نيشتةجيَ بوو.

ئةبوحةنيفة لةسالَي هةشتاى كؤضيي لةكوفة لةدايك بوو، بنةمالَةكةى خواناس و روو لةدين بوون، هةروةها باوكيَكي دةولَةمةندو زؤر بةخشندةى هةبوو، ئةبوحةنيفةش تاقانةى باوكى بوو، ئيتر باوكى هيَندةى تر طرنطى ثيَدةداو نازي دةكيَشا، باوكى لة كوفةدا دووكاني جلوبةرطي هةبوو، دواتريش ئةو دووكانة مايةوة بؤ ئةبوحةنيفة.

ئەبوحەنیفە هەر لەمنداڵییەوە دەستیکرد بەلەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، رۆژانەش لەطەڵ باوکیدا دەضوو بۆ دووکان تا هاوکاري باوکی بکات، ضونکە ئەو لەبازرِطانی و ماندووبوونی باوکی تێدەطەیشت، باوکیشي حەزی دەکرد ئەبوحەنیفەی کورِي فێري ئیش بێت تا لە داهاتوودا بتوانێت خۆي بذێوي خۆي دابین بکات.

رۆژێك ئەبوحەنیفە بەلای یەکێك لەزاناکاندا رۆشت کەناوی شەعبي بوو، ئیمامي شەعبي ئەبوحەنیفەی بانط کردو پێیوت بۆکويَ دەضیت؟ وتی دەضم بۆ دوکانی فلآنەکەس، شەعبي وتی مەبەستم دوکان نییە، بۆلای ض زانایەك دەضیت؟ ئەویش وتی من زۆر کەم دەضم بۆ لای زانایان، شەعبي وتی وامەکە، خوو بدەرە زانست و برِۆ بۆ خزمەت زانایانء لەکۆرِي ئەواندا دابنیشە، زیرەکییەکت تێدا بەدي دەکەم ثێم خۆشە سوودی لێوەربطریت، ئیتر ئەبوحەنیفە شەیداییەکی بۆ زانست ثەیدا کردو ئەو قسەیە بوو بەخێر بۆي.

لەتەمەنی شانزە سالَیدا ئەبوحەنیفە لەطەڵ باوکی ضوو بۆ حەج، لەويَ زانایەکي بیني خەڵکێکي زۆر لەدەوري کۆبببوونەوە، وتی باوکە طیان ئەو زانایە کێیە؟ لەوەلآمدا وتی ئەوە ثیاوێکە هاوەڵي ثێغەمبەري خوا (γ) بووە، ثێي دەڵێن عەبدولآی کورِي حارس، ئەویش وتی ئەي ضي زانستێکي ثێیە؟ باوکی وتی رۆڵە طیان ئەوە فەرموودەکانی ثێغەمبەري خواي (γ) ثێیە، وتی باوکە طیان بمبە بۆ لای، ئەویش ثێشی کەوت و بردی بۆلای ئەو هاوەڵە بەرِێزە، لەويَ ئەو هاوەڵە فەرموودەیەکي طێرِایەوەو وتی ثێغەمبەري خوا (γ) فەرمووی (هەرکەس شارەزا بێت لەدیني خوادا ئەوە خوا ئەرك ء خەمەکانی بۆ ضارەسەر دەکات و لەلایەکەوە رۆزي دەدات کە ضاوەرِوانی ناکات).

ئەو فەرموودەیە زۆر کاري کردە سەر ئەبوحەنیفەو ئیتر خووي دایە وەرطرتنی زانست، تەمەنی نەطەیشتبووە بیست سالَ، کە هێندە زانستي

وةرطرتبوو لةناو خةلَكي ناوبانطى زؤري ثةيدا كردء لةمزطةوتى كوفةدا وانةى دةوتةوة.

رؤذيَك ئةبوحةنيفة دةضوو بؤ لاى مامؤستاكةى كة ناوى ئةعمةش بوو، كابرايةك هات بؤ لاى ئةعمةش تا سةبارةت بةمةسةلةيةك ثرسيارى ليَبكات، ئةويش بةئةبوحةنيفةى وت تؤ وةلآمى بدةرةوة، ئةبوحةنيفةش وةلآميَكي بةهيَزي دايةوةو ئةعمةشي مامؤستاى تةواو سةرسام بوو، ثيَيوت ئةو وةلآمةت لةكويَ بوو؟ ئةويش وتى مامؤستا طيان لة فةرموودةيةكى ثيَغةمبةري خواوة (γ) كة لةجةنابتم بيست بؤت طيَرِامةوة.

ئةبوحةنيفة مامؤستايةكي تري هةبوو بةناوى حةماد، هيَندة ريَزي ئةو مامؤستايةي دةطرت كة خةلَكي بةسةرسامييةوة باسيان دةكرد، جارى وا هةبوو دةضووة بةردةرطاي مالَي مامؤستاكةى، رووي نةبوو لةتةقةى دةرطا بدات، دةوةستا تا مامؤستا بةئيسراحةتى خؤي بيَتة دةرةوة، ئينجا زانستي ليَوةردةطرت، هةروةها تا لةطةلَ مامؤستاكةيدا بواية خزمةتى دةكردو هةر كاريَكي بواية بؤي جيَبةجيَ دةكرد، تةنانةت هيَندة ريَزي مامؤستاكةى دةطرت لةمالَي خؤيشياندا رووةو مالَي مامؤستاكةى قاضي رانةدةكيَشا، هةركاتيش نويَذي بكرداية نزاى دةكرد بؤ دايكي و باوكى مامؤستا حةماد.

ماوةى هةذدة سالَ ئاوا لةخزمةت مامؤستاكةيدا بوو تا دواجار مامؤستاكةى وةفاتى كرد، ئيتر ئةبوحةنيفة ضووة شويَني مامؤستاكةى و ئةمجار ئةم وانةى دةوتةوة بة خويَندكارةكان.

ئيمامى ئةبوحةنيفة جطة لةوةى وانةى دةوتةوة بة خويَندكارةكان، هاوكات ضاوى لةبارى ذياني خويَندكارةكانى بوو، هةر خويَندكاريَكي هةذار بواية، خيَرا يارمةتى دةدا و ثيَويستيةكانى بؤ دابين دةكرد تا ناضار

نەبێت واز لەزانست وەرطرتن بهێنێت ، خوای طەورەش بەردەوام ئەبوحەنیفەی دەوڵەمەندتر دەکرد ضونکە بەخشندەیي زۆر زۆر بوو.

ئەبوحەنیفە لەطەڵ دایکیشیدا زۆر ضاك بوو، تەنانەت هەندێك جار بۆ ثرسیارێکي دایکي دەضوو بۆ لای کۆمەڵە زانایەك کە زۆر لێي دوور بوون، هەرضەندە خۆي وەڵامەکەشي دەزانی، بەڵام حەزی دەکرد لەبەر دڵي دایکي بضێت بۆ لای ئەو زانایانە، ئەوەش جێبەجێکردني فەرمانی خوا بوو کە فەرمانی کردووە تا دەتوانین لەطەڵ دایكء باوکماندا ضاکەکار بین.

لە ساڵي 127 ی کۆضیدا خەواریجەکان کە تاقمێکي طومرِا بوون دەستیان طرت بەسەر شاري کوفەدا، سەرکردەکەیان داوای لەئەبوحەنیفە کرد، بضێتە ناو ریزي ئەوانەوە، ئەویش رازی نەبوو، ئیتر بەدەست خەواریجەکانەوە نارِەحەتی زۆري هاتەرِێ، دواتریش کە ئومەویەکان هاتنەوە سەر دەسەڵات، ئەبوحەنیفە بەدەست سەرکردەیەکیانەوە نارِەحەتی ضەشت و کرایە بەندیخانەوەو رۆذانە دە قامضي لێدەدرا، جا قامضیەکیان بەر دەموضاوی کەوتء دەموضاوی بریندار بوو، دەستي کرد بەطریان، وتیان بۆضي طریایت؟ وتی لەبەر ئازاری قامضیەکە نا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەطەر دایکم ئەو برینەي دەموضاوم ببینێت خەفەت دەخوات، منیش بۆ ئەو خەفەتەی دایکم ئەطریم.

دواجار خەلیفەی ئەوکاتی موسوڵمانان کەناوی ئەبوجەعفەر بوو داوای لە ئەبوحەنیفە کرد تا ببێتە دادوەر، بەڵام ئەو رازی نەبوو، ئەبوجەعفەر زۆري لێکرد و ئیمامیش هەر رازی نەبوو، بۆیە لەسەر ئەوە ئەبوحەنیفەی کردە بەندیخانەوە، دواتر داوای لێکرد هاوکاري دادوەرەکان بکات تا نەکەونە هەڵەوە، کەضي هەر رازی نەبوو، ضونکە حەزی نەدەکرد نزیکي دەسەڵاتدارەکان بێت.

دواجار ئةبوحةنيفة لةمردن نزيك بووةوةو لةكاتى وةفاتيدا سةري لةسوجدةدا بوو، ئةوةش فةزلَيَكي خوا بوو كة بةو زانايةي بةخشي، زانايان ء موسولَمانانء تةنانةت دةسةلاتدارةكانيش زؤر خةفةتيان خوارد بةمةرطى ئةو زانايةو مةرطى ئةويان بةهؤكاريَكي كةمبوونةوةي زانستيان دةزانى و نزاى خيَريان بؤ دةكرد.

ثرسيار:

ئةبوحةنيفة بةرةضةلَةك سةر بة ض نةتةوةيةك بوو؟

باوكى ئةبوحةنيفة سةرقالَي ضي بوو؟

يةكةم فةرموودة ئةبوحةنيفة لةهاوةلآنى ثيَغةمبةري خواى (γ) بيست كامة بوو؟

ثةيوةندى نيَوان ئةبوحةنيفةو حةمادى مامؤستاى ضؤن بوو؟

بؤضي ئةبوحةنيفة كراية بةنديخانة؟

ئەبوحەنیفە چۆن ڕێزی دایکی باوکی خۆی دەگرت؟

## ئەبوداوود

ئەم کەسایەتیە گەورەی ئێستا باسی دەکەین یەکێکە لەزاناکانی بواری فەرموودە، واتە کەسێک کەژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ کۆکردنەوەو نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوەش بەخششێکی خوایی بوو بۆ ئەو تا خزمەتی فەرموودە بکات، خەڵاتێکی خواییش بوو بۆ ئێمە تا فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بطەنە دەستمان.

ئەم زانا خۆشەویستە ناوی سولەیمانی کوڕی ئەشعەسە، بەڵام بەئەبوداوود ناسراوەو خەڵکی ناوچەی سەجستانە.

ئەبوداوود لەساڵی دووسەد و دووی کۆچیدا لەدایك بوو، سەرەتای ژیانی منداڵی خۆی لەبەصرە بەسەربرد، دواتریش چوو بۆ بەغداد و ماوەیەك لەوێ مایەوە، ئیتر جارجارە دەچوو بۆ بەغدادو دەگەڕایەوە بۆ بەصرە.

ئەبوداوود هەر لەسەرەتاوە تامەزرۆی زانستی فەرموودە بوو تابەتیە خزمەت فەرموودەکانی سەروەری مرۆڤایەتی، لەوکاتەی ئەویشدا زانای بواری فەرموودە زۆر بوون، بۆیە ئەوە دەرفەتێکی چاك بوو بۆی، لەو

ثێناوەشدا ماندویَتي نەدەزانی، کەوتە طەڕان بەدوای فەرموودەکانداو ولآتەو ولآت دەطەڕا، بۆ وەرطرتنی فەرموودەکان ضووە خوراسان و میصر و شام و حیجاز و ضەندین شویَني تر و لەويَ دەضوویە خزمەت زاناکان و فەرموودەی لەوان وەردەطرت و دەینووسیەوە، توانی بضیَتە خزمەتی دەیان مامۆستا و زانستي هەموویان کۆبکاتەوەو تۆماری بکات تا بوو بە زانایەکي ناودار و لە هەموو ناوضەکانی جیهانی ئیسلامییەوە خویَندکاران دەهاتنە خزمەتی و دەرسیان لادەخویَند، خویَندکارەکانی ئەبوداوود هەزاران کەس دەبوون.

ئەبوداوود هیَندە زانا و جیَمتمانە بوو تەنانەت مامۆستاکاني خۆیشي طویَیان لیَدەطرت، بۆنموونە یەکیَك لەمامۆستاکانی کەئیمامی ئەحمەدە فەرموودەي لە ئەبوداوودەوە دەبیست و دەینووسیەوە، هەروەها دوو زانای تري بواری فەرموودە خویَندکاری ئەبوداوود بوون کە ئەوانیش بریتین لەنەسائي و ترمزی.

جاریَك یەکیَك لەخواناسەکان بە ناوی سەهلی کوڕِي عەبدوڵآ هات بۆ لای ئەبوداوود، داوای مۆڵەتی کردو ئەو کەسەي دەرطاکەی کردەوە وتی ئەي ئەبوداوود سەهل هاتووە بۆ لات، ئەویش ضوو بەدەمیەوەو ثیَشوازیەکی طەرمی کردو داینیشاند، دوايي سەهل وتی ئەي ئەبوداوود داواکاریەکم لیَت هەیە، ئەویش وتی ضییە؟ سەهل وتی دەبیَت بەڵیَنم ثیَبدەیت ئەطەر توانیت بیکەیت، وتی باشە، سەهل وتی ئەو زمانەت کە فەرموودەی ثیَغەمبەري خوات (γ) ثیَطیَڕِاوەتەوە بیهیَنە با ماضي بکەم، ئەبوداوودیش تازە بەڵیَني دابوو، بۆیە زمانی هیَنایە دەرەوەو سەهلیش ماضي کرد.

ثەندو وانە: دەبیَت لەم دوو زانا خواناسەوە فیَر بین ریَز لە فەرموودەکانی ثیَغەمبەر (γ) بطرینء ریَزي ئەو کەسانەش بطرین کە لەخزمەتی فەرموودەی ثیَغەمبەردان (γ)، ضونکە ثیَغەمبەر (γ) هەرضي

فەرمووە خوای طەورة فێري كردووة، هەروەها هەركەس لەخزمەتی فەرموودەدا بێت خوای طەورة ريَزداری دەكات و لای موسولَمانان خۆشەويستي دەكات.

ثياويَكي خواناس هەبوو ناوی ئەبوبەكر بوو، ذيانی خۆي تەرخان كردبوو بۆ خزمەتكردنی ئەبوداوود، جاريَك لەطەلَ ئەبوداوود لەبەغداد بوون و نويَذي ئيَوارةيان كرد، كەسيَك لەتەقەي دەرطايدا، كەسيَك بوو وتی يەكيَك ل سەركردەكان داوای مؤلَەت دەكات تا بيَتة ذوورەوة، ئەبوبەكريش هەوالَەكەی دا بة ئەبوداوود، ئەويش مؤلَەتيدا و سەركردەكة هاتة ذوورەوەو دانيشت، ئەبوداوود هات بۆ لای و وتی ئەي سەركردة خيَرة لەم كاتەدا هاتويت؟ ئەويش وتی لەبەر سیَ شت هاتوم، يەكەميان ئەوەية بضيت بۆ بەصرة بۆئەوەی خويَندكارانی هەموو جيهان بيَن بۆ لات، دووەميش ئەوەية وانة بەكورِەكەم بلَيَيتەوة، سيَيەميش بەجياو بەتايبەت وانة بة كورِەكەم بلَيَيتەوة نەوەك لەطەلَ خويَندكارەكانی تر، ئەبوداوود وتي بۆ سيَيەميان رازی نيم، ضونكة هەموو خەلَك لەوەرطرتنی زانستدا وەك يەك وان، بۆية لەو رۆذة بەدواوة كورِەكانی سەركردەكانيش دەضوون لەطەلَ خويَندكارەكانی تردا لای ئەبووداوود وانەيان دەخويَند.

دواجار ئيمامی ئەبوداوود هەر لەشاري بەصرەو لة سالَي دووسەد و حەفتاو ثيَنجي كۆضيدا وەفاتی كرد و لای طۆرِەكەی سوفيانی سەوريدا ئەسثەردة كرا.

## ثرسیار:

ئەبوداوود زیاتر لە ض بواریَكدا زانا بوو؟

ثەیوەندی نیَوان ئەبوداوود و مامۆستاكانی ضۆن بوو؟

بۆضي سەهل زمانی ئەبوداوودی ماض كرد؟

داواكاریەكانی سەركردەكە لە ئەبوداوود ضي بوون؟

داوا لەخۆشەویستیَكت بكە فەرموودەیەكت بۆ بخویَنیَتەوە لە كتیَبەكەي ئەبووداووددا.

## ئیبن حەجەر

ئیمامی ئیبن حەجەر ناوی (ئەحمەدی كورِي عەلية)و بەبنەرِەت خەڵكي عەسقەلانە، بەلآم لەمیصر لەدایك بووەو هەر لەويَ طەورە بووەو لەویَش وەفاتی كردووە، زیاتر بە ئیبن حەجەر ناسراوە، ضونكە ئەوە نازناوی بنەمالَەكەي بووە.

ئيبن حةجةر لةبنةمالَةيةكي ثرِ لةزانستء خواناسدا لةدايك بوو، هةم باوكى و هةم ماميشي زانا بوون و كةسوكارةكةى تري ضةندين زاناى طةورةيان تيَدا بوو، باوكي جطة لةزاناييةكةى ناسرابوو بةزؤري ثةرستش، حةجى زؤري دةكرد.

ئيبن حةجةر لةمانطى شةعبانى سالَي حةوت سةدو حةفتا و سيَي كؤضيدا لة ميصر لةدايك بوو، ئيبن حةجةر خاوةنى دايكء باوكيَكي دةولَةمةند بوو، ضونكة باوكى لة ميصر بازرطاني دةكرد.

هيَشتا ئيبن حةجةر تةمةنى نةطةيشتبووة ثيَنج سالَ كةباوكى وةفاتى كرد، ئةمةش بؤ ئيبن حةجةر سةخت بوو، ضونكة نازى باوكايةتي لةدةستدا، بةلآم باوكى سامانيَكي زؤري بؤ جيَهيشت، ئةمةش دةرفةت بوو بؤ ئيبن حةجةر تا سةرقالَي كارى تر نةبيَت و زؤربةي كاتى ذيانى تايبةت بكات بؤ زانستخوازى.

دواى مردنى باوكى يةكيَك لةكةسة نزيكةكانى باوكى سةرثةرشتي ئةحمةدى طرتة ئةستؤ، خيَرا ئةوى خستة قوتابخانة، ئةويش بةجوانى وانةى دةخويَند، طرنطييةكي زؤريشي دةدا بةقورئانى ثيرؤزو توانى تا تةمةنى دوانزة سالَي هةموو قورئانى ثيرؤز لةبةربكات، لة لةبةركردنى قورئانى ثيرؤزيشدا زؤر بةتوانا بوو رؤذانة ضارةكة جوزئي قورئانى ثيرؤزي لةبةردةكرد.

دواى ئةوة لةتةمةنى دوانزة سالَييدا برِياريدا بضيَت بةرةو مةككة، خؤي طةياندة ئةويَ و لةويَ ماوةى سالَيَك مايةوةو لاى مامؤستايةكي زاناي ئةويَ زانستي فةرموودةى خويَند و فةرموودةكانى ثيَغةمبةري خواى ($\gamma$) لةبةردةكرد، هةر لةو ماوةداو لةتةمةنى دوانزة سالَييدا لةكاتى نويَذي تةراويحدا ل مةككة ثيَش نويَذي دةكرد بؤ موسولَمانان.

دوای ئەوە طەڕایەوە بۆ میصر، لەوێ دەستي كرد بەوەرطرتنی زانستەء لە خزمەت ضەند مامۆستایەكي طەورەدا وانەی خوێند.

ئیبن حەجەر بەوەش وازی نەهێنا، بەڵكو لەثێناو وەرطرتني زانستدا روويكردە ولآتانی تري جیهانی ئیسلامی، ضووية هەریەك لە ولآتی شام و حیجاز و یەمەن، كاتێك ضوو بۆ شام ماوەیەك لەفەڵەستین مایەوەو لەوێ زانستي لەزانا طەورەكان وەردەطرت.

ئیبن حەجەر لەتەمەنی بیست ء ثێنج ساڵیدا ذیانی هاوسەردایي ثێكهێنا، طرنطییەكي زۆري دا بەثەروەردە و فێركردنی ذنەكەی و فەرموودەكانی ثێغەمبەري خوای (γ) ثێدەوتەوە، خوای طەورە لەم ذنەی ثێنج كضي ثێبەخشي.

ئیبن حەجەر دوای ئەوەی زانستێكي زۆري وەرطرت، ئینجا دەستیكرد بەوانە وتنەوەو خوێندكارێكي زۆر لەخزمەتیدا دادەنیشتن و فێري زانست دەبوون.

ئیبن حەجەر كەسێكي بێدەنط بوو، تاثێویست نەبوایة قسەي نەدەكرد، ئازارو نارِەحەتی بۆ هیض كەسێك نەبوو، تا دەیتوانی لەدەرەوەو لەشوێنان سەلامی دەكرد لەخەڵكي، بەرامبەر بەو كەسانەش ضاكەی دەكرد كە ئەوان خراثەیان بەرامبەر كردبوو.

جارێك ئیبن حەجەر ضوو وانة بڵێتەوە، كەسێك كەرقي لەئیبن حەجەر بوو لەولاوة قسەي ناشیریني ثێدەوت، ئیبن حەجەر وتی ثەلة مەكەن باهەموو قسەكانی بڵێت و وازبهێنێت یان بێزار بێت و برِوات، ئەوەش رەوشتبەرزي ئەم زانایة نیشان دەدات.

ئیبن حەجەر طرنطیەکی زۆري دەدا بەشەونویَذ و ثەرستشەکانی دي، تەنانەت لەکاتی سەفەرو طەشتکردنیشدا وازی نەدەهیَنا لەشەونویَذ کردن، هەروەها طرنطییەکی زۆري دەدا بەقورئان خویَندن.

ئیمامی ئیبن حەجەر هاودەم بەوانة وتنەوەکانی، تواني نووسینیَکي زۆر ثیَشکەش بەموسولَمانان بکات، تا ئەمرِۆش نووسینەکانی ئەو زانا خواناسة ماونەتەوەو ئیَمەي موسولَمان سوودیان لیَوەردەطرین، نووسینەکانیشي زۆر بەوردي و جوانی دەنووسي، تەنانەت بۆ نووسیني یەکیَك لەکتیَبەکانی ماوەی بیست و ثیَنج سالَ خەریك بوو ئینجا تەواو بوو، ئەویش کتیَبي (فتح الباري) بوو، بەلآم ئەو کتیَبة ئەوەندة بەهیَز بوو سەرکردەي ولآتانی تر داوایان لەسەرۆکي ولآتەکەی ئیمامی ئیبن حەجەر دەکرد ئەو کتیَبەیان بۆ بنیَریَت.

دواجار ئیمامی ئیبن حەجەر لەسالَي 852 ی کۆضیدا وەفاتی کردو خەلَکیَکي زۆر ئامادەي ئەستەردەکردنی تەرمەکەی بوون، تەنانەت سەکردەی موسولَمانانیش ئامادة بوو.

ثرسیار:

بنەمالَەي ئیبن حەجەر ضۆن بنەمالَەیەك بوون؟

ئیبن حەجەر دوای مردنی باوکی ضي کرد؟

بۆضي ئیبن حەجەر ولآتەو ولآت دەطەرِا؟

بەسەرهاتی قسەوتن بە ئیبن حەجەر ضۆن بوو؟

سەرقالَبوونی ئیبن حەجەر بە نووسین باس بکە.

## ئیمامی زەهەبي

یەکێك لەزاناو ڕیاوە هەڵکەوتەکانی ناو مێژووي موسوڵمانان کەبووەتە جێطەی شانازی هەمووومان ئیمامی زەهەبیە، ئەو ڕیاوەی زیاتر لەسەد بەرط نووسینی هەیە، تا ئەمرِۆش موسوڵمانان بۆ زانیاريء زانستەکەی دەطەرِێنەوە سەر نووسینەکانی.

ئیمامی زەهەبي لەبنەرِەتدا ناوی (موحەممەدی کورِي ئەحمەد)ە، سەر بەنەتەوەی تورکمانەکانە، ئەوەش فەزلَێکي خوایە کە بەهۆي ئیسلامەوە لەهەموو نەتەوەیەکي جیاواز کەسانی زاناو خواناس و سەرکردە دەرکەوتون.

زەهەبي لەشاری دیمەشق لەدایك بوو، هەر لەوێییش طەورە بوو، باڕیرە طەوری زەهەبي کەناوی (قایماز) بوو ڕیاوێکي زۆر خواناس بوو، نزای وەردەطیرا، داوای لەخوا کرد ئەو کاتەی دەمرێت شەوي هەیني بێت، خواش نزاکەی طیرا کردو قایماز لەشەوي هەینیدا کۆضي دوایي کرد، بۆیە بنەماڵەکەی زەهەبي هەر لەبنەرِەتەوە خواناس و ڕوو لەدین بوون.

ڕرسیار: ئەحمەدی باوکی ضۆن بوو؟

وەلاَم: ئەحمەدی باوکیشي ڕیاوێکي ئیماندار بوو، سەرقاڵي ئیشي زێرِ بوو، بۆیە بەزەهەبي ناسراو ئەو نازناوەش بۆ موحەممەدی کورِیشي

مایەوە، ئەحمەدی باوکی هاودەم بەکاري زەرِەنطەري سەرقاڵي وەرطرتنی زانست بوو، شەونویَذو ثەرستشيشي زۆر بوو، بەهۆي كارەكەشيەوە ثارەو سامانیَکي زۆري دەست دەكەوت و لەريَي خوادا خەرجي دەكردو خيَري زۆري ثيَدەكرد، ئيتر بەهۆي بەخشندەيي و خواناسي و زاناييەكەيەوە لای خەڵكي ديمەشق زۆر خۆشەويست بوو.

هەروەها دايك و خاڵ و ثووري زەهەبي زۆر خواناس بوون، تەنانەت زەهەبي لە خاڵ و ثووريەوە زانستي وەردەطرت، ئيتر هەم خۆشەويستي زۆري هەبوو بۆيان و هەم وەك مامۆستاش تەماشاي دەكردن.

زەهەبي لەساڵي 673 ی كۆضيدا لەدايك بوو، هەر كە كەميَك طەورە بوو بەجاريَ دايك و باوك و خاڵ و ثوور و دەوروبەرە نزيكەكانی كەوتنە ثەروەردەكردني زەهەبي ، لەلايەكەوە نازيان دەكيَشا و خزمەتيان دەكرد، لەلايەكي ترەوە هەم ثەروەردەيان دەكردو رەوشتي جوانيان نيشان دەدا، هەم زانستء زانيارييان ثيَدەبەخشي، ئيتر هيَندە زانستيان لا خۆشەويست كرد كەزەهەبي تەواو تامەزرۆي كۆرِي زانايان بوو، زۆربەي كاتەكانی دەضوو لەكۆرِي زاناياندا دادەنيشت، بەتايبەت مامۆستاو زانايانی بواري فەرموودە.

زەهەبي ويستي بضيَت بۆ ولآتانی تر تا لەويَيش زانست وەربطريَت، بەلآم باوكی رازی نەبوو بضيَت ء ثيَيوت كورِەكەم ليَرە زانای زۆر هەن، هەر ليَرە لای خۆمان بميَنەرەوەو زانست وەربطرە، ئەويش طويَرِايەڵي قسەكەی باوكی بوون ضونكە دەيزانی طويَرِايەڵي دايك و باوك ئەركي سەرشانی موسوڵمانە، بەلآم دواتر كە تەمەنی طەيشتە بيست ساڵان ئيتر باوكی ريَطەي ثيَدا بضيَت، ئەويش بەطەرموطورِي كەوتە طەرِان بەشويَن زاناياندا و لەو ثيَناوەدا دەيان شاری دوور لەيەك طەرِاء زانستيَكي زۆري وەرطرت.

زەهەبي سەرەتا طرنطييەكي زۆري دەدا بەفێربووني قورئاني ثيرۆزو جوان خوێندنەوەي و واتاو تێطەيشتني قورئانء هەموو قورئانيشي لەبەركرد، دواى ئەوە كەوتە طرنطيدان بەزانستي فەرموودەو لەو بوارەشدا تاتوانى زانستي وەرطرتء ضي فەرموودەي ثێغەمبەر (γ) هەبوو لەبەري كرد، دواتر زەهەبي حەزى بەبواري مێذوو كردو هەوڵيدا هەر لەسەرەتاوە تاسەردەمى خۆي بەوردي مێذوو بنووسێتەوە، بەتايبەت طرنطيدا بەمێذووي ئيسلامى، بەدەيان بەرطي لەبواري مێذووي ئيسلامييدا نووسي، هەروەها طرنطييەكي زۆري دا بەبواري فيقهي ئيسلامى و لايەنى ئەدەب و شيعر.

## ثەندو وانە:

ثێويستە ئێمەش شوێنثێي زانايانمان بطرينەبەر و وەك ئەوان زانست وەربطرين، هەروەها ئێمەش وەك ئيمامى زەهەبي و زانايانى تر سەرەتاو ثێش هەموو شتێك طرنطى بدەين بەفێربووني قورئانى ثيرۆز، دواتر طرنطى بدەين بەفەرموودەكانى ثێغەمبەر(γ)، دواتر هەر زانستێكي تري ثێويست وەربطرين بۆ ئەوەي بە دروستي لەشتەكان تێبطەين.

دواى ماوەيەك زەهەبي ذني هێنا و ذنەكەشي زۆر خواناس و ضاك بوو، خواى طەورە سێ منداڵي ثێبەخشين، بەڵام تەنيا هەشت ساڵ بەسەر ذيانى هاوسەرييياندا تێثەڕِ ببوو كەذنەكەى وەفاتى كرد، ئەوەش تاقيكردنەوەيەكي خوايي بوو، زەهەبي لەو تاقيكردنەوەدا سەركەوتوو بوو و خۆڕِاطر بوو و بە قەدەري خوا رازى بوو.

زەهەبي شوێنثێي باوكى هەڵطرت و وەك ئەو منداڵەكانى خۆي لەسەر زانست و خواناسي ثەروەردە كرد و هەركام لە منداڵەكانيشي دواتر بوون بە زاناى طەورە.

ئيتر زەهەبي هەموو ماوەى ذيانى خۆيدا بەطەياندنى ثەيامى خواو بەطوفتار و كردارو نووسين هەوڵيدەدا خەڵكي لەئيسلام تێبطەيەنێت و ضي

زانستی ئێیە بیبەخشێت، زیاتر لەسەد بەرط كتێبی نووسی، هێندە سەرقاڵی نووسین بوو تا لەكۆتاییدا جەستەی تەواو لاواز بوو، ضاوی كز بوو، لەكۆتاییەكانی تەمەنیدا بینایی لەدەستدا و ضەند ساڵێ بە نابینایی ذیانی بەسەر برد، بەو حاڵەوە وەڵامی ثرسیاری خەڵكی دەدایەوەو فەتوای بۆ دەدان، دواجار لە ساڵی 748 ی كۆضی و هەر لەشاری دیمەشقدا كۆضی دوایی كردء زانایانێكی زۆر و خەڵكێكی بێشومار نوێذیان لەسەر كرد.

## ثرسیار:

زەهەبی سەر بە ض نەتەوەیەك بوو؟

باثیرەی زەهەبی بە ضی ناسرابوو؟

باوكی زەهەبی ضۆن بوو؟

بۆضی زەهەبی سەرەتا طەشتی نەكرد بۆ ناوضەو وڵاتەكانی تر؟

زەهەبی سەرەتا طرنطی بە ض زانستێك دا؟

زەهەبی لە كۆتاییەكانی ذیانیدا تووشی ضی بوو؟

دەتوانیت ذیانی ئیمامی زەهەبی بۆ كەسێكی خۆشەویستت باس بكەیت؟

## ئیمامی بوخاری

ئەم زاناو كەسایەتییەی ئێستا باسی دەكەین، یەكێكە لەدیارترین زانا طەورەو ئازیز و خۆشەویستەكان، طەورەترین زانای بواری فەرموودە كە بەدروستترین شێوە فەرموودەكانی ثێغەمبەری خوای (ﷺ) نووسیوەتەوەو لەهەموو زاناكانی تر جوانتر فەرموودەكانی نووسیوەتەوە.

ئيمامى بوخاري ناوى (موحةممةدى كورِي ئيسماعيل)ةو بةرةضةلَةك فارسة، باثيرة طةورةى فارسيَكي ئاطرثةرست بوو ، هةر بةئاطرثةرستي مرد، بةلآم دواتر خواى طةورة ئيسلامى طةياند بةو بنةمالَةية، باوكى بوخاري يةكيَك بوو لةثياوة خواناس و زؤر ئيماندارةكان، هةروةها زانايةكي طةورة بوو ك فةرموودةى ثيَغةمبةري خواى (ﷺ) دةطيَرِايةوة، هيَندة ثاك ء خواناس بوو نةيدةهيَشت ثارووية‌ك نانى حةرام بضيَتة مالَةكةيةوة، لةكاتى سةرةمةرطيدا وتى (تاكة درهةميَكيش ثارةى حةرام نةهاتؤتة مالَمةوة، تةنانةت ئةوةش حةرام نةبوو‌بيَت بةلآم طومانم هةبوو‌بيَت حةرامة نةمهيَشتووة بيَتة مالَمةوة).

بةلَيَ، لةميَذوودا فارسةكان زاناى زؤرو خواناسيان ثيَشكةش بةموسولَمانان كردووة، بةتايبةت زانايانى بواري فةرموودةكانى ثيَغةمبةر(ﷺ) وةك ئيمامى ئيبن مةندة كةثيَشتر باسمان كرد، ئةوةتا ئيمامى بوخاريش فارسةو طةورةترين زاناى بواري فةرموودةية.

باوكي بوخاري ضوو بؤ شارى بوخارا و لةويَ ذيا، هةر لةويَ لةسالَي دووسةد و نةوةد و ضواري كؤضي و لة دواى نويَذي هةيني لةدايك بوو.

بوخاري هيَشتا مندالَ بوو كة باوكى كؤضي دوايي كرد، باوكى سامانيَكي زؤري دواى خؤي جيَهيَشت و ئةوة هؤكار بوو تابوخاري تووشي هةذارى نةبيَت، ئيتر دايكي هةولَيدا هةم بؤي ببيَتة دايك و هةم ببيَتة باوك، طرنطييةكي زؤري ثيَدا، جا بوخاري بةمندالَي بينايي لةدةستدا، دايكي هيَندة نزاى خيَري بؤ كرد كة لةبةر نزاكانى دايكي، خواى طةورة بينايي بؤ طيَرِايةوة.

بوخاري هةر لةسةرةتاوة خووي داية بوارى فةرموودةو ذمارةيةكي زؤر فةرموودةى لةبةركرد، هيَشتا تةمةنى نةطةيشتبووة دة سالَ كةذمارةيةكي زؤر فةرموودةي لةبةركرد، دواى ئةوة دةضووة خزمةت

زانایانی طەورەو لەخزمەتیاندا زانستیان وەرطرت، تەمەنی نەطەیشتبووە شانزە ساڵ کە ضەندین کتێبی بەتەواوەتی لەبەرکردبوو.

بوخاری لەلایەن ثەروەردطارەوە توانای لەبەرکردنی ثێبەخشرابوو، کاتێك لەطەڵ هاورِێکانی دەضوو بۆ وەرطرتنی فەرموودە، ئەوان دەیاننوسیەوە، بەلاَم بوخاري یەکسەر لەبەري دەکرد، دواتر هاورِێکانی وتیان خۆ تۆ هیضت نەنووسیوەتەوە، ئەویش وتی هەموویم لەبەرکردووە، کاتێك ثرسیاریان لێکرد هەموو فەرموودەکانی بەدروستی دووبارە دەکردەوە و توانیبووي هەزاران فەرموودە لەبەربکات.

دوای تەمەنی شانزە ساڵي، ئیتر بوخاري برِیاریدا لەثێناو وەرطرتنی زانستدا بضێتە دەرەوەي ولآتی خۆي، سەرەتاش ضوو بۆ حەج، هاودەم بەبوخاري ئەحمەدی برای و دایکیشي ضوون بۆ حەج، بوخاري لەحەجەوە نەطەرِایەوەو لەوێ مایەوەو کەوتە وەرطرتنی زانست، هەر لەوێ ضەند کتێبێکي نووسي و سەرەتای کتێبە بەناوبانطەکەی دەست ثێکرد کە ئەویش ناسراوە بە صەحیحي بوخاري، ئینجا لەوێوە ضوو بۆ ضەندین ناوضەي تري جیهانی ئیسلامی و فەرموودەکان ثێغەمبەري خوای (ﷺ) کۆدەکردەوە، هەریەك لە ولآتی عێراق و شام و میصر و ئێران و ضەندین شوێني تر طەرِا تا ضي فەرموودە هەیە هەموویان کۆبکاتەوە.

ئیمامی بوخاري ضەندین خوێندکاري هەبوون کەزانستي فێر دەکردن و فەرموودەی بۆ دەطێرِانەوە، لەوانەش ثێشەوا و زانا طەورەکانی بواری فەرموودە (ئیمامی ترمزي، ئیمامی نەسائي، ئیمامی موسلیم).

جارێك ذمارەیەکي زۆري زانایانی فەرموودە لەشاری سەمەرقەند کۆبوونەوەو ویستیان تاقیکردنەوەیەك بکەن بەبوخاري، هاتن ذمارەیەکي زۆر فەرموودەیان هێناو تێکەڵیان کردن تابزانن بوخاری دەتوانێت هەڵەکان

راست بکاتەوە؟ بوخاري توانی هەموو فەرموودەکان وەك خۆي بنووسیێتەوەو تیکەڵکردنەکە راست بکاتەوە.

جاریکي تر لەبەغداد زانایان کۆبوونەوە تا بوخاري تاقیبکەنەوەو سەد فەرموودەیان هێناو تەواو تیکەڵیان کرد، بوخاري توانی سەرکەوتووانە هەموویان جیا بکاتەوەو بەجوانی فەرموودەکان بنووسیێتەوە.

بوخاري بەشیکي زۆري ذیانی خۆي دانابوو بۆ خویندنەوەي قورئان و رامان لەئایەتە ثیرۆزەکانی، بەتایبەت دواى نویذي بەیانیان دەستي دەکرد بەقورئان خویندنەوە.

دواجار بوخاري بریاریدا بطەرِیتەوە بۆ بوخارا، کاتیك خەڵکي هەواڵیان بیست ئیمامی بوخاري دەطەرِیتەوە، هەموو کۆبوونەوەو ضوون بۆ ثیشوازی لیکردنی، ئاهەنطیکي طەورەیان بۆ طیرِاو لەمزطەوت کۆبوونەوە تا طویي بۆ بطرن، ئەویش ماوەیەکي زۆر فەرموودەی بۆ دەطیرِانەوە.

ثاش ماوەیەك لەسەر داواى خەڵکي سەمەرقەند کەوتەرِيَ بۆ ئەو شارە، بەلآم لە نیوەي ریدا نەخۆش کەوت، ماوەیەك لەويَ مایەوەو دواتر کەویستي بضیت بۆ سەمەرقەند، هەستایەوە سەرثيَ و ضەند هەنطاویك رۆشت، نەیتوانی بطاتە لای ئەسثەکەی، هاوەڵەکانی دایاننیشاند، ئیمامی بوخاري هەندیك نزای کرد، لەجیطەدا کەوت و عارەقیکي زۆري دەکرد، دواجار لەکاتی نویذي عیشادا کۆضي دوایي کرد، تەمەنیشي شەست و دوو ساڵ بوو، تەرمەکەیان هیشتەوە تابەیانی و هەتا دواى نویذي نیوەرِۆ ئینجا ئەسثەردەیان کرد.

ثرسيار:

ئيمامى بوخاري سةر بة ض نةتةوةيةك بوو و لة كويَ لةدايك بوو؟

باوكى بوخاري لة سةرةمةرطيدا ضي وت؟

ذيانى مندالَي بوخاري ضؤن بوو؟

باسي تاقيكردنةوةكانى بوخاري بكة.

بوخاري تا ضةند طرنطيدةدا بةقورئاني ثيرؤز؟

## ئيمامى غةزالى

يةكيَك لةثيَشةواو زانا طةورةكانى موسولَمانان ئيمامى غةزالى بوو، ئةو ثياوة خواناسةي كةتوانى هةم بةرثةرضي طومرِايي و نةزانى فةيلةسوفةكانى خؤرئاوا بداتةوةو هةم بةشيَك لةهةلَةو لادانى موسولَمانان راست بكاتةوة، بؤية زؤر طرنطة مندالَ ء طةنجى موسولَمان بةضاكى ئةو ثياوة زاناية بناسن.

ئیمامی غەزالی ناوی موحەممەد بوو، باوکیشي هەر ناوی موحەممەد بوو، موحەممەدی باوکی سەرقاڵي ئیشء کار بوو، غەزالی برایەکیشي هەبوو بەناوی ئەحمەد.

ئیمامی غەزالی لە ساڵي 450 ی کۆضي لە شارێك بەناوی شاری تووس لەدایك بوو، ئەو شارەش دەکەویتە ئیرانەوە، ئەمرِۆ بەو شارە دەوتریَت مەشهەد.

کاتیَك باوکی غەزالی لە مردن نزیك بووەوە، وەسیەتی بۆ یەکیَك لە زاناکان کردو تکای لیَکرد ئاطای لەهەریەك لەغەزالی و ئەحمەدی برای بیَت و زانستیَکي ضاکیان فیَر بکات، هەرضي سامانیَکیشي جیَهیَشتووە لەوریَیەدا بۆیان خەرج بکات، دوای ئەوە باوکیان وەفاتی کرد، ئیتر ئەو زانایە کەوتە ثەروەردەو فیَرکردنی غەزالی و ئەحمەدی برای، زۆري نەخایاند ئەو ثارەو سامانەی باوکیان تەواو بوو، زانا صؤفیە موسوڵمانەکەش توانای نەبوو خەرجی ئەو دوو منداڵە بکیَشیَت، بۆیە رۆذیَك هەردووکیانی بانط کردو وتی رۆڵە شیرینەکانم تائیَستا لەثارەو سامانی باوکتان خەرجیم دەکیَشان، ئیَستا وا ثارەکەی تەواو بووە، جامنیش کەسیَکي هەذارم و هیض سامانیَکم نییە تابتوانم خەرجیتان بکیَشم، بۆیە ثیَم باشە هەردووکتان بضنە قوتابخانەیەك و لەویَ وانە بخویَنن، لەویَ هەم نانء خواردن و جل ء بەرطتان دابین دەکەن و هەم زانیستیشتان فیَر دەکەن.

ثرسیار: ئەو جۆرە قوتابخانانە کەی هەبوون؟

وەڵآم: لەو سەردەمەدا دەسەڵآتی موسوڵمانان قوتابخانەی دروست کردبوو تامنداڵآن و طەنجان تیایدا وانە بخویَنن، هەروەها بۆئەوەی بیَخەمبن و بتوانن جوان زانست وەربطرن هەموو خەرجییەکی قوتابیانی

دەطرتە ئەستۆي خۆي، ئەوةش سەروەرییەكي موسولَمانان بوو كەهێندة طرنطییان دەدا بەزانست.

غەزالی و ئەحمەدی برای قسەي مامۆستاكەيان وەرطرت و ضوون بۆ قوتابخانەیەكء هەر لەسەرەتاوة لەشارەكەی خۆيان زانستيان وەرطرت، دواتر غەزالی بۆ وەرطرتنی زانستي زیاتر ضوو بۆ شاري جورجان و لەوێیش زانستي وەرطرت.

ثرسیار: ئايا غەزالی لەو سةفەرەیدا تووشي نارِەحەتی بوو؟

وەلآم: غەزالی لەو سةفەرەیدا نارِەحەتییەكی هاتە رِيَ، ئەوەبوو لەنیوەي ریَدا ذمارەیەك ضەتەو ریَطر هاتنة بەردەميان و هەرضييان ثيَبوو لیَيان سەندن، غەزالی وازی نەهیَناو كەوتە شویَن ضەتەكان و دەیوت هەر دەبیَت شتەكانم ثیَبدەنەوة، يەكیَك لەوانیش دەیوت بطەرِیَرەوة با نەتكوذم، غەزالی وتی لەبەر خاتری خوا ئەو شتانەم بدەرەوة، ضەتەكة وتی ئەو شتانەت ضین هیَندة لات طرنطن؟ ئەویش وتی ضەند كتێبیَكن، ضەندین شار و شویَنم كردووة تا ئەو زانستەم كۆكردووةتەوة، كابرا ثیَكەنی و وتی جا ئەوة ض جۆرة زانستیَكة ئیَمة بتوانین بەئاسانی لیَت بدزینء تۆيش نەتوانیت لای خۆت بيهیَلَیتەوة، دواتر فەرمانی كرد كتێبەكانيان ثیَدايەوة.

ئەم رووداوة بوو بەوانەیەكي طەورة بۆ غەزالی، ئیتر هەر زانستیَكي وەربطرتايەو بينووسيايە، هیَندة جوان دەیخویَندەوة كە ئەطەر كتێبەكەی بفەوتاية يان بدزراية هەر زانستەكەی لەبیر دەماو ثێكي نەدەكەوت، دەی دەبیَت ئیَمەش وەك ئیمامی غەزالی لەم بەسەرهاتەوة ثەند وەربطرین و بەجۆریَك زانياري وەربطرین و لیَي تیَبطەین كە ئەطەریش كتێبەكەمان لەدەست ضوو هەر زانستەكة لەبیرو هۆشماندا بمیَنیَتەوة.

دواجار ئيمامى غەزالى ضووة خزمەتى يەكێك لەزانا طەورەكانى موسوڵمانان بەناوى ئيمامى جوةيني، لەخزمەتييدا زانستي وةردةطرت و هاوكات وانةشي دةوتەوة بەخويێندكارةكانى خۆي تا ئەوكاتەى ئيمامى جوةيني وةفاتى كرد، ئيتر دواى ئەوة غەزالى ضوو بۆلاى سەركردةيەكي زانا و هەڵكەوتەى موسوڵمانان كەوةزير نيزامولمولك بوو، ئەم سەركردةية زۆر ريێزي زاناياني دةطرت و خزمەتى دةكردن و خويێندنطەى زۆري دةكردةوة تازانست لەناو موسوڵماناندا بلآوبكريێتەوة.

غەزالى لەويێ ضاوى كەوت بەسەدان زاناى تر و رۆذانة لەسەر مەسةلة طرنطەكان طفتطۆيان دةكرد و ئاڵوطۆرِي زانيارييان دةكرد، دواتر لەخويێندنطەى نيزامية لەبەغداد كەوتة وانة وتنەوةو توانى خويێندكاريێكي زۆر ثيێبطەيةنيێت، لەكاتى وانەوتنەوةكانيدا نزيكەي ضوارسەد زاناش دادةنيشتن و طوييان ليێدةطرت.

كاتيێكيش دةضوويەوة بۆماڵەوة، سەرقاڵ دةبوو بەنووسيني كتيێبەوةو ضةندين كتيێبي نووسي كة تا ئەمرِۆش نووسينەكانى ماونەتەوة، هاوكات نەيدةوت من زانستم زۆرةو ئيتر ثيێويست ناكات زانست وةربطرم، بەڵكو بەردةوام زانستي وةردةطرت، ض بەخويێندنەوةى كتيێب، ض بەوةرطرتنى زانياري زاناكانى دةوروبەري.

دواتر غەزالى ويستي ماوةيەك بەتەنيا بيێت ء كەس نەيناسيێت، بۆية بەغدادى جيێهيێشتء ضوو بۆ ولآتى شام و لەويێ هەر جارةو لة شاريێ دةمايەوة، ماوةيەكيش لەقودس مايەوة، لەو ماوةدا هەوڵيدةدا دةروونى خۆي ثەروةردة بكات و خواناسي زياد بكاتء زۆربەى كاتى سەرقاڵي ثەرستش بوو.

ماوةى دة ساڵ لەشام مايەوةو دواتر طەرِايەوة بۆ شويێني لەدايكبوونى خۆي كەشارى تووس بوو، ساڵيێك لەويێ مايەوة، بەلآم زاناياني زۆر تكايان

لێکرد تا واز لەکەنارطرتن بهێنێت و زانست فێري خەڵك بکات، بۆیە ئەویش برِیاریدا بضێت بۆ شاري نەیسابوور و لەوێ وانە بڵێتەوە.

بەڵام لەوێیش دڵي ئارامی نەطرت‌ء طەرِایەوە بۆ شارەکەی خۆي و لەثاڵ ماڵي خۆیدا کەوتە وانە وتنەوەو قورئان خوێندن و خوێندنەوەو لەبەرکردنی فەرموودەکانی ثێغەمبەر(ﷺ) تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، تەنانەت ئەو کاتەی وەفاتی کرد کتێبي فەرموودەکانی ثێغەمبەري خوای (ﷺ) بەدەستەوە بوو.

دواجار ئیمامی غەزالی لەرۆذي دووشەممەو لەساڵي 505ی کۆضیدا لەشاری لەدایکبوونەکەی خۆیدا وەفاتی کرد.

## ثرسیار:

ئیمامی غەزالی خەڵکي ض شارێك بوو؟

بۆضي غەزالی و ئەحمەد مامۆستاکەی خۆیان جیهێشت؟

نیزامولمولك کێ بوو؟

بۆضي غەزالی ضوو بۆ شام؟

کاتێك ئیمامی غەزالی وەفاتی کرد سەرقاڵي ضي بوو؟

## ئیمامی ئەشعەری

ئەم زانا خۆشەویستەي ئێستا باسي دەکەین، لە مێذووي موسڵمانانذا رۆڵێکي زۆر طەورەی بیني، ئەویش بریتي بوو لە وەلآمدانەوەی هەڵە و لادانی بەشێك لەو کەسانەی بە هەڵە لە ئیسلام تێطەیشتبوون ء دەیانویست بە هەڵەش خەڵك فێري ئیسلام بکەن.

ئیمامی ئەشعەری لە بنەرِەتدا ناوی عەلی کورِي ئیسماعیل بوو، باثیرە طەورەي دەضوویەوە سەر یەکێك لە هاوەلآنی ثێغەمبەری خوا (γ) کە ئەبوو مووسای ئەشعەري بوو.

ئیسماعیلي باوکی یەکێك بوو لە زانا طەورەکانی ناو موسڵمانان و زۆربەي کاتی خۆي دابوو بە بواري فەرموودە، زۆرێك لە فەرموودەکانی ثێغەمبەري خوای (γ) لەبەرکردبوو، جا کاتێك سەرەمەرطي نزیك بوویەوە، هێشتا عەلی کورِي بضووك بوو، بۆیە وەسیەتی کرد بۆ یەکێك لە زاناکانی بواري فەرموودە تا لەدوای خۆي ئاطای لە عەلی کورِي بێت.

لە ساڵي 260 ی کۆضیدا ئیمامی ئەشعەري لە شاري بەصرە لەدایك بوو، ضونکە دایكء باوکی لەوێ دەذیان.

ثاش ئەوەی باوکی وەفاتی کرد، یەکێك لە زانا طەورەکانی بواري فەرموودە سەرثەرشتي عەلی کرد، ئەویش هەر لە سەرەتاوە دەستي کرد بە وەرطرتنی زانست، بۆ ئەوەش تەنها لە شاري بەصرە نەمایەوە، بەڵکو بریاري دا بضێت بۆ بەغداد کە ثایتەختی ئەوکاتی موسڵمانان بوو و لەوێ لە خزمەتی برِێ لە زانایاندا زانستي وەرطرت.

بەڵام عەلی سەرەتا کەوتە داوی کەسانێکەوە کە بە هەڵە لە ئیسلام تێگەیشتبوون، ئەوانیش تاقمێ بوون پێیان دەوترا موعتەزیلە.

پرسیار: موعتەزیلەکان چۆن لە ئیسلام تێگەیشتبوون؟

وەڵام: موعتەزیلەکان وا لە ئیسلام تێگەیشتبوون کە عەقڵی مرۆڤ لەپێش هەموو شتێکەوەیە و هەرچیەك لە ئیسلامدا هاتبێ و لەگەڵ عەقڵدا نەگونجێ، دەبێت کاری پێ نەکەین، هەروەها رەخنەیان لە ژمارەیەکی زۆری فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەگرت.

عەلی سەرەتا کەوتە شوێن ئەوان و وایزانی ئەو تاقمە راستە حەقن، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەواندا بوو و پشتیگیری بیروبۆچوونی ئەوانی دەکرد، تا دواتر بە زۆر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و بیرکردنەوە لە شتەکان و خوێندنەوەی نووسینە بەهێزەکانی زانایان، بە جوانی لە شتەکان تێگەیشت.

شەوێك ئیمامی ئەشعەری دەستنوێژی گرت و دوو رکات نوێژی کرد و تا توانی نزای کرد و لە خوا پاڕایەوە، ئینجا بە دەستنوێژەوە خەوت، شەو خەوی بینی بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، سکاڵای خۆی لای پێغەمبەر (ﷺ) کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) رێنمایی کرد و فەرمووی (دەست بگرە بە فەرموودەکانی منەوە) ئیتر ئەشعەری کە لە خەو راچڵەکی، دەستی کرد بە گرنگی دان بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

ئینجا ئیمامی ئەشعەری کە زانی ئەو کەسانەی پێشتر هاوڕێی بوون لە چ هەڵەیەکدان، هەوڵی دا بە شێوەیەکی دڵسۆزانە رێی راستیان نیشان بدات، بۆ ئەوەش رۆژانە قسەی بۆ دەکردن و چەندین نووسینی لەو بوارەدا پێشکەش کرد، هەروەها دەستی کرد بە وانەوتنەوە بە سەدان خوێندکاری پێگەیاندء بە جوانی پەیامی ئیسلامی فێرکردن.

ئيمامى ئةشعةري زؤر جار لةطةلَ ئةو كةسانة دادةنيشت كة بة هةلَة لة ئيسلام تيَطةيشتبوون و قسةي بؤ دةكردن و راى ئةوانى دةبيست و روونكردنةوةى بؤ دةدان و ضةندين كةس لةسةر دةستي ئةو ريَي راستيان بؤ روون بوويةوة.

هةروةها دةستي كرد بة نووسين و ضةندين كتيَبي ناوازةو بةتيَزي نووسي، نووسينةكانى ئةو زانااية جطة لة سةردةمى خؤي بؤ سةردةمى دواى خؤي و تا ئةمرِؤش بوونةتة سةرضاوةيةكي بةبايةخ بؤ موسلَمانان.

دواجار ئيمامى ئةشعةري لة سالَي سيَ سةد و بيست و ضواري كؤضيدا لة شاري بةغداد كؤضي دوايي كرد.

ثرسيار:

باوكى ئيمامى ئةشعةري لة سةرةمةرطيدا ضي وت؟

موعتةزيلةكان ضييان دةوت؟

خةوةكةى ئيمامى ئةشعةري ضي بوو؟

ئيمامى ئةشعةري ثاش ئةوةى تةوبةي كرد ضي كرد؟

ض بةشيَكي ئةم بةسةرهاتة لات خؤش بوو؟

## ئيبن صةلاحى شارةزوورى

يةكيَك لة زانا طةورة و ناودارةكانى ناو جيهانى ئيسلامى، كةسيَكة كة لة نيَو خاكى كوردان لةدايك بوو و هةر لةويَ لة خزمةت باوكيدا زانستي وةرطرت و ثيَطةيشت و دواتريش بة ناوى ناوضةكةى خؤيةوة ناوبانطي دةركرد، ئةويش ئيبن صةلاحى شارةزوورية.

ئيبن صةلاح لة بنةرِةتدا ناوى عوسمانى كورِي عةبدورِةحمانة، عوسمانى باوكى لة ناوضةي شارةزوور نيشتةجيَ بوو و يةكيَك بوو لة زانا طةورة و ناودارةكانى ناوضةكة، ئيبن صةلاح هةر لة طوندى شةرخان لة نزيك ناوضةي شارةزوور و لة سالَي 557 ى كؤضيدا لةدايك بوو و هةر لةوييَش لاى باوكى طةورة بوو.

ئيبن صةلاح دواى ئةوةى لة شارةزوور لاى باوكى زانستيَكي زؤري وةرطرت، برِياري دا بضيَت بؤ ناوضةكانى تري جيهانى ئيسلامى و لةوييَش زانست وةربطريَت، بؤية سةرةتا رويكردة شاري موصلَ و لة خزمةت ضةندين زاناي ديارى ئةو شارةدا زانستي وةرطرت، هةروةها هةريةك لة شارةكانى بةغداد و نةيسابور و حةلةب و ديمةشق و حةرِانيش

وانەی خوێند، واتە هەم بەرەو رۆذهەلآت و هەم بەرەو رۆذئاواش سەفەري كرد تا زانست وەربطرێت.

هێشتا ئیبن صەلاح تەمەنی نەطەیشتبووية ثانزة سالآن كة يەكێك لة كتێبة زۆر طەورة و بەهێزەكانی ئەو سەردەمەی خوێند بة ناوی موهەززەب، ئەوەش جێي سەرسامی زانايان بوو كة توانيبووي لەو تەمەنەدا ئەو كتێبة بەهێزة بخوێنێت.

ئيبن صەلاح تا توانی زانستي وەرطرت، لة هەموو بوارەكانی تەفسير و مێذوو و زمانەوانيدا شارەزاييەكی ضاكی ثەيدا كرد، بەلآم دواتر طرنطی زۆري دا بة بواری فەرموودەكانی ثێغەمبەر (γ) و بوو بة زانايەكی ديار و هەڵكەوتەی ئەو بوارەو تا ئەمرۆش موسڵمانان لة هەموو جيهاندا سوود لة نووسينەكانی وەردەطرن.

ئيبن صەلاح كة ضوو بۆ ولآتی شام، ثاش وەرطرتنی زانست، دەستي كرد بة بەخشينەوەی ئەو زانستەی كة وەريطرتبوو، بۆية هەم لة خوێندنطەكاندا وانەی دەوتەوە، هەم لة مالَي خۆي زانستەكەی دەبەخشي بەوانەی دەهاتنة خزمەتی، هەم بة نووسيني كتێب هەولَيدا ئەوەی دەيزانێت نەوەك تەنها بۆ خەڵكي سەردەمی خۆي، بەڵكو بيطەيەنێت بة خەڵكي دوای خۆيشي.

دواجار ئيبن صەلاح لة بەرەبەرياني رۆذي ضوارشەممة لة بيست و ثێنجي مانطی رەبيعولئاخيري سالَي شەش سەد و ضل و سێي كۆضيدا لة ديمەشق وەفاتی كرد، تەمەنيشي شەست و شەش شالَ بوو، خەڵكێكي زۆر بة هەوالَي مردنی دلَتەنط بوون و هەموان ئامادەی ئەسثەردەكردنی بوون.

ثرسيار:

ئيبن صةلاح خةلَكي كويَية؟

باوكى ئيبن صةلاح كيَ بوو؟

بؤضي ئيبن صةلاح سةفةري كرد بؤ شارةكانى تر؟

ئيبن صةلاح لة ولآتى شام ضي دةكرد؟

دةتوانيت ذيانى ئيبن صةلاح بؤ كةسيَكي خؤشةويستت باس بكةيت؟

## ئيبن كةسير

ناوى ئيسماعيلي كورِي عومةرة، لة سالَي حةوت سةد و يةكي كؤضي لة طونديَكي سةر بة شارى بوصراى ولآتى شام لةدايك بوو.

باوکی عومەر یەکێك بوو لە زانا طەورە و ناسراوەکان، بۆیە هەوڵي دەدا منداڵەکانی لەسەر حەز و خۆشەویستي زانست ثەروەردە بکات، بەڵام فریای ئەوە نەکەوت ئیسماعیلی کوڕي ثەروەردە بکات، ضونکە دوو ساڵ دوای لەدایکبووني ئیسماعیل، باوکی کۆضي دوایي کرد، ئەوەش نارِەحەتیەکی زۆر بوو بۆ ئەم منداڵە خۆشەویستە، ضونکە هەر لە سەرەتاوە بیَبەش بوو لە نازی باوکایەتي.

بەڵام براطەورەکەی ئیسماعیل کە عەبدولوەهاب بوو لەسەر دەستي باوکی و زانایانی تر ثەروەردە بووبوو، کەوتە ثەروەردەکردنی ئیسماعیلي برای و رۆذانە وانەی دەوتەوە بە ئیسماعیل و بە جوانی ثەروەردەی دەکرد.

ئیبن کەسیر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا هاودەم بە براو کەسوکاري باري کرد بۆ شاري دیمەشق و لەویَ نیشتەجيَ بوون، لەويَ لەسەر دەستی برا طەورەکەی وانەی خویَند و زانستي وەرطرت، ئیتر لەويَ خۆي یەکلا کردەوە بۆ زانست و تەنها سەرقاڵي وەرطرتنی زانست بوو، دیمەشقیش شاریَك بوو ثِر بوو لە زانای طەورە و ناسراو، ئەمەش دەرفەتیَکي ضاك بوو بۆ ئیسماعیل تا سوود لەو هەموو زانایە وەربطریَت.

ئیبن کەسیر دەستي کرد بە لەبەرکردني قورئانی ثیرۆز و لە تەمەنی یانزە ساڵیدا هەموو قورئانی ثیرۆزي لەبەرکرد، دواتر فەرموودەکانی ثیَغەمبەري خوای (γ) لەبەردەکرد و هەزاران فەرموودەی لەبەرکرد، هەروەها زانستەکانی تریشي وەرطرت تا بوو بە زانایەکي طەورە.

ئیبن کەسیر ثاش ئەوەی بوو بە زانایەکي طەورە، دەستي کرد بە وانە وتنەوە بە خویَندکاران و ذمارەیەکي زۆر قوتابي ثیَطەیاند، هەروەها وەڵامی ثرسیاري خەڵکي دەدایەوەو کیَشەکانی ضارەسەر دەکرد، هەروەها کە دەضوویەوە ماڵەوە سەرقاڵي نووسین دەبوو و ئەو زانستەي دەیزانی

دەینووسیەوە تا نەوەكانی داهاتووش سوودی لێ وەربطرن، تا ئەمڕۆش كتێبەكانی ئەم زانا طەورەیە لەبەردەستی ئێمەدان و سوودێكی زۆریان هەیە بۆ موسڵمانان.

ئیبن كەسیر جێي سەرنج و سەرسامی مامۆستاكانی بوو، ئەوەبوو یەكێك لە مامۆستاكانی كە فەرموودەكانی ثێغەمبەري خوای (γ) فێر دەكرد، سەرسام بوو بە رەوشت بەرزي و زیرەكی ئیبن كەسیر و دواجار كضێكي خۆي كرد بە هاوسەري، خوای طەورەش ضەند منداڵي ثێ بەخشین كە هەموویان لە خزمەت باوكیاندا زانستیان وەرطرت و ثەروەردەیەكي جوانیان وەرطرت.

ئیبن كەسیر لە كۆتاییەكانی تەمەنیدا تەواو ماندوو بوو، بینایي لەدەستدا، زۆري نەخایاند لە ساڵي 774 ي كۆضي و لە رۆذي ثێنج شەممەدا كۆضي دوایي كرد، ثێش مردنی وەسیەتی كردبوو لای ئیبن تەیمیەي مامۆستای ئەسثەردەی بكەن، بۆیە كە وەفاتی كرد وەسیەتەكەیان بەجێطەیاند و لای طۆڕەكەی ئیمامی ئیبن تەیمیة ئەسثەردەیان كرد.

## ثرسیار:

ئیبن كەسیر ضەند ساڵ لەطەڵ باوكی ذیا؟

باركردن بۆ دیمەشق ض سوودێكي هەبوو بۆ ئیبن كەسیر؟

ئیبن كەسیر لە تەمەنی ضەند ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەركرد؟

باسي ذنهێنانەكەی ئیبن كەسیر بكە.

ئيبن كةسير كة بوو بة زانا ضي كرد؟

## سةعيدي كورِي موسةيب

ئةمجار باسي زانا و خواناسيَك دةكةين كة لة شارةكةي ثيَغةمبةر (γ) لةدايك بوو و ذيا و لةناو هاوةلآنى ثيَغةمبةردا (γ) ثةروةردة بوو و لةسةر دةستي ئةوان زانستي وةرطرت، ئةويش ئيمامى سةعيدة.

ناوى سةعيدي كورِي موسةييبة و بة بنةرِةت سةر بة قورِةيشة، باوكى ئةم ثياوة خواناسة يةكيَكة لة هاوةلآنى ثيَغةمبةر (γ)، سةعيد لة سالَي ثانزةى كؤضي و لة شارى مةدينةى خؤشةويست لةدايك بوو، هيَشتا دوو سالَ بوو ئيمامى عومةر بووبوو بة خةليفةي موسلَمانان.

سةعيد هةر لة مةدينة طةورة بوو و لةويَ دةستي كرد بة وةرطرتنى زانست، شارى مةدينة ئةو شارة خؤشةويستةي كة شويَني نيشتةجيَبوونى ثيَغةمبةر (γ) بوو و ثيَغةمبةر (γ) نزاى بؤ كردووة، شاريَ كة بة دريَذايي ميَذوو هةزاران زاناى طةورةي ثيَشكةش بة موسلَمانان كردووة.

لة سةردةمى سةعيددا موسلَمانان دةسةلآتيان بةهيَز بوو، بةشيَكي زؤر لة هاوةلآنى ثيَغةمبةر (γ) مابوون و لة شارى مةدينة وانةيان دةوتةوة، خةلَكي تةواو تامةزرؤي وةرطرتنى فةرموودةكانى ثيَغةمبةر (γ) بوون، ئةمة دةرفةتيَكي باش بوو بؤ سةعيد تا لةو بارودؤخةدا خؤي ثيَبطةيةنيَت.

سةعيد هةر لة مةدينة هاوسةرطيري كرد و ذني يةكيَك لة هاوةلَة ناسراو و خؤشةويستةكانى ثيَغةمبةري خواى (ﷺ) بة هاوسةرطرت كة ئةويش كضي ئةبووهورةيرة بوو، هةموو جار كة خةزووري دةبيني دةيوت داوام لة خواية لة بازارِي بةهةشتدا بمانطةيةنيَتةوة بةيةك.

سةعيد بالآي بةرز بوو، زؤر زوو سةر و ريشي سثي كرد، كةسيَكي دةولَةمةند نةبوو، زؤربةى كاتى سةرقالَي ثةرستش بوو، هةركات دةضووية دةرةوة هةر كةسي ببينياية سةلامى ليَدةكرد و تةوقةي لةطةلَ دةكرد، ثيَكةنيني زؤر نةبوو و بةثيَي ثيَويست ثيَدةكةنى، ضونكة كةسانيَك هةن هةر لةخؤوة ثيَدةكةنن و لة كات وشويَني نةشياويشدا خؤيان ثيَ راناطيريَ و هةر ثيَدةكةنن.

جاريَك هةنديَ كةس سةرقالَي ثةرستش بوون، كةسيَك بة سةعيدي وت بؤضي تؤيش ناضيت لةطةلَياندا ثةرستش بكةيت؟ ئةويش وتى من ثةرستشي لةوة طةورةتر دةزانم، ئةويش بيركردنةوةية لة دةسةلآتى خوا و خؤ ثاراستن لةوةى خوا حةرامى كردووةو بةجيَطةياندنى ئةو شتانةى خوا فةرمانى ثيَكردووة.

سةعيدي كورِي موسةيب سةرقالَي ئيشي زةيت بوو، ثارةو بةخششي لة خةلَك وةرنةدةطرت و خؤي رؤذانة دةضوو بؤ بازارِ لةويَ ئيشي دةكرد و بةشي بذيَوي خؤي و مالَ و منالَي ثارةى ثةيدا دةكرد.

## ثةندو وانة:

لةم بةسةرهاتةوة ئةوة فيَر دةبين وردبوونةوة لة دةسةلآتى خوا و زانيني طةورةيي خوا بةشيَكي طةورةية لة ثةرستش، واتة وةرطرتنى زانست ثةرستشيَكة لة هةنديَ ثةرستشي تر خيَري زياترة، هةروةها ئةوةش فيَر دةبين بةجيَطةياندنى فةرزةكان و خؤدوورطرتن لة حةرامةكان زؤر لةثيَشترة لة هةنديَ كار كة سوننةتن، بؤ نموونة نويَذي فةرز لة مزطةوتدا

طرنطترة تا نويَذي سوننةت، بۆية ئةطةر سةد نويَذي سوننةت بكةين هيَندةى نويَذيَكي فةرز خيَري نيية، ئةمة بةو واتاية نا وازبهيَنين لة سوننةت، بةلَكو دةبيَت يةكةمجار طرنطى بدةين بة فةرزةكان ئينجا سوننةتةكان.

سةعيد طرنطيةكي زۆري دةدا بة نويَذة فةرزةكان و ماوةي ثةنجا سالَ هةرضي نويَذي فةرزي هةبوو هةمووي لة مزطةوتدا دةكرد و لة ريزي يةكةميشدا نويَذةكةى دةكرد، واتة ثيَش بانط دةضوو بۆ مزطةوت بۆ ئةوةي فرياى ريزي يةكةم بكةويَت.

هةروةها سةعيد زۆر طرنطى دةدا بة حةجى مالَي خوا و تا ذيا ضل جار حةجى مالَي خواى كرد، ئةوةش فةزلَي خوا بوو كة دةرفةتى دا بةم زانا خواناسة تا بتوانيَت ئةوةندة جار لة حةجدا بةشداري بكات.

لة سالَي نةوةدو ضواري كۆضيدا سةعيد نةخۆش كةوت، جا وةسيةتى كرد و وتى ئةطةر مردم لةناو خةلَكدا جارِ مةدةن، هةركةس ئامادة بوو بۆ نويَذكردن لةسةر تةمةكةم ئةوةندة بةسة.

ئينجا يةكيَك لة كةسة خواناسةكان بة ناوى نافيع هات بۆ لاى، سةعيد لةتاو ئازار لةهۆش خۆي ضوو، نافيع وتى رووي بكةنة قيبلة، خيَرا سةعيد هاتةوة هۆش خۆي، ئينجا وتى كيَ ثيَي وتن وام ليَبكةن؟! نافيع وتى من بووم، ئةويش وتى ئةطةر ئيمان لة دلَمدا نةبواية ئةو رووكردنة كةعبةش سوودى نةدةبوو بۆم، بةلاَم ئةوة ئيمانى ناو دلَم بوو كة خوا ثيَي بةخشيوم، سوودي ثيَطةياندم.

دواجار سةعيدي كورِي موسةيب لة سالَي نةوةدو ضواري كۆضي لة مةدينة كۆضي دوايي كرد و لة طۆرِستانى بةقيع ئةسثةردة كرا، تةمةنيشي نزيكةي هةشتا سالَ بوو.

## ثرسيار:

تايبةتمةندى سةردةمى سةعيد ضي بوو؟

خةزووري سةعيد كيَ بو؟

بؤضي سةعيد نةضوو بؤ لاى ئةو كةسانةى ثةرستشيان دةكرد؟

سةعيد ضؤن بذيَوي خؤي دابين دةكرد؟

سةعيد لة كاتى وةفاتيدا وةسيةتى ضي كرد؟

## ئيمامى جةعفةرى صادق

ئةم ئيمامة خؤشةويستةى ئيَستا باسي دةكةين يةكيَكة لة زانا ئازيز و خواناسةكانى موسلَمانان، ضونكة جطة لةوةى زانايةكي ثايةبةرز و خواناس بووة، باثيرة طةورةي خؤشةويستترين كةسي سةر زةوية، ئةويش ثيَغةمبةري خواية(γ)، بؤية ثيَويستة زؤر زؤر خؤشمان بويَت.

ئةم زانانية ناوى جةعفةري كورِي موحةممةدة، بةلآم هةر بة جةعفةري صادق ناسراوة، واتة جةعفةري راستطؤ، موحةممةدى باوكي يةكيَك بوو لة زانا طةورةكانى سةردةمى خؤي و بة ئيمامى باقر ناسراوة، دايكيشي ناوى ئومموفةروة بوو، دايكيشي بة بنةرِةت دةضوويةوة سةر خؤشةويستيَكي طةورةي ثيَغةمبةري خوا (γ) كة ئةويش ئيمامى ئةبووبةكري صديق بوو، ئيتر ئةوة شانازيةكي طةورة بوو بؤ جةعفةر كة رةضةلَةكي لة هةردوو سةرةوة دةضوويةوة سةر ثيَغةمبةر (γ) و ئةبووبةكري صديق.

جةعفةر لة سالَي هةشتاى كؤضي و لة شارةكةى ثيَغةمبةردا (γ) واتة لة شاري مةدينة لةدايك بوو، هةر لةطةلَ لةدايكبوونيدا لة بنةمالَةيةكي ئايين ثةروةر و ضاكةخوازدا طةورة بوو، بنةمالَةيةك كة هةموويان زانا بوون، بؤية هةر كةس لةو بنةمالَةدا طةورة بواية دةبوو بة زانايةكي طةورة، هةر لة سةرةتاوة زانستي لة باوكي و باثيريشي وةرطرت، بةلآم زؤر لةطةلَ باوكيدا نةذيا، ضونكة لة تةمةنى ضواردة سالَيدا بوو كة باوكى كؤضي دوايي كرد.

جطة لةوة ئيمامى جةعفةر ذمارةيةك لة هاوةلآنى ثيَغةمبةري خواى (γ) بيني وةك ئةنةسي كورِي ماليك، هةروةها ضةندين فةرموودةى لة هاوةلآنةوة طيَرِايةوة كة لة ثيَغةمبةري خوايان (γ) بيستبوو، دواتريش ئةو فةرموودانةى طيَرِايةوة هةم بؤ كورِةكةى خؤي و هةم بؤ ذمارةيةكي زؤر لة زانايان و تا ئةمرِؤش ئةو فةرموودانة لةبةردةستي ئيَمةدان، يةكيَك لة خويَندكارة شارةزا و ليَهاتووةكانيشي ئيمامى ئةبووحةنيفة بوو كة لةم كتيَبةدا ذيانةكةيمان باس كردووة.

ئيمامى جةعفةر زؤربةي كاتى ذيانى سةرقالَ بوو بة ثةرستشي خوا و وةرطرتني زانست و وانة وتنةوة، هةرضي كاتى ذيانى هةية يان بةرِؤذوو

دەبوو یان سەرقاڵي نوێذکردن بوو، یان سەرقاڵي زیکر و ثەرستش بوو، یان سەرقاڵي وەرطرتن و بەخشیني زانست بوو.

ئیمامی جەعفەر هەرکات بیویستایە فەرموودەیەك لە ثێغەمبەري خواوە (γ) بطێڕێتەوە دەبوو دەستنوێذي هەبوایە، ئەطەر دەستنوێذي نەبوایە ئەوە دەضوو دەستنوێذي دەطرت ئینجا فەرموودەکەی دەطێڕِایەوە.

جارێك ئیمامی جەعفەر بڕِیاریدا سەردانی بەغداد بکات، سەرکردەي ئەو کاتی موسڵمانان بڕِیاریدا بڕِێك ثرسیاري قورسي بخاتە بەردەم تا بزانێت ضەندە زانستي ثێیە، بۆیە ئیمامی ئەبووحەنیفەی ڕاسثارد تا ضل ثرسیاري قورسي لێ بکات، ئەویش ثرسیارەکانی دانا، کاتێك ئیمامی جەعفەر هات و ئەو ثرسیارانەی لێکرا، بە جوانی وەڵامی هەموویانی دایەوەو هەموان سەرسام بوون بە وەڵامەکانی.

ئیمامی جەعفەر کەسێکي زۆر بەخشندە بوو، جاری وا هەبوو تەنانەت بەشە خواردنەکەی خۆیشي دەبەخشي بە هەذاران و خۆي بە برسێتي دەخەوت، زۆربەي کات لەثێناو بەختەوەري و خۆشحاڵي خەڵکدا هەرضي سەختی و نارِەحەتی هەبوو دەیخستە ئەستۆي خۆي بۆ ئەوەی خەڵکي لە خۆشیدا بذین.

ڕۆذێك ئیمامی جەعفەر مووسای کوڕِي بانط کرد و ئامۆذطاری کرد و ثێي فەرموو: کوڕِە شیرینەکەم:

هەرکەس بەو بەشە ڕازی بێت کە خودا ثێي بەخشیوە ئەوە ئیتر ثێویستي بە خەڵکي نابێت،

هەرکەسیش ضاوی لەوە بێت خەڵك هاوکاري بکات ئەوە تا دەمرێت تووشي هەذاري دەبێت،

هةركةسيش عةيب و كةموكورتي خةلَك ئاشكرا بكات، ئةوة عةيب و كةموكورتي خؤي ئاشكرا دةبيَت،

هةركةسيَ ضالَ بؤ براكةى هةلَكةنيَ، ئةوة خؤي دةكةويَتة ئةو ضالَةوة،

تا دةتوانيت قورئان بخويَنةرةوة و خةلَك هان بدة ضاكة بكةن و ريَطة مةدة خةلَكي خراثة بكةن،

هةر خزميَكت ويستي خزمايةتيت لةطةلَ نةهيلَيَ، تؤ هةولَ بدة لةبةر خوا سةردانى بكة،

كورِي شيرينم هةرطيز قسةي خةلَك بؤ يةك مةطيَرِةوة با رقيان لة يةكتر نةكةويَ،

سةردانى كةسانى ضاك بكةو لة هاورِيَيةتى كةسانى خراث خؤت دوور بطرة.

دواجار ئيمامى جةعفةر لة سالَي سةد و ضل و هةشتي كؤضي و لة تةمةنى شةست و هةشت سالَيدا لة شاري مةدينة كؤضي دوايي كرد، نويَذي لةسةر كرا، ئينجا برا بؤ طؤرِستانى بةقيع كة طؤرِي هاوةلآنى ثيَغةمبةر (γ) و فاتيمةى دايةطةورةي و هةروةها طؤرِي باوكيشي لةويَ بوو، لةثالَ طؤرِةكةى باوكيدا ئةسثةردة كرا.

## ثرسيار:

باثيرة طةورةي ئيمامى جةعفةر كيَية؟

ئيمامى جةعفةر رؤذانة سةرقالَي ضي دةبوو؟

سەردانەکەی ئیمامی جەعفەر بۆ بەغداد باس بکە.

ئایا دەتوانیت هەندێ لە وەسیەتەکانی ئیمامی جەعفەر باس بکەیت؟

ئیمامی جەعفەر چۆن فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگێڕایەوە؟

## ئەحمەدی چۆرانی

کوردستان بە درێژایی مێژووی ئیسلامی مەڵبەندێکی گەورەی کۆبوونەوەی زانایان بوو، چەندە زانای هەبوو هێندە زیاتریش زانای پێدەگەیاند، بۆیە ئەگەر بڕوانینە کتێبخانەکانی جیهانی ئیسلامی ناو و کتێبی هەزاران زانای ناوداری کوردمان دێنە بەردەست.

یەکێك لەو زانا گەورەو ناسراوانەش کەسێك بوو بە ناوی ئەحمەدی چۆرانی، ئەو کەسەی کە هۆکارێکی گەورەی ئازادکردنی شاری قوستەنتینیە و شکستی مەسیحیەکان بوو.

لە ساڵی هەشت سەد و سیانزەی کۆچی و لە ناوچەی شارەزووردا، منداڵێکی جوان و خۆشەویست لەدایك بوو، ئەم منداڵەشیان ناونا ئەحمەد، ئەویش لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەری خۆشەویستمان کە یەکێك لە ناوەکانی ئەحمەدە.

ئەحمەد سەرەتای ژیانی لە شارەزوور بردە سەر و لەوێ چەندە توانی لە خزمەت زانایان و مامۆستایانی ناوچەکەدا زانستی وەرگرت، خۆی

فێری قورئانی پیرۆز کرد و دواتر فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەبەر دەکرد و زانستەکانی تریشی وەرطرت.

دوای ئەوە ئەحمەد بڕیاری دا وەك زانایانی تر لەپێناو زانستدا وڵات و ناوضەي خۆي جێبهێڵێت، رقی لە ناوضەکەی خۆي نەبوو، بەڵکو لەپێناو وەرطرتنی زانستدا، ضونکە زانست هێندە پیرۆزە کە مرۆظی ئامادەیە هەموو جیهان بطەڕێت تا بەدەستي بهێنێت.

ئەمجارەیان ئەحمەد روویکردە شاري بەغداد، ئەو شارە طەورەي کە مەڵبەندی سەدان زاناي طەورە بوو، لەوێ هەموو قورئانی پیرۆزي لەبەرکرد و لە خزمەت زانایانی ئەوێدا زانستێکي زۆري وەرطرت.

پاش ئەوەش ئەحمەد بڕیاري دا رووبکاتە وڵاتی شام و سوود لە زانایانی ئەوێیش وەربطرێت، لەوێیش ضەندین شار طەڕا، ضوو بۆ شاري دیاربەکر و دواتریش ضوو بۆ دیمەشق، لەوێیشەوە روویکردە وڵاتی میصر.

ئەحمەدی طۆرانی کەسێکي زۆر هەژار بوو، ضونکە بڕیاري دابوو خۆي سەرقاڵ نەکات بە ئیشء کاري ترەوەو هەموو کاتی خۆي بدات بە وەرطرتنی زانست، داوای هیضیشي لە خەڵك نەدەکرد، بۆیە لەو طەشت و سەفەرانەی کە دەضوو تا زانست وەربطرێت، سەختی و هەژاري و برسێتي زۆري تووش دەبوو.

ئەحمەد دوای ئەوەی زانستێکي زۆري وەرطرت، ئینجا روویکردە وڵاتی تورکیا و لەوێ مایەوە، ئەوە دەرفەتێکي ضاك بوو تا سەرکردەی ئەوکاتی موسڵمانان سوود لە زانستي ئەو زانایە وەربطرێت، بۆیە سوڵتان مورادی دووەم رۆژێك مامۆستا ئەحمەدی بانط کرد و تکای لێکرد موحەممەدی

کوڕي بطریێتەخۆ و جوان ثەروەردەی بکات و زانستي فیَر بکات، ئیتر لەو کاتەوە مامۆستا ئەحمەد بوو بە مامۆستای موحەممەدی فاتیح.

مامۆستا ئەحمەد زۆر بە جوانی کەوتە ثەروەردەکردنی موحەممەد و سەرەتا قورئانی ثیرۆزی فیَرکرد، ئینجا زانستی تري ثیَ بەخشي، ترسي ئەوةشي نەبوو کە ئەوە کوڕي سوڵتانە، بەڵکو لەسەر هەر هەڵەیەك و تەمبەڵیەك سزای دەدا.

مامۆستا ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە ضاوی لەوە بوو موحەممەد وا ثەروەردە بکات ببێتە سەرکردەیەکي دڵسۆزي ئیسلام، بۆیە زۆر باسي جیهادی بۆ دەکرد، هەروەها باسي ئەو فەرموودەی بۆ دەکرد کە ثیَغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (بە دڵنیاییەوە قوستەنتینیة ئازاد دەکردیت، سەرکردەي ئەو سوثایة زۆر ضاکە و سوثاکەش زۆر ضاکە)، بۆیە دەیوت موحەممەد طیان دەبێت تۆ هەوڵ بدەیت ببیت بەو کەسە، هێندە طرنطی دا بە موحەممەد و ثەروەردەی کرد تا توانی موحەممەد بکات بە سەرکردەیەکی وا بتوانیَت سوثای دوذمن بشکیَنیَ و شاري قوستەنیتیة ئازاد بکات، ئیتر ئەو شارە بوو بە ثایتەختی موسڵمانان و لەو رۆذەوە تا ئیَستا ئەو شارە هي موسڵمانانە، ئەمڕۆش قوستەنیتیة ناسراوە بە ئیستانبوول و دەکەویَتە خاکی تورکیاوە.

مامۆستا ئەحمەد جطە لەوەی خویَندکار و قوتابیەکي زۆري هەبوو و زانستي ثیَ دەبەخشین، هاوکات سەرقاڵي نووسین دەبوو و ضەندین کتیَب و نووسیني ثیَشکەشي موسڵمانان کرد.

دواجار مامۆستا ئەحمەد لە ساڵي هەشت سەد و نەوەد و سیَي کۆضي و لە شاری قوستەنتینیەدا وەفاتی کرد و سوڵتانی موسڵمانان نویَذي لەسەر کرد و لەويَ تەرمەکەی ئەسثەردە کرا.

## ثرسيار:

مامؤستا ئةحمةد خةلَكي كويَ بوو؟

بؤضي ئةحمةد طةشتي كرد بؤ شار و ولآتانى تر؟

بؤضي مامؤستا ئةحمةد هةذار بوو؟

ثةيوةندى مامؤستا ئةحمةد و سولَتاني موسلَمانان ضي بوو؟

مامؤستا ئةحمةد ضؤن موحةممةدى ثيَطةياند؟

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| ئیمامی مالیك | 9 |
| ئیمامی شافیعی | 15 |
| عومەری کوڕی عەبدولعەزیز | 23 |
| ئیمامی ئەحمەد | 33 |
| ئیبن مەندە | 41 |
| صەلاحەدینی ئەیووبی | 47 |
| ئیمامی نەوەوی | 55 |
| یوسفی کوڕی تاشفین | 63 |

| | |
|---|---|
| ئیبن تە یمیە | 71 |
| ئیبن قەیم | 81 |
| موحەممەدی فاتیح | 87 |
| ئیمامی جوەینی | 95 |
| حەسەنی بەصری | 99 |
| ئیمامی سوفیان | 103 |
| سوڵتان قوتز | 107 |
| عەبدوڵای کوڕی موبارەك | 111 |
| عیززی کوڕی عەبدوسەلام | 115 |
| عەبدولقادری گەیلانی | 119 |
| ئەبووحەنیفە | 125 |

| | |
|---|---|
| ئەبووداوود | 131 |
| ئیبن حەجەر | 135 |
| ئیمامی زەهەبی | 139 |
| ئیمامی بوخاری | 143 |
| ئیمامی غەزالی | 149 |
| ئیمامی ئەشعەری | 155 |
| ئیبن صەلاحی شارەزووری | 159 |
| ئیبن کەسیر | 163 |
| سەعیدی کوڕی موسەییب | 167 |
| ئیمامی جەعفەری صادق | 171 |
| ئەحمەدی گۆرانی | 175 |